


# دەنگی شەقام

(کۆچیرۆک)

فەڕۆخ نێعمەتپوور

# دەنگی شەقام

**(کۆچیرۆک)**

**٢٠٢٢**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

# چیرۆکەکان:

- ئەو بەیانییە
- فێڵ
- کاک شوکور
- چرپە
- ئاوا
- ترسنۆک
- بنێشت
- چۆن شێر بوو بە پاشا
- شێرەقوڕینە
- شەڕ و ئاشتی
- ئاوێنە ـ سێبەر
- 'لارێ'ی لاری
- لە جیاتی دەستکێش
- خانووی قالۆنچە
- جیهانبینیی تایبەتی
- کەلاسی نۆروێژی
- ئەفسەری ترسنۆک
- دەنگی شەقام
- اوکراین مرد
- بر فراز هیمالایا

## ئەو بەیانییە

ئەو بەیانییە، سالەی پوورە ڕێحان بە دەنگەدەنگی دایکی لە خەو خەبەری بووەوە کە دەیگوت "هەتیوە هەستە، هەستە دنیا ئاو بردی و کەچی تۆ هەر لە ناو جێگاکەتا وەک سیپاڵ پاڵ کەوتووی و ئەتلێیتەوە،... هەستە هەستە!"
سالە کە پشتی لە دایکی بوو، بە سەر شانی چەپدا وەرگەڕا و، بۆڵاندی کە "ڕۆژێک نەبوو بە دڵی خۆم بخەوم و بۆڵەبۆڵی تۆ لێم تێک نەدا،... ئەم هەراهەرایەت لە چییە ئەڵێی پێیان بە کەلکتا ناوە،... چی بووە پیرێژن چی؟"
ـ هەستە نەگبەت هەستە،... ئاخری خدری مام ڕەسوڵیان ئیعدام کرد،... قوڕ بەسەر دایکە هەناسە ساردەکەی،... هەستە هەستە! ئەو زاڵم و خێرنەدیوانە تەنیا پەنایان لێ سەند."

**ساله بە یەک تەکان راست بووەوە و، گوتی "چی ی ی ی... خدریان ئیعدام کردووە؟"**

**پوورە ریحان جوابی نەدایەوە، لە تەنیشت سەماوەرەکەی دانیشت و هەر وا بە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشا. ساڵە دەستبەجێ هەستا سەرپێ، جل و بەرگەکەی لەبەر کرد، ئاوێکی بە دەست و دەمووچاویدا کرد و دەرپەڕییە دەرەوە. دایکی لە پەنجەرەکەوە هاواری لێکرد "ئەڵێن تەرمەکایان هێناوەتەوە بۆ مزگەوت."**

**ساله لای نەکردەوە و دەستی بە گیرفانیدا کرد و پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و سیگارێکی داگیرساند. سەعاتی دەی بەیانی بوو و ناو کۆڵان چۆڵ بوو. هەتاو ئەگەرچی نەگەیشتبووە تەوقی ئاسمان، بەڵام پێستی دەگەست. لە بڵیندگۆکەی مزگەوتەوە هیچ دەنگێک نەدەهاتە گوێ. نە دەنگی قورئان و نە بانگهێشتی مەلا بۆ خەڵکی لە بابەت بەدەم هاتنی مردوویەکەوە و ناشتنی تەرمەکەی. هەموو شتێک تا ئەو پەڕی خۆی بێدەنگ بوو. وەک بڵێی هیچ باسێک نیە. ساله لەبەر خۆیەوە گوتی "رەنگە دایکم هەڵە بێت!"**

**تا مزگەوت چوار کۆڵانی درێژ لە بەیندا بوو. لە کۆڵانی دووهەم ئالاسکەفرۆشێک بە گارییەکەیەوە لە سێبەرێکدا راوەستابوو و بە شتێکەوە خەریک بوو.**

**ساله، خدری مام رەسوڵی چاک دەناسی. لە منداڵییەوە هاوڕێ بوون. ئەگەرچی ئەو دوو کۆڵان لە پشتەوەی گەڕەکەکەی ئەماندا دەژیا، بەڵام لە بیری دێ هەمیشە پێکەوە بوون. هەرچەند ئەم هەر لەو سەردەمەوە لاسار و گرژ و سەربزێو بوو و، خدریش ئارام و بێدەنگ و فەقیر. لە**

بیری دێ هەمیشە ئەم بوو کە لەسەری هەڵدەدا. خدر قەت نەیتوانی دەست لە کەس هەڵبێنێتەوە. سالە بە پشتەدەستی فرمێسکی قەتیس ماوی چاوەکانی سڕییەوە و، بە خۆی گوت "ئاخ خ خ... حەیف بۆ ئەو کوڕچاکە... ئاخ... ئاخ!"

سەردەمی منداڵی زوو تێپەڕی و سالە بە لایەک و خدریش بە لایەکی تردا. سالە بوو بەو زەلامەی خەڵکی شار سڵیان لێدەکرد و خدریش سوێندیان بە سەر دەخوارد. هەرچەند سەلام و چاک و چۆنیان هەر مابوو و، کاتێک بە تووش یەکترەوە دەبوون دیسان زۆر بە ئاسانی دەچوونەوە دۆخی ساڵان، بەڵام ژیان هەر کامەیانی بە لایەکدا خستبوو. ڕاستییەکەی ئەوە بوو شتێک لە خدردا بوو کە قەت لای سالەی پوورە ڕێحان کۆن نەدەبوو... شتێکی سەرنجڕاکێش کە لە هیچ کەسی تردا بەدەی نەدەکرد. ئاخر جار کە بینیبووی ساڵێک لەوە پێش بوو. پێش گرتنەکەی. خدریان لەسەر سیاسەت گرتبوو. دەیانگوت لە گروپێکدا ئەندام بووە کە بە تەمای کووشتنی سەرۆکی شارەبانی بوونە. دووانیان لێ گیرابوو و سێهەم دانەیش هەڵاتبوو. بۆ ئەو دیو سنوور. ئەوەیشی وا لە گەڵی گیرابوو هەموو شتێکی درکاندبوو.

سالە ئەوەتەی لەبیری دێ لەم شارە خۆشی لە کەس نەهاتبوو. لای ئەو خەڵکی کۆمەڵێک دڕندە بوون کە تەنیا لە بیری خۆیاندا بوون و گەر دەستیان بڕۆشتایە یەکتریشیان دەخوارد و ئاداریان بە سەر پاداری یەکەوە نەدەهێشتەوە. سالە لای سەیر بوو کە کوڕێکی چاکی وەک خدر ئەمەی نەدەزانی و، زۆر نەزانانە لەسەریان هەڵیدەدا. بە خۆی گوت "چاکی جۆرێکە لە ساویلکەیی."

کە گەیشتە مزگەوت، بینی لەبەر دەرگاکەیدا کەسی لێ نیە. ئەوەندەی تر دوودڵ بوو کە داخۆ بڵێی هەواڵەکەی دایکی راست بێ. بە سەر دوو پلیکانەکەدا سەرکەوت و خۆی بە حەوشەی مزگەوتدا کرد. دەیزانی مردووشۆرخانەکە لە کوێیە. رێک لە تەنیشتی ئاودەستەکاندا بوو. هێشتا نەگەیشتبوو کە لە دوورەوە مجێورەکەی بینی. وەک بڵێی سەرقاڵی شتێک بێت. کە گەییشت، لەبەر دەرگای نیوەکراوەی مردووشۆرخانەکەدا دووانی تری بینی کە بە چرپە لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد. هێشتا نەگەیشتبووە ئەوان کە گوێی لێ بوو لە دوورەوە دەنگی گریان و قیژە هات. سالەی پوورە رێحان دەنگەکەی ناسییەوە. دایکی خدر بوو. هەنگاوی وشک بوو و دڵی بەرایی نەدا بچێتە ژوورەوە. دوو کەسەکە بە سەرسوڕمانەوە، بە بێ ئەوەی لێی پرسن، لێیان روانی.

سالە زۆر شتی لەو رۆژە لە بیرنەماوە. هەر ئەوەندەی دێتەوە بیر کە جگە لە مجێور و دوو کەسەکە و خۆی و دایکی خدر و خاڵی، کەسی تر نەهاتن بۆ مزگەوت. لە دوو کەسەکەش یەکیان مردووشۆرەکە بوو. دایکی خۆی بە سەر مەیتە خوێناوییەکدا دابوو و دەمی نابووە خوێنە سوورەکەی کووڕەکەی. بوورابووەوە. بردبوویان و لە ژووری مجێورەکە لە دووای ئەوەی سەروچاویان بۆ شۆردبوو، پاڵیان خستبوو. دایکی وەک شەقشەقە دەلەرزی. دیانەکانی یەکیان نەدەگرتەوە. یەکێک لە سێبەرەکان چرپاندی کە گوتوویانە کۆبوونەوەی خەڵک قەدەغەیە و، دەبێ بە بێدەنگی بنێژرێ.

هەر وایشی لێهات. جگە لە مەلا، دایکی، خاڵی، گۆڕهەڵکەنەکە و سالەی پوورە رێحان کەسی تر لە قەبران نەبوو. ئەو دوو سەگە

بەڕەڵایەیش وا دووراودوور بە دەوریاندا دەهاتن. هەر بەو ماشینەیش وا خاڵی هێنابووی، گەڕابوونەوە. نە دەنگی قورئانێک و نە سەرەخۆشییەک و نە هیچ. هەموو شتێک زۆر خێرا تەواوببوو.

بۆ ئێوارە سالە نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. رووی کردە حەسەن ئارەقی و بە زۆر بوتڵێکی پێ پەیدا کرد و خنیە گیرفانی و رووی کردە تەپۆڵکەیەکی قەراغ شار. بە بێ مەزە و تەنیا بە جگەرەوە هەر هەمووی هەڵقوڕاند. لەوێوە گۆڕستانەکەی جوان لێوە دیار بوو. لە کاتێکدا با فرمێسکە کتوپڕی و یەک لە دووا یەکەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، چەند جار چەقۆ زامندارەکەی دەرهێنا و چەند خەتی خستە ناو قۆلەکانی. هەر لەوێێشەوە چەند جار نەڕاندی کە "لە قوزیایەکی ئەو خەڵکە بەم،... هەی گەوادینە!"

کە لە تەپۆڵکەکە خلۆر بووەوە دونیا تەواو تاریک ببوو. گڵۆپەکانی شار دەدرەوشانەوە. ژیان زۆر بێڕەحمانە بەردەوام بوو. لە کۆڵانەکەی تەنیشت ماڵەوە بوو کە پەشیمان بووەوە و بەرەو گەڕەکەکەی باشووری شار بایدایەوە. ئەو خانووەی وا جاروبارە رووی تێدەکرد و خەجێی مام وسوو تیایا دەژیا. خەجێ شەرمی لە کەس نەبوو و بە کەیفی خۆی بۆ پارە گانی دەدا.

کە لە دەرگای دا، خەجێ دەستبەجێ کردیەوە. لە نێوان سالە و خەجێ تەنیا باسی پوڵ و گان نەبوو. لە ناو ئەواندا حاڵ و هەوایەکی تریش هەبوو کە کەمێک خۆی لە ئەشق نزیک دەکردەوە،... ئەگەرچی ئەشق نەبوو. شتێک وەک وابەستەیی. وەک حەوانەوەیەکی بێ ئاگایانە و پەنابردنێکی خۆبەخۆ بۆ یەکتر. راستییەکەی ئەوە بوو سالە قەت لە

خەجێی وەک قەحبە نەدەڕوانی، ئەگەرچی دەیزانی قەحبەیە. رەنگە خەجێیش قەت لە سالەی وەک لات و شەقاوە نەدەڕوانی.
سالە بە بینینی خەجێ خۆی بە سەر شان و ملیدا دا و، دەستی کرد بە گریان. خەجێ کە چاوەڕوانی وەها شتێک نەبوو، لە ژێر شان و باهۆی پیاوانە و بەرزی سالەدا عەبەسا. بەڵام هیچی لێ نەپرسی. یەکەم جار نەبوو پیاوە شێت و سەرگەردانەکان بە گریانەوە روویان تێدەکرد. بەڵام هەستی ژنانەی پێی گوت کە ئەمجارەیان فەرقی هەیە. کە دانیشتن، دیسان هیچی نەپرسی. لێ گەڕا سالەی پوورە رێحان بە ئیشتیای خۆی بگری. کە گریان تەواو بوو، سالە لە پشت چاوە لێڵەکانییەوە لێی رووانی. خەجێ میهرەبانانە بزەیەکی دا. سالە جگەرەیەکی دەرهێنا و دایگیرساند. دووکەڵەکە لە ناو سەقفە گڵینەکەدا پێچ و قەفی خوارد و، ون بوو.
ئەو شەوە سالەی پوورە رێحان وەک منداڵێکی ساڵانی زوو، رێک وەک ئەو کاتانەی لە گەڵ خدری مام رەسوڵ هاورێ بوون، لە ئامێزی خەجێ دا نووست.

## فێڵ

گوڵزار هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چل، مێردەکەی، کە وەستای خانوو بوو، لە داربەستێک کەوتەخوارەوە و مرد. داربەستەکە زۆر بەرزنەبوو، بەڵام بەنناى بێچارە بەختی نەبوو و، بە لایەکی خراپدا کەوتبووە خوارەوە و بۆیە دەستبەجێ گیانی سپاردبوو.
گوڵزار زۆر جوان و خان و مان بوو. لە تەمەنی پانزە ساڵیدا شووی کردبوو و لە هەفدە ساڵیدا یەکەم منداڵی بە دونیا بەخشیبوو. بۆیە ئیستا کوڕە گەورەکەی بیست و دوو ساڵی تەمەنە و کوڕ و کچەکەی تریشی بە نۆرە بیست و هەژدە. کوڕە گەورەکەی ژنی هێناوە و، کورەکەی تری دەرس دەخوێنێ و کچەکەیشی وەک خۆی لە تەمەنی پانزدە ساڵیدا شووی کردووە و ئیستا خاوەنی منداڵێکە.

لە مێژە کوڕە گەورەکەی، لەبەر ئەوەی ژنەکەی لە گەڵ گەڵزار نەدەسازان، گواستوویەتەوە و لە گەڕەکێک ئەولاتر دەژین. کچەکەیشی خاوەن مێرد و منداڵی خۆیەتی و لە گەڕەکێکی یەکجار دوورتر لەم دەژی. دەمێنێتەوە کوڕەکەی تری کە ئەویش لە شاران دەخوێنێ و، تەنیا هاوینان و نەورۆز دێتەوە.

بۆیە گوڵزار یەکجار تەنیایە. رۆژ تا ئێوارە بەماڵەکەیەوە مەشغوڵە. خاوێنی دەکاتەوە، شتەکان سەد جار دەستماڵ دەکێشێ، حەوشە دەشواتەوە، گوڵەکان ئاودەدا، سەیری تەلەفزیۆن دەکا، گوێ لە رادیۆ دەگرێ، دەچێ سەردانی دراوسێکانی دەکا، ئەوانیش دێن بۆ لای،... بەڵام،... بەڵام کات هێشتا یەکجار بە دەستەوە دەمێنێتەوە و لە کۆتاییدا جگە لە سەیرکردنی دەرودیوار هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. بە خۆی دەڵێ "لە خۆوە نیە ئەڵێن تەنیایی بۆ خوا باشە!" نەگبەتیی گوڵزار لەوەدایە کە کەس و کارەکەی خەڵکی شارێکی ترن و، ئەم زۆر دەستی پێیان راناگا.

گوڵزار لە پەنجەرەکەوە پیاوانی بینیوە کە لە کۆڵانەوە تێدەپەڕن. لە دووای مردنی مێردەکەی زۆر بیری لێ نەکردبوونەوە، بەڵام بە تێپەڕینی کات و دوورکەوتنەوەی رابردوو، بەرەبەرە خەیاڵی دەچووە سەر پیاوان. لەبەر خۆیەوە لەم کاتانەدا لێوی خۆی دەگەست و لەحنەتی شەیتانی دەکرد و هەوڵیدەدا بە خۆخەریک کردن بە شتێکەوە لە بیر خۆی بباتەوە. بەڵام خەیاڵەکە هەر دەگەڕایەوە. جاری وابوو بیری پیاوەکەی دەکەوتەوە و، چاوەکانی پڕدەبوون لە فرمێسک. بەڕاستی چەندە بەدبەخت بوو و، چەندە خێرا مێردەکەی کە تەمەنی لە چل و

پێنج لاینەدابوو دونیای فانی جێهێشتبوو و ئەمی بە دونیایەک غەم و پەژارەوە جێ هێشتبوو.
هەڵبەت هاوکات گوڵزار ئەمەیشی دەزانی ئیستاکە ناوی بێوەژنی لە سەرە و، لەگەڵ ئەوەی تەڵاق نەدرابوو بەڵام خۆبەخۆ ئەو قەدر و حورمەتەی جارانی لە ناو خەڵکیدا نەمابوو. بگرە ژنانی گەڕەکیش کە زۆر بەینی لەگەڵیان خۆش بوو، لێی دەتەکانەوە و وەک جاران بە دەمییەوە نەدەچوون. وەک بڵێی لە مێردەکانیان دەترسان. نەک ژنیان بە سەردا بێنن و گوڵزاری دەستەخوشک و رازاوە کتوپڕ ببێ بە هەوێ و شەریکە بەشیان. گوڵزار ئەوەندەی تر فرمێسکی بەکوڵ دەڕێژێ و، جاری وایشە بەپەلە بە پشتە دەستی دەیانسڕێتەوە و خێراخێرا دەڵێ "خوایە گیان گووم خوارد،... گوو!"
کە تەمەنی لە چل لایدا رۆژێک ژنێکی دراوسێیان کە لەمێژبوو نەیبینیبوو، لە دەرگایماڵیدا و خۆی کرد بە ژوورەوەدا. ژنە لە پاش چاک و چۆنی و زمان لووسییەکی زۆر، کە بە لای گوڵزارەوە عەجایەب دەینواند، سەرئەنجام هاتە سەر مەبەستەکەی و گوتی کە راسپاردەی 'مامۆستا رازی'یە و هاتووە خوازبێنی لێ بکا. ئەوسا بە تێر و تەسەلی باسی مامۆستای بۆ کرد کە مەعلیمی قوتابخانە بووە و، ئیستا خانەنشینە و خاوەن ماڵ و موڵکی خۆیەتی و وەزعی شوکور زۆر باشە و شتی تری لەم بابەتە. هەروەها باسی ئەوەیشی کرد کە مامۆستا چەند ساڵێکە ژنەکەی مردووە و کەسی وەهای دەستنەکەوتووە و ئیستا گەر خوا یاربێ و بیکا بە نەسیب دەیەوێ گوڵزار ببێ بە هاوسەری.

گوڵزار ماموٚستا رازی دەناسی، زیاتر لە شەست ساڵی عومر بوو و ئاسمیشی هەبوو. راستییەکەی ئەوە بوو ئەم خوازبێنیە کتوپڕییە پەشوٚکاندی و تێگەیی کە وەهایش نیە و پیاوان چاویان لێیەتی. لەگەڵ ئەوەی لە دڵەوە خوٚشحاڵ بوو، بەڵام کاتێک بیری لە منداڵەکانی و لە عەیبەی خوٚی کردەوە، دەستبەجێ وەڵامی دایەوە کە:

ـ "خوشکێ گیان ئەیەڕوٚ ئەم قسانە چییە، شووی چی و شتی چی! من تازە منداڵی گەورەم هەیە، عومرێکم بە سەرا تێپەڕیوە و جگە لەوە هێشتا غەمی ئەو خێرنەبینیو و رەحمەتییە لە دڵما سەوزە،... جا چوٚن شتی وا ئەبێ!"

ژنە دراوسێکەیان هەر چی کرد کە گوڵزار رازی بکا، بێسوود بوو. ئەوەیکە هێشتا گەنج و جوانە و تەمەنێکی باشی بە بەرەوە ماوەو تەنیایی باش نیە و شووکردنەوە حەڵاڵە و حەرام نیە و... بەڵام ئەخت و چاری نەکرد و دەسخەڕوٚ لە ماڵەکە چووە دەرەوە. وەک ئاخرین قسەیش گوتی کە ئەمە وەک دوواوەڵام وەرناگرێ و، دوواتر دێتەوە. هەڵبەت قەتیش نەهاتەوە!

وەک بڵێی بەم خوازبێنیە کونی رەحمەت کرابێتەوە، ئیتر ناوەناوە خوازبێنیکەر روویان دەکردە ماڵەکەی. کەس نازانێ کوڕە گەورەکەی چوٚن ئەم هەواڵەی بیست. روٚژێک بەپەلە هات بوٚ لای دایکی و، لە پاش هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زوٚر گوتی گەر شووبکاتەوە یان سەری دەبڕێ، یان قەت ئەم لە ماڵی خوٚیدا نابینێتەوە.

گوڵزاری دڵتەنگ، ئەمجارە کاتێک خوازبێنیکەر دەهاتن، زوٚر بە توندی جوابی دەدانەوە و بوٚیە ماوەیەکی چاک دونیا بێدەنگ بوو.

لەم کەین و بەینەدا بوو کوڕەکەی تری هاتەوە و کاتێک ئەویش بە شتەکەی زانی، لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، رووی کردە دایکی و پێی گوت کە مافی خۆیەتی و لە راستیدا دەبێ شووبکاتەوە. گوتی:

- "خەسرەو حەقی بە سەر ئەمەوە نیە، مەگەر بۆ خۆی گەر ژنەکەی بمرێ ژنی تر ناهێنێتەوە!؟... ها! نەک ئەیهێنێتەوە بگرە یەک هەفتەیش راناوەستێ. بۆ ئەو پیاوەی من ئەیناسم ئەهێڵێ کفنی ژنەکەی زەرد بێ! قسەی قۆڕ ئەکا، دایکە گیان هەر پیاوێکت هاتە خوازبێنی و بە دڵت بوو، دیارە پرسیکیش بە ئێمە بکە، شووی پێ بکە و تەواو. پێت وانەبێ منیش زۆر بە لاتەوە دائەنیشم و بۆ هەمیشە ئەمێنمەوە! خەسرەو ئەبێ تێبگا دونیا گۆڕاوە و، وەک جاران نەماوە. ئاگات لێ نیە ژنان ئیستا لە سەر تەلەفزیۆن گۆرانی ئەڵێن و ئەوانیش وەک پیاو لە دەرەوەن و کارئەکەن؟"

گوڵزار لەم هەڵوێستەی کوڕەکەی عەبەسا. هەرچەند لە دڵەوە دەیزانی کە لە زەمانی نەگۆڕدراوی جارانیش دا بێوەژن هەر شوویان کردووە و هیچ عەیبیش نەبووە. کەس نازانێ بۆ دونیا کتوپڕ وای لێهاتبوو.

یەک هەفتە دووای ئەمە لە نێوان خەسرەو و کوڕە خوێندەوارەکەی شەڕ و مقۆمقۆیەکی گەورە سازبوو، بەڵام خەسرەو لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن گەورەتر بوو، لە ئاست قەڵافەتی زلتر و کەسایەتی بەهێزتری براکەیدا کشایەوە و لە کوڵ و کفی جارانی کەوت. وەک بۆ خۆی گوتبووی بۆ هەمیشە تەرکە ماڵی دایکی کرد. بە خۆشییەوە دەستی چەقۆی نەگرتبوو.

بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو کە گوڵزار دیسان لە دەروونەوە بەوە رازی نەبوو شووبکاتەوە. بۆیە وەک هەمیشە لە خانووە قەدیمییەکە بە ژیانی ئاسایی خۆیەوە خەریک بوو. بەرەبەرە چەند تاڵێکی سپیشی بە تەوقەسەرییەوە بینیبوو و ئیتر ئەمە تەواو دایچڵەکاندبوو. تەمەن چ بازبازێنێکیەتی!

کتوپڕ دونیا گۆڕا و بوو بە شۆڕش. خەڵکی هاتنە سەر شەقام و، جیهان وەها شڵەقا کە بیری هەموو کەس تەنیا لە لای حکومەت و خۆپیشاندان و کوشتن و گرتن و شتی لەم بابەتە بوو. گوڵزار لە پشت پەنجەرەکەوە گوێی لە دروشمدانی بە هێزی خەڵکی بوو  کە پڕ بە دەم لە دژی شا هاواریان دەکرد و، خوازیاری رووخانی بوون. کوڕە خوێندەوارەکەی گوڵزاریش یەکجار بەم بەزمەوە سەرقاڵ بوو و بگرە یەکێک لە ڕیبەرانی رێکخستنی تەزاهوراتەکان بوو. شۆڕش ببووە هۆی ئەوەی ژنانیش کۆمەڵ کۆمەڵ بچنە ریزی خۆپیشاندانەکانەوە. زۆر جار گوڵزار دەنگی تێکڕا و تیژی ژنانی دەبیست کە چەن بڕیادەرانە و ئازایانە لە دژی دەوڵەت شوعاریان دەدا.

هیشتا شا نەڕووخابوو کە دیسان کابرایەکی تر هاتە خوازبێنی گوڵزار. ئەمەیان لە چاو ئەوانی تر یەکجار جەوانتر بوو. لەوە دەچوو هاوتەمەنی خۆی بێت. شتێک لە دەورووبەری چل و دوو چل و سێ ساڵدا. پیاوێکی ماقوڵ و خۆشناو و ئەمیش وەک مامۆستا رازی مەعلیمی قوتابخانەی ناوەندی بوو. گوڵزار لێکی دایەوە کە ئیستاکە بە هۆی دۆخی پەرۆشی دونیاوە باشترین هەل بوو بۆ شووکردن. ئیتر نە خەڵک سەریان دەپرژا باسی بکەن و نە تەنانەت کوڕەگەورەکەیشی ئەو

**کاردانەوە شێتانەی جارانی دەبوو. جگە لەوە گوڵزار زۆر جار لەم لاولا باسی مافی خوراوی ژنانی بیستبوو و ئەمە کەمێک بوێرتری کردبوو. لە پاش پرس و جۆ بە کوڕە خوێندەوارەکەی و هەروەها کچەکەیشی، کە هەمیشە لەم بوارەدا بێدەنگ بوو، سەرئەنجام شووی پێکرد. مەراسمێکی زۆر بێدەنگ و خۆمانەیان گرت و، ئیتر کۆتایی بە سەردەمی تەنیای گوڵزاردا هات.**

**ژیانی نوێ بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی گوڵزار، هەر زۆر باش بوو. مێردە نوێیەکەی پیاوێکی پیاوانە و ڕێزدار بوو. زۆر حورمەتی گوڵزاری دەگرت و، بگرە بۆ یەک جاریش بێت دەنگی لێ بەرزنەدەکردەوە. 'مامۆستا وەزیری' ئەهلی خۆپیشاندان و سیاسەت نەبوو و، لە کاتێکدا خەڵکی لە دەرەوە قوڕگی خۆیان دەدڕی ئەم لە تەنیشت پەنجەرەکە دادەنیشت و جگەرەی دەکێشا و تەنیا بیری دەکردەوە. هەڵبەت عادەتێکی تریشی هەبوو. کتێبخانەیەکی گەورەی لەماڵەوە هەبوو و، زۆربەی کات خەریکی خوێندنەوە بوو. بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زۆربەی ڕۆژەکان قوتابخانەکان دادەخران و، مامۆستاکان وەک جاران نەدەچوونەوە سەر ئیش و کاریان.**

**سەرئەنجام وەک پێش بینی دەکرا شا ڕووخا و، حکومەتێکی نوێ هاتە سەر کار. دونیا وەها شڵەژابوو کە کەس هەر گوڵزاریشیان لەبیر نەمابوو. جاری وابوو بە خۆی دەگوت "عەجەب بەختێکم هەبووا!"**

**بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکی، ئەگەرچی شا ڕووخابوو و دونیا بە لایەکی تردا وەرگەڕابوو، کەچی هەر ڕۆژەی شتێک ڕوویدەدا. جۆرەها حیزب و سازمان گروپ سەریان هەڵدابوو و هەر کامەیان داوای**

شتێکیان دەکرد، حکومەتی نوێ لەوەی کە دەسەڵاتی بە سەر هەموو وڵاتدا نەبوو تووڕە بوو و هێزی چەکداری دەنارده سەریان. بە کورتی لە زۆربەی شوێنەکان ئەوەی هەبوو پشێوی بوو و بۆیە ڕۆژ نەبوو خەڵکی زیاتر نەکوژرێن و شەڕ و پێکدادان روونەدا. لە یەکێک لەم شەڕانەدا بوو کە کوڕە خوێندەوارەکەی گوڵزار بە فیشەکێک کە لە سەری درابوو، کوژراو و ڕێک لە تەنیشت گۆڕەکەی باوکیا ناشتیان. گوڵزار تا چەند مانگ دوواتریش هەر چاوی بە فرمێسک بوو و، وەها خەمێکی قورس لە سەر دڵی بوو کە لەوانە بوو لە ژێریا بخنکێ. بەڕاستی گەر مامۆستا وەزیری نەبووایە، ڕەنگە بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان بکردایە. بەم شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر میهر و موحیبەتی مێردە نازدارەکەی دەچووە دڵییەوە و، لە بەر خۆیەوە زیاتر شوکری خوای دەکرد.

ساڵێکی دیکەش تێپەڕی. وڵات کەمێک ئارامتر ببووەوە، بەڵام خراپتر لە هەر شتێکی تر ئەوە بوو کە عێراق هێرشی هێنابوو و شەڕێکی گەورە بە تووش نیشتمانەوە ببوو. وا دەهاتە بەرچاو کە بە گشتی هیچ داهاتوویەکی ئارام بەم زووانە پیش بینی نەدەکرا و، وەک بڵێی کونی بەڵا وەها ڕەها ببوو کە هیچ عیبادەلبەشەرێک نەیدەتوانی بیگرێتەوە. گوڵزار کاتێک لای دەکردەوە و سەیری رابردووی لە کاتی شۆڕشەوە دەکردەوە، جگە لە رووخانی شا کە خەڵکی خۆشحاڵ کردبوو و شووکردنی خۆی کە خۆی و مامۆستا وەزیری و کوڕە خوێندەوارەکەی خەنی کردبوو، هیچ رووداوێکی خۆشی تری نەدەبینییەوە. وەک بڵێی زەمەن لەو کاتەوە وەستابێ و خوا دونیای فەرامۆش کردبێ. بەڵام بە

خۆشییەوە مامۆستای هەر لە تەنیشتدا بوو و ئەمە گەورەترین خەلاتێک بوو وا پێی بەخشرابوو.

دیسان ساڵێکی تر تێپەڕی. لەو ماوەیەدا گوڵزار بوو بە خاوەن کچێکی تر و ناوی لێنا "دیاری". دیارە مێردەکەی ئەم ناوەی هەڵبژارد. دیاری کەوتە گڕوگاڵ و بە بوونی خۆی ئەوەندەی تر هەستی خۆشبەختیی لە گوڵزاردا بزواند. لەو ماوەیەدا مامۆستا دەستێکی بە ماڵەکدا هێنا. حەوشەی پشتەوەی چیمەنتۆ کرد و، فەرشێکی تازەیشی کڕی.

***

بەڵام مامۆستا وەزیری ماوەیەکە گۆڕاوە. وەک جاران نەماوە. تورە دیارە، هەڵبەت نە لە بەرامبەر ژنەکەیدا یاخود دیاریی کچیدا. نا، بە گشتی کاتێک لە دەورووبەری دەڕوانێ، گنجەکانی تەوێڵی لە هەر کاتێکی تر زیاترن. رەنگە باشترە بڵێین بە هۆی بیرکردنەوەی زۆرەوە. کەمتریش دەدوێ و، زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەخوێنێتەوە. لە جیاتی یەک رۆژنامە، ئابوونەی دووانە. جگە لەوە ئیستا چەند پیاوێک هاتووچووی دەکەن کە گوڵزار لەوە پێش قەت نەیدیبوون. دێن و، دەچنە ژوورەکەی تر و تا درەنگان قسەدەکەن. گوڵزار جاری وایە بە ترس و دڵەڕاوکەوە، لەبەر ئەوەی نەکا پێی بزانن، دەچێ و لە پشت درگاکەوە گوێیان لێدەگرێ. لە قسەکانیان ناگا. بەڵام هەندێ وشە دەناسێتەوە: حکومەت و ماف و ئازادی. یاخود "وا نابێ.... وانابێ!" جاری وایە ژوورەکەیش وەها پڕ دەبێ لە دووکەڵی جگەرە کە گوڵزار ناچارە لە دووای رۆیشتنیان تای پەنجەرەکان بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەوای ئازاد بێتە ژوورەوە. گوڵزار دەبینێ مێردەکەی لە ناویاندا خاوەن

پێگەیەکەی تایبەتە. لەبەر خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەی نیگەرانە، بەڵام ئەوەندەی تر شانازی بە مامۆستا وەزیرییەوە دەکا.

لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک کەمێک باشتر دێتە بەر چاوی، بەڵام دڵەڕاوکێکانی گوڵزار وەک گیاجاری بەهار هەڵدەکشێن و هەتا دێت زیا و زیاتر دەکەن. لە ژێر چاوەوە سەیری مامۆستا وەزیری دەکا، بەڵام قەت هیچی لێ ناپرسێ. دەزانێ ئەم کۆبوونەوانە نائاساییین. جگە لەوە هەندێ رۆژنامەی تر بە دەست مێردەکەیەوە دەبینێ کە لەوانی تر بچووکترن و مامۆستا وەزیری زۆر لە بەر دەستدا دایاننانێ. هەمیشە لە گەڵ خۆیەتی. بە خۆی دەڵێ "خوا بە رەحمی دەگێڕێ، ئا... حەتمەن!"

لە سەروبەندی پێگرتنی کچەکەیدایە کە وڵات دیسان ئەوەندەی تر ئاڵۆزدەبێ. لە یەکێک لە نیوەشەوەکانی ژیاندا دەستەیەک چەکدار خۆ بە ژوورەوەدا دەکەن. بەر کۆڵان، سەر بانی و تەنانەت حەوشە چیمەنتۆکراوەکەی پشتەوەیش پڕدەبن لە پیاوە تورە و تەوسنەکان. گوڵزار کە بە ژیانی (تەنانەت لە کاتی مەرگی مێردەکەیشیدا) نەیقیژاندووە، دەقیژێنێ، منداڵەکەی دەگری و مامۆستا وەزیری کە نازانێ چۆن چۆنی سەروبنی رووداوەکە وەها یەک بخاتەوە کە ژنە و منداڵی ئەهوەن ببنەوە، هەر ئەوەندەی لە دەم دێتە دەر کە تکایە... تکایە لە دەرەوە راوەستن بۆ خۆم دێم! داوایەکی بێسوود. هەر لەوێدا بە پەلە جل و بەرگەکەی پێ لەبەردەکەن و، دەیبەن.

ساڵەکان دیسان تێدەپەڕن و مامۆستا وەزیری نایەتەوە. گوڵزار جاری وایە دەچێ بۆ سەردانی. خەسرەو کە سوێندی لە دایکی خواردبوو یان بیکوژێ یا سەردانی نەکا، لەگەڵی سوار ماشین دەبێ و دەیبا بۆ ئەو

**شارە گەورەی وا زڕباوکەکەی تیایا زیندانیە. گەر سۆنیای زڕخوشکیشی گەورەبێت، رەنگە بتوانێ یارمەتی دایکی بدا و چیتر ئەو پێویست نەکا بە شوێن دایکییەوە بێت.**

**گوڵزار جاری وایە بیر لە رابردوو دەکاتەوە. نا هیچ شتێک سەبارەت بە شێوازی شووکردنەکەی بە هەڵە نایەتە بەرچاو. هەرچەند بیستوویەتی کە خەڵکی دەڵێن "ئەمەیش عاقیبەتی فێڵکردنە لە شۆرش!"**

## کاک شوکور

کاک شوکور تەمەنی لە پەنجا لایداوە و، بە تەواوی سەرو ریشی سپی کردووە. تا ئێرە هیچ کێشیەکی ئەوتۆی نیە، ئەگەرچی سنووری پەنجای زۆر بەلاوە خۆش نیە. گەنجیەتی سەرەڕای هەموو وتەکانی کاک شوکور سەبارەت بە کورتیی تەمەن و هەوڵدان بۆ قبوڵکردنی، هێشتا بەلایەوە ئەوەندە خێرا تێپەری کە نەیدەتوانی باوەڕ بکا. ئەو بەڕاستی نەیدەزانی کە جگە لە خەیاڵ هیچی تر لە رابردوو نامێنێتەوە.

**ئەوەی بە دەم دەگوترێ و ئەوەی بە چاو دەبینرێ دوو شتی یەکجار جیاوازن. ئەو لەم راستیە تێگەیشتبوو کە تەنیا بە تێپەڕینی کاتە لە کات دەگەی. باقی قسەی قۆڕە و بەس. جاروبارەیش، بۆ ئەوەی دڵخۆشیی خۆی بداتەوە بە خۆی دەگوت "جا دونیا بۆ کێ مایەوە تا بۆ ئێمەیش بمنێنێ!"، یان دەیگوت "گرینگ ئەوەیە ژنی چاکم هەیە و، سالآنی سالّە پالّمان بە یەکەوە داوە و لە خوا بەزیابێ بە پیریش هەروا پشتی یەکتر دەبین تا بزانین خوای گەورە چی دێنێتە سەر رێگامان."**

**بەڵام دۆعا و نزاکەی نەیگرت و، کتوپڕ ژنە چاکەکەی کە تەمەنی لە چل دا بوو، لێی عاسی بوو و لە پاش نزیکەی ساڵێک مشت و مڕ لێی جیابووەوە. کەل و پەلی خۆی هەڵگرت و رۆژێکی کۆتایی زستان بۆ هەمیشە جێی هێشت. رێک کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ. دیارە کاک شوکور لای کەس باسی ئەوەی نەکرد کە چۆن چۆنی بوو ژنە چاکەکەی پشتی تێکرد و، بۆ هەمیشە جێی هێڵا. دەیگوت وەڵلا بابم ئافرەتی چاک بوو و هیچ گلەییم لێی نیە،... ئیترە وەهایە کە نەسازاین و تەواو. نەسازانیش کەس خراپ ناکا. مانای ئەوە نیە کەسەکان ئەوەن،... سەلیقە سەلیقەیە و تەواو!**

**کاک شوکور دڵ و دەروونێکی مەحکەمی هەبوو و، لەو کەسانە نەبوو نەهامەتی و خەمی رۆژگار ئەوەندە ئاسان راپێچی بدا و دەستەوئەژنۆ لە بن دیواری خەماندا بیخا. نا، بە پێچەوانەوە وەک دەڵێن گورگی باراندیدە بوو و دارە بیی نەبوو کە بە هەر بایەک بچەمێتەوە. وەک بۆ خۆیشی دەیگوت لە خوا بەزیا بێت لە پاش تەمەنێک کارکردن، خاوەن ماڵ و ژیانی خۆی بوو و موحتاجی نامەرد و دەست پانکردنەوە بۆ**

**عیبادەلبەشەر نەبوو. کاک شوکور لە خانەی پیران و بەساڵاچووان لە شارێکی تا رادەیەک گەورەی دەوروو‌بەری ئۆسلۆ کاری دەکرد و، هەر لەو شارەدا دەژیا و تەواو مورتاحیش بوو.**

**ئەو رۆژەی ژنەکەی رۆیشتبوو، بە تووڕەییەوە هاواری لێکردبوو دەی بڕۆ دەی، بزانە چۆن ژنی تر دێنمەوە و چۆن ناسکترین کچۆڵە دەخەمە باوەشی خۆمەوە،... بزانە چۆن چۆنی پشتت کرد لە بەختی خۆت و قوڕت کرد بە سەر چارەنووسی خۆتدا!**

**بەڵام ژنە لای لێ نەکردبووەوە و، ڕێگا، هەر بەو شێوەیەی لە خانووەکە هاتبووە دەر، قووتیدابوو و لە چاو ونیکردبوو.**

**کاک شوکور سەرەتا، سەرەڕای دڵتەنگیەکانی کە لە تەنیاییەوە دەهاتن، زۆر وەزعی خراپ نەبوو. تووڕەیی و لەخۆباییبوونەکەی وەها بوو کە هەستی پێنەدەکرد. دەچوو بۆ ئیش، ئارامیی ناو ماڵ لە دووای دەمەقاڵەکانی ئەم دووایە و جاروبارەیش سەردانی ئەم برادەر و ئەو برادەر کردن بە ماشینەکەی کە لە شاری تر دەژیان، بە لایەوە خۆش بوو. بەڵام پاش ماوەیەک هەستی بە نائارامی لەشی کرد و، شەوانە تامەزرۆی بۆن و لەشی ئافرەت دایدەگرت. هەر لەو کاتەدا ئافرەتێکی لە تەنیشتدا بووایە، بەسی بوو. ئیتر گرینگ نەبوو لە چ جۆرێکی. تەنانەت سەرەڕای هەموو تووڕەییەکانی لە ژنەکەی، دەیشیتوانی دەست لە ملانی ئەویش بێتەوە و ئەو شەوە تا بەیانی خۆی تێ هەڵسوێ! شوکور گێنگڵی دەدا و لەبەر خۆیەوە وەک ورچی بریندار هاواری دەکرد و، دەیگوت "ئاخ بۆ ژنێک،... ئاخ بۆ سینە و مەم و ناوگەڵێکی**

گەرم،... ئاخ خ خ !... وەها گەرم وەک تەنوور بتسووتینێ،... هەڵتقرچێنێ!"

کاک شوکور دەیزانی کە دەتوانێ ژن لە کوردستانەوە بێنێ، بەڵام ئەمە دەیخایاند و رەنگە چەندین ساڵیشی ببردایە. لە سەرێکی دیکەیشەوە لێرە لەم وڵاتە دۆزینەوەی ئافرەتێک بە دڵی خۆی ئەوەندەیش ئاسان نەبوو، بەتایبەت لەو تەمەنەیدا ئەمی تیا بوو، ئیتر ئافرەتی گەنج ئاوڕیان لێنەدەدایەوە و بەتەمەنەکانیش ئەوەندە ئاسان نەدەچوونەوە حاڵ و هەوای جارانی گەنجیەتییەوە. حسێب و کتێبیان زۆر بوو.دەیزانی دەبووایە ماوەیەکی زۆر سەرف کا بۆ ئەوەی دڵیان نەرم کا و، متمانەیان بەدەست بێنێ. ئەمەیش بۆ ئەو کە هێشتا بە دەست زمانەوە دەیناڵاند و نۆرویژییەکەی باش نەبوو، یەکجار ئەستەم بوو. جگە لەمە خۆی گوتەنی کێر کە ئەقڵی نیە و خۆ ناتوانێ ئەم شتانە لێک بداتەوە! شوکور کتوپڕ هەستی بە گرانی و قورساییەکی سەیر لە سەرشانەکانی خۆی کرد. جەستەی ژن کە ئەوەندە ئاسان دەهاتە بەرچاوی، لەناکاو بوو بە خەیاڵ. وەها دوورەدەست دەینواند کە باوەڕی نەدەکرد. بە خۆی گوت "گێلە قەدری ژنەکەت نەزانی!... شوکور نەبووی!" بەڵام کە بیریشی دەکردەوە هیچ خەتایەکی وەهای لە خۆیدا شک نەدەبرد. هەر ئەوەندەی لەم ساڵانەی دووایی کتوپڕ زەوقی نەمابوو و، وەک بڵێی لە ناو ماڵەکەی هەر ژنی تیا نەمابێ. چاوی شوکور ژنەکەی نەدەبینی.

بڕیاری دا بچێ بۆ باڕ، تا بەڵکو شتێکی بۆ هەڵکەوێ. ئەو بە حەیاتی رووی نەکردبووە شوێنی وەها، بۆیە سەرەتا بە کزەکز و بە نادڵنیاییەوە خۆی پیاکرد. پاش ئەوەی دیتی کەس کاری پێی نیە، لە

گۆشەیەک دوور لە خەڵکی دانیشت و لە دەورووبەری ڕوانی. لە ناو گرمەگرم و دەنگی یەکجار بەرزی مۆسیقا و بۆنی توندی خواردنەوە و ئارەقەی لەشی سەماکەراندا کە شێتانە خۆیان بادەدا، هەتا درەنگان دانیشت بە بێ ئەوەی کەسی دەستکەوێ. وەک بڵێی کەسێک بە ناوی شوکور هەر نەیشبێ. چاوی کەس کاک شوکوری نەدەبینی. سەرئەنجام بە نامرادی هەستا و ڕۆیشت. لە سەر ڕێگایماڵەوە بە تووش ژنێکی چل پەنجا ساڵانەوە بوو، دانەیەکی ناشیرین کە جوان دیار بوو دەرمانخۆرە و، بۆساردێکی یەکجار ناخۆشیشی لێوە دەهات. ژنە ڕووخۆش بوو، دەنگی شوکوری دا و لەگەڵیا کەوتە قسەکردن. کاک شوکور ئەوەندە تامەزرۆ بوو کە لەگەڵ خۆی بردییەوە بۆ ماڵەوە و ئەو شەوە خۆی لێدا، بەڵام هەتا یەک هەفتە کاتێک بیری لێدەکردەوە هێڵنجی دەدا و تەبیعەتی بەتووندی تێکدەچوو. سوێندی خوارد بە حەیاتی ڕوو لە شوێنی وا نەکاتەوە.

کاک شوکور سەرئەنجام هاتە سەر ئەو قەناعەتەی ڕووبکاتە لەشفرۆشەکان و بە پوڵ و پارە خۆی بگەیەنێتە لەشی گەنجی ئافرەتێکی جوان. ئەو هەر چۆنێک با دەبووایە خاترەی ناخۆشی ئەو ژنە پیسە لە بیر خۆی بباتەوە و دڵ و دەروونی خۆی وەک جاری جاران لێبکاتەوە. بەڵام هەرچی کرد بینی بۆی دژوارە. خۆی پێ ڕازی نەدەکرا. ئەوسا بەخیلی بە تاکسی شۆفیرەکاندا هاتەوە. بیستبووی کە لەم بارەیەوە وەزعیان باشە و بە کەیفی خۆیان شتی باش باش دێتە سەر ڕێگایان. ڕێک لەم کەین و بەینەدا بوو کە یادی ژنەکەی خۆی کردەوە و، شەوێک بە خۆی گوت "کوڕە چش دونیا ئەوە ناهێنێ، بەڵکو بتوانم

دڵی چاک بکەمەوە،... جا شەڕ چییە،... هەموو کەس شەڕی دەبێ و تەواو." بۆیە دەستی برد، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و لە پاش بیرەبیرەیەکی زۆر سەرئەنجام زەنگی لێدا. بەڵام نەک تەنیا کەس وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو هەستی کرد جەڕەسەکەشیان لێ قەتع کرد. شوکور وای لێکدایەوە رەنگە ژنەکەی بە هەڵە دەستی پیانابێ و، بۆیە جارێکی تریش زەنگی دایەوە،... ئەمجارەیش هەر بە شێوەی پێشوو تەلەفۆنەکە قەتع بوو.

نیوەشەو بوو کە لەناکاو لە خەو بەئاگاهات. هەستی کرد ئەوەندە تامەزرۆی جەستەی ئافرەتە کە چیتر تەحەمولی نەماوە. رابوو. چوو بە ناو کەل و پەلی ژنەکەیدا گەڕا کە بە هەڵکەوت جێمابوون. ئەو کەل و پەلانەی ئەو وەک نیشانەیەک بۆ گەڕانەوەی هاوسەرەکەی لێکی دەدانەوە. لە ناویاندا چەند تیکە جل و بەرگێکی دۆزییەوە و، لە پاش رووانینێکی زۆر دەستی کرد بە بۆن پێوە کردنیان. یەکێک لە جلەکان کە فانیلەیەکی پەمەیی بوو لەگەڵ خۆی هەڵیگرت و بردیە ناو جێگاکەیەوە. بە دەم خەیاڵی جارانەوە کە لە ناو ئەم جێگایەدا بە درێژایی ١٣ ساڵ لەگەڵ ژنەکەی جووت ببوو، دەستپەڕێکی بۆ کرد و لە کاتێکا بە توندی هەناسەی سوار ببوو، جەستەی تەواو نیشتبووە سەر ئارەق و دڵی شێتانە لە سەر هەزار لێی دەدا، خەوێکی قووڵ بردیەوە.

هەتا دوو هەفتەیەک لە دووای ئەم دەستپەڕە، وەزع خراپ نەبوو. چاوی، دونیای دەبینییەوە و وەک جاران کارەکانی رادەپەڕاند. زۆر گوێی نەدەدایە ئافرەتان و بگرە وەک بڵێی هەر نەشبن! کاک شوکور ئەمەی وەک لایەنی بەهێزی کەسایەتی خۆی لێکدەدایەوە و بە خۆی

دەگوت ئا پیاو دەبێ ئاوا بێت! بەڵام کەمکەم چووەوە سەر حاڵ و هەوای جاران و ئەمجارە بەهێزتر لە هەمیشە جەستەی داوای ئافرەتی کردەوە. لە کاتێکدا بە تەواوی رقی لە خۆی دەبووەوە، چووەوە سەر موبیلەکەی و لە دووای سیرچکردنێکی زۆر بە خۆشییەوە ئامجارە بەسەر سایتێکی ئافرەتە لەشفرۆشەکان بە ناوی 'رئال ئێسکۆرت' دا کەوت. بە بینینی ئەو هەموو ئافرەتە جوانە تەواو سەری سوڕما. باوەڕی نەدەکرد. شوێنی نیشتەجێ بوونی زۆربەیان لە ئۆسلۆ بوو و، بەڵام خۆشبەختانە ئادرەسی سیانیان لە شارەکەی ئەمدا بوون. زەنگی بۆ یەکیان لێدا، لەگەڵی سازا و بەپەلە سوار ماشینەکەی بوو و رووی کردە ماڵەکەی. بەڵام کاک شوکور لە گەڵ ئەوەی زۆر تامەزرۆ بوو، بینی کە جەستەی لەگەڵ حەزی دەروونی رێ ناکا. هەناسەیەکی سەیری سوار ببوو و دڵی لە سەر هەزار لێی دەدا. کێری نەک تەنیا بۆ هەڵنەدەستا، بگرە سیستر لە هەر کاتێکی تر خۆی لە ناو لینگی دا قوفڵ کردبوو و بە هیچ کلۆجێک نیازی خۆ رەهاکردنی نەبوو. ژنە لەشفرۆشکە کە خەڵکی رۆژهەڵاتی ئۆرووپا بوو، ئەویش هەوڵی خۆی لەگەڵ دا کە هیچ سوودێکی نەبوو. کاک شوکور پارەکەی دا و بە دڵشکاوی لە خانووەکە کە ئاپارتمانێکی قەدیمی و کەمێک تاریک بوو، هاتەدەر. لە رێگای ماڵەوە هەستی بە سک ئێشەیەکی سەیر لە لا سەرووی میزەڵدانەکەیدا کرد. بۆ ئەوەی لە دەستی قوتاری بێت، خۆی کرد بە حەمامدا و دووشێکی گەرم و خۆشی بۆ گرت. بەڵام ژانەکە هەر لەوێدا بوو، بگرە هەتا دەهات زیاتر هەڵدەکشا و تەنانەت لە ناو جێگاکەیشیدا لە ژێر لێفەکەدا هەر نەڕەوییەوە. بە دەم ژان و خەیاڵی جەستەی ژنە

لەشفرۆشەکەوە کە یەکجار جوان بوو، هەوڵیدا بە دەست خۆی ڕەحەت کا کە ئەوەیش ئەنجامی نەبوو. هەرچی خۆی گووشی و خۆی هەڵگلۆفی، بێ فایدە بوو. ڕێک لەو کاتەدا کە دەبا ڕەحەت بێت شتێک لە جەستەیدا بە هەڵە دەردەچوو و ریسەکەی لێ دەکردەوە بە خوری! کەس نازانێ چۆن خەو بردییەوە، بەڵام کاتێک خەبەری بووەوە نزیک یەکی نیوەڕۆ بوو. ئازارەکە نەمابوو و ئەمە زۆر خۆشحاڵی کرد، بەڵام هاوکات هەستی بە حاڵەتێکی یەکجار ناخۆش دەکرد. بە خۆی گوت "ئاوا نابێت، دەبێ چارەیەک بدۆزمەوە!"

ڕۆژێک لە ماڵەوە بووم کە کاک شوکور زەنگی دا و گوتی فلان کەس تکایە دەتوانی هەندێ ڤاکتم لەگەڵ بگۆڕییەوە؟ گوتی دەمەوێ بچم بۆ سەفەر و نیازم پێیەتی. لە پاش هێنان و بردنێکی زۆر سەرئەنجام توانیمان دوو ڕۆژی کاری خۆم لەگەڵ دوو ڕۆژ کاری خۆی کە بۆ گۆڕینەوە دەگونجان، بدۆزینەوە. زۆر سوپاسی کرد و گوتی دەینێرێ بۆ مودیر بەڵکو پێی ڕازی بێت.

ڕاستییەکەی ئەوە بوو من ئاگام لەوە نەبوو کاک شوکور لە ژنەکەی جیاببووە. ڕۆژێک کە دەچوومە سەر کار، لە شوێنی پارککردنی ماشینەکان بینیم. کاک شوکور وەک جاران نەبوو و، بە سەرو وەزعێکی ئالۆز و نەتاشراوەوە بینیم. قژ و ریش و سمێڵی سپی لێک ئاڵابوون و، تابلۆیەکی تەواو چەرمگیان ڕازاندبووەوە. ڕاچڵەکام. زانیم شتێک هەڵەیە، بەڵام هیچم نەگوت و وەک هەمیشە بە گەرمی چاک و چۆنیمان کرد. گوتم ئەرێ کاکە نەڕۆیشتی. بە خێر کەی سەفەرەکەت دەکەی؟ گوتی کاک لەتیف گیان ئەرێ مەگەر بۆ خۆت ڤاکتت لەگەڵ نەگۆڕیمەوە،

ئەی بێ قەزابی چۆن وا خێرا لەبیرت چووەوە؟ پێکەنیم و گوتم وەڵڵا پیری و هەزار عەیب. گوتی خێر لە سەر ڕێگا بێت دوو هەفتەی دیکە دەڕۆم و،... یاڵڵا و یا عەلی!

من کە تەنیا چەند دەقیقەیەک کاتم هەبوو و، دەبوایە خێرا بچمە سەر کارەکەم، نەگەیشتم ماڵئاوایی لێ بکەم کە کتوپڕ بە حاڵەتێکی هەڵچووەوە گوتی:

- "ئەرێ کاک لەتیف گیان! لێت شاراوە نەبێ لە ژنەکەم جیابوومەتەوە، (لێرەدا ویستم تەئەسوفی خۆم دەرببڕم کە دەرفەتی نەدامێ، وشە و رستەکان وەک تیسکەی تفەنگ لە زارییەوە خۆیان کرد بە دەرەوەدا)، ئیتر ژنە و وای پێ خۆش بوو و منیش دەستم نەهێنا سەر ڕێگای و... تەواو. وتم بە کەیفی خۆت، عیسا بە دینی خۆی و مووسا بە دینی خۆی. لە خوا بەزیا بێت سێزدە ساڵ پێکەوە بووین، بە خوا بێ حورمەتیم قەت پێ نەکرد و هەمیشە لە سەر سەر و لە سەر چاوانم دادەنا، بەڵام ئیدی ئاوای پێخۆش بوو. خۆ بۆ خۆت چاکتر دەزانی کاک لەتیف گیان کەس بە زۆری ڕاگیر ناکرێ، زەمانی قەدیم نەماوە مێرد گۆپاڵی بەدەستەوە بێت و ژن نەوێرێ بجووڵێتەوە، ئەرێ وەڵڵا کاکی برا... عەیبەیش کە نەماوە،... پەردەی حەیا دراوە"

لێرەدا فورسەتێکم گیرهێنا و، گوتم:

- "هەر زۆرم پێ ناخۆش بوو کاک شوکور گیان! جا چۆن شتی وا دەبێ! جا کاکی برا بۆ دەنگت نەکرد! ئێ برایەتی و دۆستایەتی بۆ ڕۆژێکی وەها باشە و، ئێستایش گەر ئیزنت لە سەری بێت با بچم و قسەیەکی خێری تیا بکەم، بەڵکو پێکتان بێنمەوە و دۆخەکەتان چاک بکەینەوە؟"

ـ "نەوەڵڵا کاکە گیان،... بە قوربانی چاوەکانت بم،... نا نا تازە لەوە دەرچووە... چیدی کەڵکی نەماوە."

من کە خەمی کاتم هەبوو و، نەمدەزانی چۆن چۆنی خۆم لەو دۆخە قوتارکەم، بە ئارامی چەند هەنگاوێکم هەڵگرت کە کتوپڕ دەنگی شوکور تەواو گۆڕا. بە دەنگێکی بەرز و گڕ و تووڕەوە گوتی:

ـ "کاک لەتیف گیان بە ئێمە دەڵێن پیاو، ئێمە پیاوین پیاو، وا نیە! کاکی خۆم پیاویش کێری پێوەیە کێر!... وانیە؟ کێریش داوای خێر و بێری خۆی دەکا و خزمەتی دەوێ، خزمەتی نەکەی پەرێشانت دەکا و ژیانت لێ دەکا بە چەرمی چۆلەکە! لە خوا بەزیا بێت و گەر کوفر نەبێت ئەمە ئیتر ئیرادەی حەق تەعالایە و خۆی وەهای داناوە. ئێمەی مەخلوقیش جگە لە دەستەوەستانی و ملکەجبوونی ئیرادەی ئەو خوا گەورەیە چمان لە دەست دێت؟ بێگومان هیچ... کاک لەتیف گیان! ئەو دوو رۆژەم لە گەڵ جەنابت گۆڕییەوە بۆ ئەوەی ئیجازەکەم ببێ بە دوازدە رۆژ، ئا لە دەوە بۆ دوازدە، دەمەوێ بچم بۆ 'ریگا' پایتەختی لات... لاتڤی یا،... تێدەگەی ریگا. تۆیش هاوڕێ و خۆشەویستی خۆمی، برای بەڕێزی، دەچم بۆ گانکردن،... دەڵێن خۆشە، ئافرەتی سورو سپی و خز و لووسی باشی لێیە، باش خزمەتی کێر دەکەن و رێزی پیاویان لە لایە، وەک ژنی خۆمان نین کە حورمەتی پیاویان لا نەماوە و دەیانەوێ لاسایی پیاوان بکەنەوە،... نە کاکی برا،... نە بەقوربان،... دەزانن پیاو عەودالی چییە و چی دەوێ. بە خوا برا ئەم کێرەی کە خوای گەورە داویەتی بە بێ ئافرەت ناژی،... نەوەڵڵا ناژی..."

من کە پەلەم بوو و نەمدەزانی چی بکەم، چەند هەنگاوێکی ترم نا، ئەمجارەیان بە ئاشکراتر، بەڵام شوکور هەر بەردەوام بوو:

- "ئەوە ئەو گەوادە خۆ ئاوقای ئۆکرایین بووەو دایکی ئەو وڵاتەی گاوە! ئەگینا دەڵێن ئەوێ بەهەشتە ئەوێ، ئۆکرایین دەڵێم،... دەڵێن ئەوەی ئافرەتی ئۆکرایینی لە گەڵ کێر دەیکا، هیچ مەخلوقێکی مێینەی تر لە سەر کورەی زەوی نایکا، دەیمژن کە دەیمژن! بە خوا برا من رێزم بۆ ژنەکەم هەیە، بە خوا براگیان ژنی چاک بوو، لە هیچ شوێنێک نامەوێ زەمی بکەم، جیابوونەوە نیشانەی خراپ بوونی کەس نیە، تەنیا ئەوەندەی کە موشکیلەی ئەم کێرە دەبێ چارەسەر بکرێ، بە حەمد و قووەتی خوایش چارەسەری دەکەین، ئەم خوایە خۆی رێگاکان دەبینێتەوە،... ئا بزانە چۆن لە دووای ئۆکراین دەروازەی 'ریگا'ی کردووەتەوە. خوا یار بێ دوازدە رۆژ لەوێم و دوازدە گانی مزری بۆ دەکەم. هەرچەند دەڵێن هەڕەشەیشی لەوێ کردووە، دوعا بکە ئەتۆمێکی پیا نەکێشێ تا من دێمەوە، تا ئەم کێرە بەستەزمانە بە ئاواتی خۆی دەگەیەنم،... ئا دوعای بەخێرم بۆ بکە کاک لەتیف گیان، تۆ پیاوێکی بەڕێزیت و خوای گەورەیش لێت رازیە، دەنگت دەڕوا، تکایە دوعای بەخێرم بۆ بکە. وێرانم،... بە خوا ئیستایش خۆشم دەوێ، نازانم بۆ رۆیشت،... لەم ئەخیرەدا. تۆیش برا و کەسی خۆمی باش کێرم هەڵنەدەستا، پێم وابێ لەبەر ئەمە رۆیشت،... بە خوا برا لەو کاتەوە رۆیشتووە کیرم هەستاوەتەوە، ئەو شەوە زەنگم بۆ دا ئەمەی پێ بڵێم،... چبکەم هەڵینەگرت، هەڵیگرتایە رازیم دەکرد، دەزانم ئەویش وەیلانە و ئیستا لە ناو جێگادا گێنگڵ دەدا،...

من ئەمجارە پاشە و پاش هەنگاوم هەڵێنا و،... هەتا گەیشتمە دەرگاکە هەر لێم رووانی و گوێم لێ گرت و ئەویش پێ بە پێی دوورکەوتنەوەی من زیاتر دەنگی هەڵدەبڕی. نە ئەو وشەیەکی بۆ گوتن لە خەسار دا و، نە منیش کەلیمەیەکم بۆ گوێگرتن لە کیس دا.

کە لە دەرگاکە ئاودیو بووم، لە بەر خۆمەوە گوتم تا دوو هەفتەی تر زەمەنێکی زۆرە، خوا دەزانێ چی دەبێ،... رەنگە سوورە و خڕەی مۆسکۆ بە بۆمبێک ئەوێیشی لێ تێکبدا!

دەنگی هەر دەهات. باش بوو هەر من و ئەو کوردیمان دەزانی:

- "بە خوا ماڵەکەیشم بەناوی خۆیەوە کردبوو، کەچی نەیوست و رۆیشت، بە خوا برا قەحبەگایینیش گوناحە، تاوانە، خوای گەورە رای لەسەر نیە و دەمانخاتە جەهەننەمەوە،... بەڵام چ بکەم،... روبکەمە کوێ،... تۆ کارێکم بۆ بکە تۆ کاک لەتیف گیان تۆ!"

لە ناو ژوورەکە هاوکارە نۆروێژییەکەم لەبەر کامپیوترەکەدا دانیشتووە. لا دەکاتەوە و بە تەعەجوبەوە دەڵێ:

- "هەی! ڤا شێر؟" (Hei! Hva skjer?)[1]

دەڵێم:

- "ئینگێن تینگ، بارە فورتشێت مێ یۆببێن دین!" (Ingenting. Bare fortsett med jobben din!)[2]

**ژێرنووس:**

١- سڵاو، ئەوە چ باسە؟

٢ - هیچ، لە کاری خۆت بەردەوام بە!

**چرپە**

**ڕێژوان لەشفرۆشە و، بە هۆی دۆخی تازەی دونیاوە زۆر زیاتر لە جاران شانازی بەم کارەوە دەکات. خۆی بەمە نالێ لەشفرۆشی. ناوی تری بۆی هەیە. وێنەی ژنە رووتەکانی پشت ویترینەکانی کۆڵانەکانی ئامستردام (کە لە ئینتەرنێت دەریهێناون) پیشاندەدا و، دەڵێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەمە پیشەیە و تەنیا لای ئێمەیە بە سووکی سەیری دەکەن. ڕێژوان دڵنیایە لێرەیش ئەم کارە بەرەبەرە وەک پیشە جێ دەگرێ و خەڵکی چیتر وەک جاران لێیان ناڕوانن. تەنانەت لای وایە ئەوەندەی نەماوە وشەی پڕ لە سوکایەتیی 'لەشفرۆش'یش بۆ هەمیشە لە زەینی خەڵکیدا بسڕدرێتەوە و لە کەسی وەک ئەوەیش وەک کارمەند بڕوانن. ڕێژوان بە دەنگێکی نەوی، بەڵام مەحکەمەوە دەڵێ جەستە بایەخی ئەوەی نەماوە کەسایەتی لەسەر بونیات بنرێ. کەس بە هۆی**

جەستەیەوە نە بووە بە خاوەن کەسایەتی و نە سووک و سەلیمیش بووە.

وەک بۆ خۆی دەڵێت بە هۆی کارەکەیەوە توانیوویەتی، جگە لە دابینکردنی ژیان، رەگەزی پیاوانیش بە جوانی بناسێت،... هەر لە پیاوە ئاساییەکانەوە بگرە هەتا پیاوە سیاسییەکان. واتە ئەو کەسانەی وا باس لە کۆمەڵگایەکی باشتر دەکەن و لەم پێناوەیشدا گیراون و دەربەدەریش بوونە. بۆیە ئەو چیتر وەک ژنانی تری شار لێیان ناترسێت. پێدەکەنێ و دەڵێ لە پیاو داماوتر لە دونیادا دەست ناکەوێ. دەڵێ بە هۆی جادوویەکی سەیرەوە کە دەیزانێ دەتوانێ وەک مێو نەرمیان بکا و هەرچی پێی خۆشە پێیان بکات. جگە لەمە هیچ پیاوێک لای ئەو تەقەدوسی نەماوە. تازە تەقەدوسی چی و تەڕەماشی چی، کاتێک هەموویان لەو کاتەدا لە یەک دەچن. بەتایبەت تڕ زلەکانیان!

رێژوان هەموو پیاوە دڵشکاو و بێتاقەتەکانی شار دەناسێ، دەزانێ کامیان فلانە شەو ژنەکەی لە ناو جێگادا پشتی تێکردووە و رووی نەداوەتێ، کامەیان بە دڵی خۆی ژنی نەهێناوە، کامیان لە حەسرەتی بەدی نەهاتنی خەونە گەورەکانی لە دووای خواردنەوەی بتڵێک ئارەق لە دەرگای داوە و کامەشیان وەها لە گڕی هەوەسی خۆیدا سووتاوە کە بە هیچ ئاوێکی تر جگە لە ئاوی لەشی ئەو نەکوژاوەتەوە. لای ئەو لە پیاو گوناحتر لە دونیادا دەستناکەوێ، دەڵێ هەتا بڵێی گوڕەگوڕیان زۆرە و کەچی کاتێک حەزیان لە ناوگەڵ و سەروسینگی ژنانە وەها داماو و دەستەوئەژنو دەبن کە پێت سەیرە.

لەم رۆژانەدا کە دونیا زیاتر لە هەر کاتێکی تر شڵەژاوە و روسیا هێرشی کردووەتە سەر ئۆکراین، رێژوان حەسرەتی ئەوە دایگرتووە کە داخۆ بۆچی لە ژیانیدا ئەو پیاوانەی تاقی نەکردووتەوە وا بڕیاری شەڕە گەورەکان دەدەن. رێژوان دڵنیایە گەر پوتین تەنیا یەک شەو سەردانی ئەمی بکردایە و بۆ رۆژی دوواتر هەڵاتنی رۆژی لە پەنجەرەکەی ئەوەوە ببینیایە ئەوا قەت بڕیاری ئەو شەڕە گەورە و پڕ لە مەترسییەی دەرنەدەکرد. ئیتر نە دونیا بە تووش مەترسیی شەڕی ئەتۆمەوە دەبوو و، نە ئەوەندەیش نرخی شمەک و خواردن و نەوت بەرزدەبووەوە کە هەندێ کەس باس لە قات و قڕی بکەن.

رێژوان لە گەڵ ئەوەی پوتینی نەدیوە، بەڵام بە تەواوی دڵنیایە کە پیاوە بە دەسەڵاتە سوورەکەی کرێملین کێشەی لە گەڵ ژنەکەی هەیە. دەڵێ بە گوێرەی ئەزموونی خۆی دەزانێ کە ئەو پیاوانەی وا زۆر لە لایەن ژنەکانیانەوە قنیان تێدەکرێ وەها توند و تیژ دەبن کە بە کەس راگیر ناکرێن. جا گەر کەسێکی وەها خاوەن دەسەڵاتیش بێت و دووهەمین هێزی سەربازیی دونیایشی لەبەر دەستدا بێت ئیتر هەر هیچ و ئا! داخۆ دەبێ چ کارەساتێک چاوەڕوانی دونیا بێت!

کەس نازانێ رێژوان تا چەندە راست دەکا. بەڵام لەبەر ئەوەی شت هەر دێ گران و گرانتر دەبێ و ئەوەی رێگاچارەیشە بۆ راوەستانی شەڕ تاقی کراوەتەوەو فایدەی نەبووە، پێشنیاری ئەوە دەدەن بە قسەی بکەن و هەر چۆنێک بێت بینێرنە لای پوتین. ئەگەر نە ئابڵۆقە و نە یارمەتیی چەک و چۆڵی رۆژئاوا بە سوپای ئۆکراین نەیتوانیوە چۆک بە پۆتین دابدا، وا باشە دەوڵەت بێتە سەر رای خەڵکی و پاسپۆرت بدەن بە

ڕێژوان و بلیتی تەیارەی بۆ بکڕن و دەمەودەست بینێرن بۆ مۆسکۆ. هەموو دڵنیان کە سوورەی کرێملین تەنیا بە ڕێژوان دەستەمۆ دەکرێ و بەس.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ڕێژوان، ئەگەرچی حەزی بەم سەفەرە دەگمەنەیە، بەڵام پێی وایە ئەمە شکاندنی یاسای چەند ساڵەی لەشفرۆشەکانە، ئەو یاسایەی تیایا ئەوە پیاوە تامەزرۆ و بێتاقەتەکانن ڕوودەکەنە سۆزانییەکان، نەک بە پێچەوانەوە. بۆیە داوادەکا پوتین لە مۆسکۆوە سواری تەیارە بێت و ڕوو لە ماڵەکەی ئەو بکا! شتێک کە جێ بە جێ کردنی مەحاڵە.

پلانەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە هەتا خۆبەدەستەوەدانی پاشماوەی سەربازەکانی ئۆکراین لە ئازۆفستاڵی شاری گرینگی ماریۆپۆل. وای لێک دەدەنەوە کە ڕەنگە بە هۆی ئەم سەرکەوتنە مەزنەوە ئیستا هەم حاڵ و هەوای ڕێژوان جۆرێکی تر بێت و هم پوتینیش دەست و دڵ بازتر بێت. بۆیە ڕوودەکەنەوە ڕێژوان و داوای لێدەکەن وەک لەشفرۆشێکی هەنووکە و کارمەندێکی داهاتوو ئەم پیاوەتییە بکات و بە ڕۆیشتنی خۆی بۆ مۆسکۆ مەترسیی گەورەی شەڕی سێهەمی جیهان لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکاتەوە. ئەمجارە ڕێژوان دڵی بە خەڵکەکە دەسووتێ و بە سەفەرەکەی ڕازی دەبێ.

ئەو ڕۆژەی دەچێ بۆ فڕۆکەخانە، کاربەدەستان تازە تێدەگەن کە بەڕاستی بە چ ناوێکەوە ئەم ژنە خۆبەخشە بەڕێ بکەن. مقۆمقۆ دەکەوێتە ناویانەوە. یەکیان دەڵێ بە ناوی سەرۆکی وڵاتەوە بەڕێی دەکەین. دەڵێ لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسین سەرۆکی پیشوو مردووە و

ئیستا سەرۆکی تازە لە یەکەم سەفەریدا دەیەوێ بە کارێکی گەورە کە رزگارکردنی جیهان هەستێ و داوا لە پۆتین بکا کە ئاگری شەڕ بکوژێنێتەوە.

سەرئەنجام لە دووی چەند رۆژ رێژوان بەرێ دەکەوێ و دەگاتە فرۆکەخانەی مۆسکۆ. زستانە و هەوا زۆر ساردە و رەشەبایەکی توند شێتانە لە دونیا ئالاوە. وەزیری دەرەوەی روسیا، لاورۆڤ پێشوازی لێ دەکا و دەستبەجێ بە سەیارەیەکی کەشخەی رەش دەیگەیەنێتە کریملین. رێژوان تا توانیوویەتی باشترین مەکیاژی کردووە و رازاوەترین جل و بەرگی لە بەر کردووە. قژی پەرێشانی بە سەر مەمکە خڕ و تۆکمەکانی دا کە بە هۆی مەمکدانێکی بچووک و تەنگەوە دەرپەڕیون، بەرداوەتەوە. چاوەکانیشی ئەوەندە خومارن کە هیچ پیاوێک ناتوانێ خۆی لە بەریا راگرێ و خولیای ناو جێگایەکی خێرا لە دڵ و دەروونی دا خێرا سەرهەڵنەدا.

کاتێک دەگەنە کریملین، بە ناو دالان و ژوورە گەورە و دووردرێژە دەگمەنەکاندا دەیبەن و، سەرئەنجام دەگەنە ژوورێکی یەکجار کەشخە و خۆش کە مێزێکی شەش میتری تیایە بە دوو کورسی لەم سەراوسەریدا. پیاوێکی ئیسکۆرت کە لە دووای رۆیشتنی لاورۆڤ بەرپرسایەتییەکەی وەرگرتووە لە تەنیشت کورسیی دەستی راستدا رایدەگرێ و دەڵێ راوەستە تا سەرۆک دێت. ئەوەندەی پێناچێ پوتین دێتە ناو هۆڵە گەورەکە و دەچێتە لای کورسییەکەی دەستی چەپ کە شەش میتر لە رێژوان دوورە دادەنیشێ و بە دەست ئاماژە بە میوانەکەیە دەکا کە ئەویش پاڵی لێبداتەوە. رێژوان دادەنیشێ و ئەوجا موتەرجمێک دێنن.

پوتین لە دووای بەخێرهاتن، باسی شەڕی ئۆکراین و هۆکارەکانی دەکا. ئەوەیکە روسیا ناچار بووە هێرش بەرێتە سەر ئەو وڵاتە لەبەر ئەوەی فاشیزم سەری هەڵداوە، ئامریکاییەکان هێزی شاراوەی سەربازییان لەوێیە و خەریکی دروستکردنی چەکی شیمیایین و ناتۆ ملهۆڕی لە روسیا دەکا و بە بێ گوێدان بە بەڵێنەکانی پێشووی خۆی هەتا دێت زیاتر لێیان دێتە پێشەوە و شتی لەم بابەتە. رێژوان کە سەری تەقەی دێت، هەوڵدەدا لەو مەودای شەش میترییەوە کە هیچ بە دڵی نیە و دەبێتە هۆی دەرنەکەوتنی جوانییەکانی لەشی مەڕمەڕینی، چاوی زیاتر خومار بکا و خۆی وەها قنج بکاتەوە بۆ ئەوەی سینگ و مەمکی باشتر دەرکەوێ. بەڵام وادیارە پوتین چاوی لەمە نیە و، غەرقی قسەکانی خۆی تەنیا باس لە مەزنیی روسیا دەکا. رێژوان بە ئەزموونی ژنانەی خۆی دەستبەجێ تیدەگا کە ئەو پیاوەی وا شەش میتر دوورتر لێی و لە بەرامبەریدا دانیشتووە، لە پیاوی تر ناچێ و بە چاوە تێر و نیگا تیژ و وردەکانییەوە ئەوەی بیری لێناکاتەوە چاوە خومارەکانی رێژوان و سینگ و مەمکییەتی.

سەرئەنجام لە دووای یەک کاتژمێر، کۆبوونەوەکە تەواو دەبێت و رێژوان ئەو شەوە لە کرێملین دەخەوێ. بۆ سبەی بە هەمان فڕۆکە بەرەو وڵاتی خۆی بەڕێی دەکەنەوە.

خەڵکی و حکومەت کە لە گەڕانەوەی رێژوان یەکجار خۆشحالن و، لایان وایە توانیوویەتی کارێکی مەزن بکا و بۆ هەمیشە کۆتایی بە شەڕ بێنێ، بە مەبەستی دیدار و گوێگرتن لە قسەکانی هوروژمی بۆ دەبەن. بەڵام رێژوان لە دووای گەڕانەوەی تا یەک مانگ ئامادە نابێ کەس ببینێ. ئەو

کە حسێب و کتێبەکانی لێ تێک چووە و پێی وانەبوو ئەمەی بەسەر بێت، لەگەڵ ئەوەی دەزانێ پووتین ژن و منداڵی هەیە و جگە لەمە خاوەن دنکە و وەرزشوانێکی چاکیشە، بەڵام دڵنیایە رێک لەو رۆژەوە بڕیاری شەڕی ئۆکراینی دەرکردووە، یەعنی بە چەند کاتژمێریک پێشی ئەم بڕیارە، خەساندوویانە.
ئەو تەواو لەو راستییە دڵنیایە کە هەموو ئەو پیاوانەی شەڕە گەورەکانیان هەڵگیرساندووە لە مێژە بە هۆی کارەساتی خەساندنەوە هیچ هەستێکیان بۆ ئافرەت نەماوە. دەڵێ کە هەستیش بۆ ئافرەت نەما ئەوا بۆ ژیان و بۆ داهاتووی مرۆڤیش هیچ هەستێک نامێنێ.
بزەیەکی خوار و تاڵ دەنیشێتە سەر لێوەکانی و، لە بەر خۆیەوە دەچرپێنێ چاوەڕوانی شەڕی سێهەمی جیهان بن!

**داوا**

**ساڵی ١٣٦٠، کوتەکاغەزێکی خستە مشتم و، وتی رایگرە تا ساڵی ١٤٠٠. واتە چل ساڵی تر. ویستم بیکەمەوە. وتی نا، رایگرە تا ئەو کات. وتی شیعرێکە و رێک ئەو ساڵە بڵاوی بکەوە.**
**هەر ئەو ساڵە بوو یان ساڵی دوواتر، نازانم،... هاورێکەم مرد. رۆژێکی هاوین بوو. رۆژێکی گەرم و لێوالێوی تیشکی هەتاو لە مانگی گەلاوێژدا. کاتژمێر چارەک بۆ سێی دووانیوەڕۆ بوو، بایەکی لەنەکاو و قایم هەڵیکرد و لە ماوەیەکی کورتدا کردی بە گەردەلوولێکی وەها نەبێتەوە. دونیا لەبەر تەپ و تۆز دیار نەما. دوواتر کردی بە ئاگر. هەرچی گیاوگوڵ و درەخت بوو، سووتاندی. ئێمە کە لە بەر تەپ و تۆز خۆمان بە ژوورەوەدا کردبوو، هیچمان لێنەهات؛ تەنیا ئەو بوو دوواتر نەما. وەک دەیانگوت ئاگر لە گەڵ خۆی بردبووی.**
**من شیعرەکەم هێشتا لە مشتدا بوو، کە هەواڵەکەم بیست. لەگەڵ ئەوەی بێتاقەتی و خەمێکی قووڵ دامیگرت، بەڵام کاغەزەکەم کە ئیستاکە تەواو**

گرمۆڵە و چرچ ببوو، نەکردەوە. باشتر بڵێم شیعرەکەم نەکردەوە. لەبەر خۆمەوە گوتم چل یاخود سی و نۆ ساڵی ماوە،... گەر درۆ نەکەم.

راستی بۆ وتبووی رێک چل ساڵی ترا؟ لە کوێ دەیزانی خۆی دەمرێ و منیش چلی تر دەژیم؟ سەیر نیە؟ بێگومان سەیرە. لەبەر ئاوێنەکەدا لە خۆم دەڕوانم. بنیادەمێکم سادە وەک هەموو ئەوانی تر. شتێکی تایبەت و شاز لە روخسار و لە جەستەمدا نابینم کە من لە خەڵکی جیابکاتەوە.

کوتە کاغزەکە لەسەر تاقەکە دادەنێم. ئەو تاقەی بەرزە و جگە لە خۆم کەس دەستی نایگاتێ. ئەگەرچی کەسیشی لێ نیە تا دەستی بیگاتێ! بە درێژایی ساڵان لەوێ دەمێنێتەوە. ئاگام لێیە رەنگی هەڵدەبزرکێ و، زەرد دەبێ. لەبەر خۆمەوە دەڵێم دەبوایە جوان قەدم کردایە و ئەوجا هەڵمبگرتایە. بەڵام ئەو وەها دایە دەستم. منیش نامەوێ حەزی ئەو تێک بدەم. وەهای دامێ و وەهایش دەبێ بمێنێتەوە... تا چل ساڵی تر.

چل ساڵ! وای کە تەمەنێکی زۆرە. نابڕێتەوە. خوا دەزانێ بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە چی روودەدات. بێگومان تا ئەو کات سەرو ریشم سپی دەبێ و، گەشی دەموچاویشم نامێنێ. پیرەمێردێک! هە هە هە... پێدەکەنم. نا، هێشتا زۆری ماوە. نابێ بیری لێ بکەمەوە.

جاری وایە دێتەوە خەوم و، هەواڵی شیعرەکەم لێ دەپرسێتەوە. کە دێتەوە لە ناو ئاگر و دووکەڵ و تەپوتۆزدا دێتەوە. بە بێ ئەوەی تۆز و دووکەڵ و ئاگر چییە لە تالە قژێکیشی نیشتبێ. بە خۆم دەڵێم رەنگە لەبەر ئەمە زوو مرد، نەیویست دووکەڵ و تۆز و گڕی تەمەن لێی

**بنیشێت. منیش دەڵێم نانا لەبیرمە، مەترسە لەسەر وەعدی خۆمم. ئەوسا هەر بەو شێوازە ون دەبێتەوە.**

**نیوەشەوان کاتێک گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە، شیعرەکە وەک تۆپەڵە گڕی لێدێ. دەئایسێ. تا خەو دەمباتەوە، لێی دەڕوانم. وەک مردنەکەی ئەو، نازانم کەی خەو دەمباتەوە. شەو خەو بە شیعرێکەوە دەبینم. چەند خۆشە. جوان جوان لەبەری دەکەم. بە خۆم دەڵێم کە لە خەو هەستام، دەستبەجێ دەینووسمەوە. دڵنیام هەر هەمان شیعرە. کەچی کاتێک بەیانی بە ئاگادێم، تەنیا سەرئێشەیەکی خراپم بۆ ماوەتەوە. لە ناو جێگاکەدا ماوەیەکی چاک گێنگڵ دەدەم و، ئەوجا هەڵدەستم.**

**ساڵەکان تێدەپەڕن. زۆر شت روودەدەن. بە ناو چەند شەڕ کە ساڵانی ساڵ درێژەیان دەبێ، تێدەپەڕم؛ هەروەها بەناو دوو شۆڕشی گەورەدا کە لە راستیدا شەڕەکان ئاکامی ئەوانن. زۆر سەیرە،... هەر دەژیم. لەگەڵ ئەوەی زۆر کەس تیادەچن، کەچی من دەمێنمەوە. لەبەر خۆمەوە دەیگێڕمەوە بۆ موعجیزەی شیعرەکە. بۆ داوای هاوڕێکەم. بە خۆم دەڵێم نەکا ئەمە شیعر نیە و نوشتەیە، یان رەنگە تەنیا بیانوویەکە بۆ ئەوەی من لە رووداوە ترسناکەکان دەربازبم و وەعدەکەم بگەیەنمە جێ؟! نازانم. نەکا رێک ساڵی ١٤٠٠، لە دووای بڵاوکردنەوەی شیعرەکە بمرم؟ پەڕۆیەکی بەسەردا دەدەم و هەتا چەند مانگ نامەوێ چاوم لێی بێت. ئەگەرچی دەزانم پەڕۆ ناتوانێ بۆ هەمیشە بزری بکا.**

**جاری وایە گومان رووم تێدەکا و، لە خۆم دەپرسم راستی بۆ من دەبێ بە داوایەکی وەهاوە کە هیچ گرینگیەکی تایبەتی نیە زەینم مەشغوڵ بێت؟ ئەوسا بیر لە هاوڕێکەم دەکەمەوە. دێتەوە بیرم چەند بەینمان**

خۆش بوو و، چەند بەڵێنمان دابوو هاورێی گیانی بە گیانی بین. راستی هاوڕێیەک کە دەمرێ مافی ئەوەی هەیە بۆ چل ساڵ ئەو هاوڕێیەی وا نامرێ و لە ژیاندا دەمێنێتەوە بە داوایەکی خۆیەوە سەرقاڵ بکا؟ بە خۆم دەڵێم شیعرەکە لە سەر منە. باس لە وەفا و خۆشەویستیی دوو هاوڕێی راستەقینەیە. دەزانم باشترین وەفایش، وەفای پاش مەرگە. ئەوەی کە شتێک هەیە مانا بە ژیانم دەدا و ساڵەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و دەیانکا بە تەسبێحێکی قەزوانی دنک پێکەوە گرێدراو، خۆشحاڵم دەکا. ئەوەیکە من دەتوانم تا چل ساڵ بەرەو دووا بگەڕێمەوە و، هەست بە پێوەندێکی توند و تۆڵ بکەم، خەنیم. دەڵێی جەستە و بوونێکی پەرتەوازە و لێک و لەخۆ دابڕاو نیم. لەبەر خۆمەوە دەڵێم هەموو کەس وەها بەختێکی نیە.

خراپی کات ئەوەیە کەمەکەمە بیرەوەرییەکان دەکاڵێنەوە. لە بیرتە، بەڵام هەمان نیە. وەک شەپۆلێک کە تا لە قەراغ نزیک دەکەوێتەوە بچووک و بچووکتر دەبێتەوە و دوواتر لە ناو زیخ و لم دا ون دەبێ. من هاوڕێکەم زۆر باش نایەتەوە زەین. یەعنی دێتەوە، بەڵام زیاتر لە سێبەرێک دەکا تا پەیکەرێک. دەبێ زۆر بیری لێ بکەمەوە تا وەک جارانی لێ بکەمەوە. جاری وایشە بێسوودە. تەنانەت رووانینی کوتەکاغەزەکەیش هیچ یارمەتییەک نادا. بگرە گەردەلووی تۆز و ئاگریش بێسوودە. کاتێکیش دێتەوە خەوم، وەک جاران نیە. دەڵێی هەموو شتێک مەیلی بەرەو سێبەربوونی هەیە. نا، خودی بە سێبەربوون. تارماییەکان تەنیا شتێکن کە لە زەینی ئێمەدا دەمێننەوە. ئاە، چەند حەزم بە خوێندنەوەی شیعرێکە!

**سەیرە، وەک ئەوەی دەبێ وا هاوڕێکەم حەزی لێبوو. من دەژیم. ساڵەکان تێدەپەڕن و من ماوم. ئەوەی لەبەر چاومدا زۆر دوور دەینواند، دەبێ بە چرکەیەک. ئیستا دەزانم کە مێشک ناتوانێ زەمەن بە درێژایی خۆی لە خۆیدا راگرێ. چڕی دەکاتەوە و دەیکا بە چەند رووداو،... ریک وەک خەوبینین. تەنانەت کوتەکاغەزەکەیش یارەمەتیم نادا. بگرە هەستدەکەم دەبێ بە هەموو ساڵەکان. ژیانی من لە سەر تاقچەکەیە. گرمۆڵە و بێدەنگ بە تەمای ساڵێک لە ساڵەکانی ژیان... ساڵی ١٤٠٠.**

**تەلەفۆنەکە زەنگ لێدەدا. دایکم دەڵێ ساڵی ١٣٦٩ کە باوەگەورە مرد، چووی بۆ لای؟ ئیستا ساڵی ١٣٨٥ە و، لام سەیرە دایکم ئەم پرسیارەدەکا. لەبەر خۆمەوە دەڵێم بێگومان تێکچووە! ئەوسا دێتەوە بیرم دایکم ساڵی ١٣٨٠، مردووە. بە تەعەجووبەوە لە تەلەفۆنەکە دەروانم. بێگومان کەسێکە و بە ناوی دایکمەوە دەیەوێ گاڵتەم لەگەڵ بکا. ئەو گاڵتەیەی کە دەنگەکەی هەر وەک دەنگی دایکم بوو. بەڵام چ گاڵتەیەکی بێتام! مەگەر دەکرێ شۆخی بە مەرگی نزیکترین کەسەکانت بکرێ؟**

**ئەی بۆ ناکرێ! ژیان شوێنی ریالیزمی جادووییە. وانیە؟**

**هەتاو شێتانە چەند جارێکی تر بە دەوری شاردا دەخولێتەوە و، مانگیش چەند جارێکی تر لە قووڵایی ئاسمان لاسایی هەتاو دەکاتەوە و کتوپڕ رۆژێک لە خەو هەڵدەستم و رادوێ دەڵێ ساڵی ١٤٠٠ە! لەبەر خۆمەوە دەڵێم پەح کە ئەم دونیایە پڕیە لە کەرەپیاو!**

بەڵام تا ئێوارە ناچارم قەبووڵی بکەم کە نا، راستە و رێک ئەو ساڵەیە وا هاورێکەم دەیگوت هەتا ئەوێ شێعرەکەی تیا راگرم و بڵاوی بکەمەوە. هەستام و بەپەلە چووم کوتەکاغەزەکەم لە تاقچەکە داگرت.

هەر کە دەستم دایە، بەشێکی هەڵوەری. بە دەم روونینی بەشەکەی تریشەوە بە خۆم گوت دەی باشە ئیستا چی لێبکەم؟ بەڕاستی چیم لێکردایە! لە کوێ و چۆن بڵاوم بکردایەوە؟ ئەو هیچی لەم بارەیەوە نەگوتبوو.

ئەوەی مابووەوە شیعرێکی نیوەهەڵوەریو بوو. بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی نەسووتێ لە کوتەکاغەزێکدا دابوویە دەستم. بڕیارمدا هەر چۆنێک بووە بیکەمەوە. ورد ورد خەریکی بووم.

کە کردمەوە، لەبەر رووناکایی مانگی نیوە، کاتژمێر دووی نیوەشەو بوو. هاورێکەم بوو لە کوتەکاغزەکەوە هاتەدەرەوە. ئەو هاورێیەی قاچێکی نەبوو و بە چێوشەق دەڕۆیشت. ئەو هاوڕێیەی هێشتا بۆنی ئاگری دەدا. بۆنی تۆز و دووکەڵیش.

وێنە

فەرۆخ نێعمەتپوور

کاتژمێر دووی نیوەڕۆ بوو. دونیا بە پێچەوانەی هاوینانی جاران گەرم بوو. لێرە لە بەشی هەرە باکووری گۆی زەوی، سروشت دەڵێی لە ئاڵوگۆڕێکی لەسەرەخۆ، بەڵام بەردەوامدایە. من، وەک 'دیوژن'ی یۆنانی، لە کاتێکدا لە قاتی سەرەوە دەرگا و پەنجەرەم کردبووەوە و لەسەر مۆبلە رەنگ خۆڵەمێشییەکە بەدوور لە هەر چەشنە مرۆڤێک راکشابووم، لە زەنگی دەرگایان دا. دەنگی زەنگەکە ناخۆشە،... زلە و

**بەد ئاهەنگ. لەگەڵ ئەوەی لە مێژە بڕیارم داوە بیگۆڕم، بەڵام لە جێی خۆیەتی و سالانی سالە هەر ئەوە لە سەر کەسی ناوەخت وشیارم دەکاتەوە.**

**بەدەم هەستانەوە، بیر لەوە دەکەمەوە داخۆ کێ بێت. ئەوسا هاوکات بیرم دەکەویتەوە کە دەبوا زۆر لەوە پێش زەنگەکەم بگۆڕیایە. جگە لەمە ئەمە کێیە بەم نیوەڕۆ گەرمە لە دەرگا دەدات؟ ئەوەندەی لە بیریشم بێت لەمێژە کەس پەنجەی بە دوگمەی زەنگی مندا نەهێناوە.**

**پلیکانەکان لە ژێر هەنگاوەکانمدا دەقرپن.**

**تا دەگەم، جارێکی تر زەنگەکە لێدەدەنەوە. کە دەیکەمەوە دەستێک بە نامەیەکەوە درێژ دەبێتەوە و، دەگاتە بەر دەمم. لە پشت دەستەکەوە کەسێک نیە. منیش کە لە مێژە بەم شێوەیە نامەم بە دەست نەگەیشتووە، ئەوەندە سەرنجم لەسەر نامەکەیە کە زۆر گوێ نادەمە ئەوەی داخۆ دەستەکە هەر خۆیەتی یاخود کەسی تری لە گەڵە.**

**نامەکە وەردەگرم و، لێی رادەمێنم. بە بێ ئادرەس تەنیا ناوی منی لە سەرە. پاش کەمێک ئەم دیواودیوکردنی ئەوجا بیری دەستەکە دەکەومەوە. لەوێ نەماوە! بەپەلە دەچمە دەرەوە. کەس نابینم. کتوپڕ ترسێک دامدەگرێ. سەرئەنجام بەو ئەنجامە دەگەم کە وەهم دایگرتووم و لە راستیدا دەستەکە تەنیا نەبووە. ئەو هەمان پۆستچییەکەی ساڵی سالان بووە. پاش کەمێک راوەستان و رامان لە دەورووبەرم و لە خۆم، دەچمەوە ژوورەوە.**

**بە خۆم دەڵێم باشە بۆ وەک هەمیشە نامەکەی نەخستە ناو سندووقی نامەکانەوە! ئەو سندووقەی وا لەگەڵ سندووقەکانی تر، لە دەرەوە، لە شوێنێکی تایبەت، کە لە بارانیان دەپارێزێ، داکوتراون.**
**لەگەڵ ئەوەی تامەزرۆی کردنەوەییم، بەڵام سەرەتا نامەکە فڕێ دەدەمە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی لیوانێک ئاو بێنم. ئاوەکە زەردە و وازی لێ دێنم. بیرم دێتەوە دوێنێ خەڵکیان وشیارکردبووەوە تا دووسبەی لە ئاوی ماڵەوە نەخۆنەوە. لە جیاتی ئەوە پەرداخێک ئاومیوە دێنم.**
**نامەکە هەڵدەگرمەوە. پێش ئەوەی بیکەمەوە، بۆ ئەوەی ناو پاکەتەکە ببینم لەبەر تیشکی پەنجەرەکە رایدەگرم. لە جیاتی کاغەز، شتێکی تر سەرنجم رادەکێشێ. وەک بڵێی وێنەیە. لە دراوسێکەی تەنیشتمەوە وەک هەمیشە دەنگی پیانۆ دێ. پیاوێکی یەکجار میهرەبانە. بە ژنێک و دوو منداڵەوە. کچەکەی کە تەمەنی نۆساڵانە عادەتێکی خراپی هەیە. بە مەودا جاروبارە مرخەیەکی لێوە دێت. سێ ساڵ لەوە پێش کاتێک بۆ ئێرە رایانگواست، گوتی مۆسیقاژەنم و رەنگە رۆژانە بەردەوام گوێت لە ژەندنی من بێت. گوتم کێشە نیە و بەخێر بێیت! ئەوسا زۆر بەزەییم پیایاندا هاتەوە. بە خۆم گوت کچێکی وەها قژ زەرد و چاوشین کە چەند ساڵی تر دەبێتە گەورەکچێک، داخۆ چۆن خۆی لە ژیاندا دەبینێتەوە؟**
**قومێک لە شەربەتەکە دەدەم و، نامەکە دەکەمەوە. وێنەیەکی رەش و سپی کە هی ساڵانی ساڵ لەوە پێشە،... هی ئەو سەردەمەی تازە کامێرا هاتبوو. راست دەبمەوە، لیوانە نیوەپڕەکە لەسەر مێزەکە دادەنێم و لە وێنەکە وردەبمەوە. کۆمەڵێک خەڵک بە دوو ریز، ریزێکیان بە پێوە و ریزەکەی تر بە دانیشتنەوە لە حەوشەیەکدا، ریزە پلیکانەیەک بە**

**تەنیشت چەپەوە و لە پشت سەریشیانەوە پەردەیەکی رەش کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. ئەو پەردەیەی وا قەرارە ناشیرینیی دیوارەکە داپۆشێ. رێک وەک چوار ساڵ دوواتر کە شا هات بۆ شارەکەمان و زۆربەی ئەو جادانەی وا ئەو پیایا رۆیشت دیواری خانووە کۆنەکانیان بە پەردەی دروشم لەسەر نووسراو داپۆشی. ئاە چەندە ئاشنایە! زیاتر لێی ورددەبمەوە. وێنەی زەماوەندە. کتوپڕ زۆربەیان دەناسمەوە: دایکم، باوکم، باوەگەورە و دایەگەورە، مامم لە گەڵ بووکێ (لە ناوەڕاستدا) و،... ئەوسا من کە لە لای چەپی وێنەکەدا هەڵتروشکاوم و دەستم لە لووتمدایە! لە پەنایشمدا خاڵۆزاکەم کە هاوتەمەنی خۆمە و، لە جیاتی وێنەگرەکە لە من دەڕوانێ و ئەویش قامکی لە لووتیایەتی!**

**لەگەڵ ئەوەی کەسەکان، بە خۆشمەوە، دەناسمەوە؛ بەڵام پێم سەیرە ئەم وێنەیەم لەوە پێش نەبینیوە. چاو دەقونجێنم و، هەوڵدەدەم ئەو ساڵانە بێنمەوە بەرچاوم. لە وێنەکەدا ئەوەندە بچوکم کە وەبیرهێناوەوە زۆر ئاسان خۆ بە دەستەوەنادات. هەموو شتێک ئەوەندە پەرتەوازە و دوورەدەست دەنوێنێ کە دەڵێی ناتوانم وێنە ــ چرکە کاتیە پچڕپچڕەکان، کە جاروبارە وەک بروسکە ئاسمانی مێشکم رووندەکەنەوە، بخەمەوە سەر یەک. هەڵدەستم و بە ژوورەکەدا، لەو گەرمای نیوەڕۆیەی هاوینەدا دەگەڕێم. کاتژمێر بێگومان لە دەورووبەری دوو و چارەکە. یان رەنگە زیاتر. دەنگی چرکەژمێری سەعاتەکەی سەر دیوارەکە دێتە گوێم، بەڵام سەیری ناکەم. بە خۆم دەڵێم دەی زیاتر... دەی دەی!**

بێسودە!... هەموو شتێک ئەوەندە رەش و سپی و ئەوەندە دوورە کە ناخرێنەوە سەر یەک. دێتەوە بیرم زەماوەندی مامم بوو. نا، بیرم نایەتەوە،... وێنەکە دەڵێ زەماوەندی ئەو بوو. ئەوسا... پلیکانەکەم دێتەوە یاد کە تەنیا دووانیان لە خوارەوە چیمەنتۆ بوون. جاروبارە لەسەریان دادەنیشتم و لە کاتی هاویندا حەزم بە فێنکیان بوو... ئیتر هیچ. ئەها!... لە بیرم دێ چەند تامەزرۆی بینینی ئەو وێنانەی بووم وا ئەو رۆژە کێشران و، من قەت نەمبینینەوە. تەنیا وێنەم کێشا و بەس، یان باشتر بڵێم وێنەیان کێشام و بەس. لە خۆم ورد دەبمەوە. روخسارێکی کاڵەوە بوو لە پانتایی رەش و سپییەکی کۆن و رەنگ هەڵبزرکاودا. منێک لە پشت دیواری بەرزی زەمانەوە.

لە دەرەوە دەریا شینە و ئاسمانیش رەنگ ئاوی. پەڵە هەورە سپییەکان لە گەڕدان. دارستان، سەوز سەوز کەنارەکانی داگیرکردووە. دونیا چەند رەنگاورەنگە،... بێگومان هەر وایش بووە. تەنانەت ئەو ساڵانەیش،... ئەو کاتەیش وا ئەم وێنەیە گیراوە.

پاڵدەکەوم، قۆلم دەخەمە سەر تەوێڵم و لە سەقفەکە رادەمێنم. جیهان دەبێ بە دایرەیەک کە بێ سنور لە خۆیدا وندەبێ و، سەرلە نوێ پەیدا دەبێتەوە. دراوسێکەم هەر خەریکی ژەنینە. سەمفۆنیایەکی ئاشنا کە دەڵێی ساڵانی ساڵ لەوە پێش منیش گوێم لێ گرتبوو. رەنگە بە دەم خەیاڵی داهاتوویەکی دوور و پڕشنگدارەوە!

کە شەو دادێ، وێنەکە هەر لەوێ لە سەر مێزەکەیە. ژوورەکە تاریکە. مانگ لەو بەر دەریا لە بن شاخێکەوە سەر دەردێنێ. دەریا دەبێ بە

جریوەی لەرزۆکی وردە تیشک. پەڵە هەورەکان لە بەستێنی تاریکایی لەو بەرزاییانە دەبن بە سێبەر. دونیا تەواو بووە بە رەش و سپی.
لەبەر تیشکی مانگەکەدا وێنەکە هەڵدەگرمەوە. ئەوسا هەموو شتێک دێتەوە یادم. سالی پەنجا، ئێوارەی ئەو وێنەیە، زەردەیەکی سەیریش ئاسمانی رۆژئاوای شاری داگرتبوو. ئێوارەیەکی سەرتاپا ئاڵتونی. بە خۆمم گوت رەنگە مامم خۆشبەخت بێت.
پێکەنینەکانی دایکم بە جل و بەرگە سادەکەی بەرییەوە لە تەنیشت بووکێ، کە بەردەوام خۆی لە خەزووری دەشاردەوە، تامی پڵاوی ئەو نیوەڕۆیان دەدا،... لە رەنگی ئاڵتونیی ئەو ئێوارێیەیان دەکرد. لە بیرم دێ بە خۆم گوت کە ژنم هێنا جوانترین ئاڵتونی دونیایش بۆ دایکم دەکڕم و دەیکەم بە ملیا.
ساڵی پەنجا دەڵێم.
پەنجەم بە لوتمەوە دەگرم. بۆنی کەمێڵەکان دیسان دێنەوە. نیگای خاڵۆزاکەیشم بەردەوام پێم دەڵێنەوە من کەسێکی جیاوازم. ئەوەندە جیاواز کە دەکرێ ئاواتەکەم بۆ دایکم لە بیر ببمەوەو، لە شوێنێک لە باکووری گۆی زەوی جگە لە فەلسەفە چیتر بۆ لێکدانەوەی ئەوەی وا تێپەڕی شک نەبەم.

**ترسنۆک**

**هەتاو داچووبوو. بە هۆی فێنکیی ئاسمانەوە هەوا کەمێک جووڵابوو. نەرمەبایەکی ئێوارەیی گەڕەکی لە خۆ گرتبوو و، تەمی گەرما هەتا دەهات زیاتر لەبەر یەک دەکشایەوە، بەڵام دیواری رووەو رۆژئاوای قاتی دووهەمی خانووەکە، ئەو شوێنەی ئێمەی تیا دەژیایین، هەر وا داغ**

بوو و پیاوی دەویست پاڵی پێوەبدا. دەنگی وڕەوڕی موبەڕیدە ماڵەکەی تەنیبوو.من کە لەم لاترەوە پاڵم بە دیواری تەنیشت دیوارە گڕاوییەکەوە دابوو و، خەریکی کێشانی جگەرە لە دووای نانی ئێوارە بووم، لە پڕ سەرنجم چووە سەر دەنگەدەنگێکی لەناکاو کە لە قاتی ژێرەوە دەهات، لە قاتی یەکەم. ترسام. بە خۆم گوت نەکا خۆیان بە ژوورەوەدا کردبێ. سەرنجم چووە سەر ئەو کلاشینکۆفەی وا هەمیشە لە تەنیشت خۆمەوە دامدەنا. لە گەڵ ئەوەیش دەنگی تەلەفزیۆنەکەم، کە هەواڵی دەخوێندەوە، کەم کرد. لەسەر هەست و ئامادە، گوێم راداشت.

دەنگەکەم ناسییەوە. خاوەن ماڵەکەم بوو. کاک میقداد. لەبەر خۆمەوە گوتم "حەک ماڵت ئاوا بێ... وەها دەنەڕێنێ لەوانە بوو نەیناسمەوە!" گوێم لێبوو داوای پاچ و خاکەنازی لە ژنەکەی دەکرد. هەر بەو پڕتاوەی خۆی بە ژوورەوەدا کردبوو، چووەوەد دەرەوە،... ون بوو و هەتا درەنگان نەهاتەوە. من کلاشینکۆفەکەم خستەوە شوێنی خۆی، پاڵم دایەوە و وەک هەمیشە بە تەلەفزیۆن و رۆژنامە و کتێبەوە خۆم سەرقاڵ کرد.

لە دەرەوە دەنگی بانگی خەوتنان دەهات و تەلەفزیۆنەکەیش فیلمێکی بیانی سەرخستبوو کە دیسان گوێم لە دەنگی کاک میقداد بوو. ئەمجارە ئارام بوو و، وازی لە نەڕەنەڕ هێنابوو. گوێم لێ بوو ژنەکەی نانی بۆ دانا. گوێم لێبوو کەمێک بە قەڵسی لە گەڵ ژنەکەی دەدوا. یەک دوو جارێکیش لە منداڵەکانی تووڕە بوو و، ئەوجا گوێم لە دەنگی دەرگای تەنەکەی ئاودەست بوو. بە خۆم گوت "لە دووای ئاودەست نۆرەی منە!... ئیستا دێتەوە سەرەوە!"

هەر وایش بوو. کاک میقداد ئەوەندەی نەخایاند سەروسەکوتی پەیدا بوو! وەک هەمیشە بە کراس و پانتۆڵێکەوە و، بە تەسبێحە قەزوانەکەی دەستییەوە. بە تەنکە ریشی سەر روخساری و، بە سمێڵی قەیتانییەوە. هەستامە سەر پێ. دەنگی دام... هەنگاوەکانی خێراتر کرد و بە پەلە دەستی لە گەڵ لێدامەوە. هەوڵیدا راست نەبمەوە، بەڵام کار لە کار ترازابوو. تەواوقەد بەخێرهاتنم کرد. روخساری کاک میقداد کەمێک گرژ و ماندوو دەهاتە بەرچاوم و، بۆنی تیژی ئارەقی جەستەی ناو ژوورەکەی داگرت. بە خۆم گوت بڵێی چی بووبێت؟ میقداد وەک هەمیشە وشەکانی تێکەڵ بە بەخێرهاتنی من بوون:

ـ ئەدی مامۆستا ئەوە چ دەکەی... حەک ماڵتە شتی وا چۆن دەبی!

ـ نا تکایە کاک میقداد گیان،... فەرموو... فەرموو!

میقداد هەموو شەوێک دەهاتە سەرەوە. گوێی نەدەدایە داخۆ من کارم هەیە یان نا... ماندووم یان نا... تاقەتم هەیە یان نا... ئەو لای خۆی پێم وابێ وای بیر دەکردەوە کە لەسەری فەرزە سەردانی من بکا. هەموو شەوێ! بۆچی؟ قەت لەمە تێنەگەیشتم. منیش کە لە تەعاروفدا مابوومەوە، هەموو جارێک بە خۆم دەگوت "ئەوەننەیش لە خۆتی قووڵی مەکەوە... میقداد پیاوێکی چاکە." هەڵبەت میقداد پیاوێکی چاکیش بوو. مەزڵووم و بێ دەردیسەر بوو. تەنیا داهاتی بریتی بوو لەو کرێ خانووەی من دەمدایە... ئەو بایعیەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەریدەگرت و ئەو برە پارەیەیش باوکی لە جنووبەوە بۆی دەنارد، پارەیەکی کەم کە جاروبارە دەهات و هیچ کونێکی وەهای لە ژیانی پڕ لە کونی میقدادی نەگبەت پڕ نەدەکردەوە. راستییەکەی ئەوە

بوو تەنیا دڵخۆشی میقداد ئەم خانووە بوو کە ئەویش لە سەر باوکی تاپۆ بوو و، بەڵام درابوو بە ئەم تا خۆی گوتەنی، خۆی و ژن و منداڵەکەی تیا بشارێتەوە و لە چاوی پیسی مرۆڤی ئەم سەردەمە بیانپارێزێ.

- دەی مامۆستا گیان چۆنی باشی، وەزعی سەلامەتیت رێکە؟ حەک بەزیاد بی... نا نا شوکور باشی. لە خودای بەزیاد بی!

میقداد قەت چاوەڕوانی وەڵامی من نەدەبوو و، زۆر خێرا دۆخی منی بە باش لێک دەدایەوە و دەستبەجێیش سوپاسی خوای دەکرد. بەڵام من بێ وەڵامم نەدەهێشتەوە. دەمگوت:

- وەڵڵا باشم کاک میقداد گیان. نەفەسێ دێت و دەڕوا،... ژیان بە خۆشییەوە هێشتا بەردەوامە.

- پەککوو مامۆستا گیان بۆ ئەو زاراوە شیرینەت... نەفەسێ دێت و دەچێ!... بە خوا برا جوانە... نەفەسێ دێت و دەچێ!

ئەوسا بزەیەکی دەهاتێ. بزەیەک کە تا چەند خولەک هەر وا روخساری دەقڵاشت و، بەڵین نەبوو بەو زووییە کۆتایی بێت.

میقداد چاییەکەی دەهێنایە لای من. قەت لە خوارەوە چایی نەدەخواردەوە. خێزانم دیشلەمەیەکی بۆ دانا. تەسبێحەکەی لە مەچەک و پەنجەکانی وەک مار ئاڵاند و، دەستی کرد بە هەڵقوڕاندنی چاییەکە.

من نیگام لە سەر میقداد هەڵگرت و، حەزم دەکرد بزانم فیلمەکە بە کوێ گەیشتووە. راستییەکەی ئەوە بوو من و میقداد قسەیەکی وەهامان بۆ یەکتر نەمابوو. شەوانی زۆری دانیشتن لەگەڵ یەکتری، لە وشە و رستەکان بەتاڵی کردبووینەوە، بەڵام میقداد کە نەیدەشاردەوە بە قسەی

خۆی بە زیرەکی و فرەزانیی من موعجیب بوو، هەموو جارێک بە پرسیارێک لە سەر دۆخی سیاسی سەری قسەوباسی دەکردەوە.
- ئەرێ مامۆستا گیان لە رۆژنامەکەتان چ باس... دەڵێن لە رواندز شەڕێکی قورسە،... بە خودای لەم دۆخەی رزگارمان نابیتن،... نە بەخودای! کە برا برای کوشت و دەستی چووە خێنییەوە، یەعنی کۆتایی هەموو شتێک.
من کە تەواوی رۆژ لە بنکەی رۆژنامە خەریکی تاوتوێ کردنی باسی شەڕ و رووداوە سیاسییەکانی سەبارەت بە شەڕ بووم، بگرە لە دوو کۆبوونەوەیشدا بەشداریم کردبوو و بۆیە وەڕەز لە هەر چەشنە قسەوباسێکی تر سەبارەت بە شەڕ بە تەواوی داهێزرابووم، عەودالی پەیداکردنی باسێکی تر ناهومێدانە چاوم لە تەلەفزیۆنەکە هەڵگرت و لە میقدادم روانی. پێم وایە نیگاکانم قورس و پڕ لە سەرکۆنەیەکی ناوەخت و چاوەڕوان نەکراو بوون، چونکە میقداد لە قاڵییەکەی روانی و بە بێ ئەوەی وشەیەکی تر بدرکێنێ هەر وا مات و بێدەنگ لە روانینی بێ مانای بەردەوام بوو. کتوپڕ ژاوەژاوەکەی چەند سەعات لەوە پێش هاتەوە بیرم. گوتم:
- ئەرێ کاک میقداد ئەم ئێوارەیە ئەوە چی بوو... بۆ وا بەپەلە هاتی و بە پەلە رۆیشتی؟ خێربێت،... خۆ شتێکی وەها رووی نەداوە؟
میقداد قنج بووەوە، چاوەکانی گەشانەوە و خۆشحاڵ لەم پرسیارە کەوتە قسەکردن:

ـ وەڵڵا مامۆستا گیان! لە جەنابت شاراوە نەبێ ئەم ئێوارەیە زەعیفەیەکی دراوسێمان تەمەنی بە ئیرادەی خودای گەورە کۆتایی هات و چووین ناشتمان.

ـ ناشتتان؟! جا باشە ئەم پەلە پەلەی بۆچی بوو، لە مزگەوت داتانایە و سبەی بتان ناشتایە. بەم ئێوارە درەنگانە و قەبرستان؟ باشە کەی مرد؟

ـ وەڵڵا مامۆستا گیان هەر ئەم ئێوارەیە!

ـ هەر ئەم ئێوارەیە!

ـ هەر ئەم ئێوارەیە.

ـ باشە فریاکەوتن؟

ـ ئەیچۆن مامۆستا گیان،... ئەی نابینی لە ماڵەوەم! قەبرستان دوور نیە، بە یەک دوو سەعات تەواومان کرد!

سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد. ئەوپەڕی سێ سەعاتێک لەو کاتە میقداد هاتبووەوە ماڵەوە و پاچ و خاکەنازەکەی هەڵگرتبوو، تێپەڕیبوو.

ـ باشە چۆن چۆنێ؟ ئەی بە کوێرا گۆڕهەڵکەنتان پەیاکرد؟ ئەی بەو تاریکیە چۆن توانیتان؟ ئەی کەس و کارەکەی... چۆن ئاگادارتان کردنەوە؟

ـ مامۆستاگیان وادیار دەڵێی تا ئیستا شوکری خودای مەزن کەستان لێ نەمردووە. مەگەر ناشتنی مردوو چەندەی دەوێ؟ دوو سێ پیاوی بە گوڕ لێی بنەون تەواوە! تەنیا غیرەت و شان و باهۆی دەوێ.

من کە هەر چۆنێک لێکم دەدایەوە هەڵکەندنی قەبرێکی نزیک دوو میتر قووڵ، دەخایەنێ و کاتی دەوێ، جگە لەمە پەیداکردنی کفن و شۆردنی مەیەتەکە و بە گشتی هەندێ بێنە و بەرەی دەوری ناشتنی مردوویەک پێی دەوێ، هەر وا بە سەرسوڕمانەوە لە میقدادم دەڕوانی. میقداد بزەیەکی هاتێ. بە هەستێکی لە خۆبایی گوتی:

ـ جگە لەمە مامۆستا گیان! ئەو زەعیفە بوو، نەک پیاو،...عەمری خۆی کردبوو. وەک مامۆستای گەڕەک دەفەرموێ هەتا تەرمی ژنیش زووتر بنێژی خێری زۆرترە!... ئەرێ وەڵڵا مامۆستا گیان... قالبی ژن خۆی لە خۆیدا گوناحە... پڕە لە تاوان... چاوی لەسەرە... هەتا زووتر بیخەیتە ژێر خاکەوە باشترە!

هەر وا لە میقداد دەڕوانم. فیلمەکە لە کۆتاییەکانیدایە، بەڵام من ئیتر سەرنجم لە سەری نیە. نازانم بۆ، لەگەڵ ئەوەی دەزانم میقداد بە شوێن یارمەتی و کاری خێرەوە بووە و فڕی بە مردنی ئەو ژنەوە نەبووە، بەڵام حەزدەکەم میقداد دەرکەم.

ـ مامۆستا گیان! هەمووومان لە ژن بەربووینەوە، بەڵام خۆت باشتر دەزانی کە خودای گەورە جسمی ژنی وەها خوڵقاندووە و ئیشی ئێمەیش ئەوەیە کە دەستووری خودا بە جێ بگەیەنین. ئێمە لە جسمێک کە خۆی لە خۆیدا گوناحە بەربووینەتەوە و دەبێ هەم لە دونیا و ژیاندا چاوی حورمەتمان لە سەری بێت و هەم کاتی مردنی.

ژنەکەم دێتە ژوورەوە. پیاڵەی دیشلەمەکە هەڵدەگرێ. سەیری جەستەی دەکەم. بیر لەو رۆژەی دەکەمەوە کە رەنگە ئەویش بە رێکەوت

ئێوارەیەک بمرێ و، من لە ماڵ نەبم و میقداد و خەڵکی گەڕەک خۆکەون و پێش ئەوەی من بێمەوە بۆ ماڵەوە زوو بیبەنە قەبرستان و بینێژن.

ـ باشە ئەم ژنە کێ بوو؟... من دەیناسم؟

ـ ئەیچۆن مامۆستا گیان، چۆنی ناناسی! حەبسەی دراوسێمان، ژنی مام نەبی،... ئەها بە عەرەبانەیەکەوە پەتاتە دەفرۆشێ! پیاوە باڵاکورتە بەتەمەنە چاویلکە لە چاوەکە دەڵێم.

دێتەوە بیرم. خانوویەکی پەرپووت بە دەرگایەکەی تەنەکەوە لە سەرەتای کۆڵان. ناوی ژنەکەم نەدەزانی. پیاوەکەی با. مەگەر هەبوو نەیناسێ؟ دەمزانی جاری وابوو مام نەبی درەنگ دەهاتەوە. حەبسەی پیرێژن هاوینان لە بەر دەرگا هەمیشە تەشییەکی پێ بوو و بە دەم رستنەوە رۆژی بە رێ دەکرد. بە سیمای چرچ و رەق و تەقییەوە و بەو دەستماڵە رەش و کۆنەی بە سەرییەوە دەبەست، هەموو جارێک کە لە کار دەگەڕامەوە بە تووشییەوە دەبووم. وەک بڵێی هەمیشە چاوەڕوانی مێردەکەی بوو. ژنێکی مڕ و مۆچ. جوابی سڵاوی پیاوانی نەدەدایەوە. لانیکەم وەڵامی منی نەدەدایەوە. ئیتر منیش قەت مەرحەبابییم نەکرد. حەبسە ئەم ئێوارەیە مردبوو و، هەر ئەم ئێوارەیەیش ناشتبوویان.

کتوپڕ پرسیم:

ـ خۆ 'نەبی'ی مێردی لە ماڵەوە بوو؟

ـ نەوەڵلا مامۆستا گیان! کاتێ مرد لەوێ نەبوو. کەسێکمان راسپارد پێی بڵێ. کە هاتەوە مردوو لە 'کفن'دا بوو،... بە رێی قەبرستانەوە بووین. خودای مەزن سبووری مام نەبی بدات. فەقیرە هێزی ئەژنۆی نەماوە،...

**یەعنی نەما. ئیستا چەند کەسێک لە جیرانەکان لەوێن،... خودا خێریان بنووسێ و جەزای بە خێریان بداتەوە!**

***

**مانگێک دوواتر لە گەڕەک گواستمەوە. بۆ دڵنیایی زیاتر بە ژنەکەیشم گوت "گەر زانی دەمری لای کەس نەیدرکێنێ،... تا بۆ خۆم دێمەوە،..." بە سەرسووڕمانەوە لێم دەڕوانێ. دوواتر بیستم کاک میقداد گوتبووی "دەمزانی ئەو پیاوە بەڕێز و زانایە فڕی بە سەر دینی ئیسلامەوە نیە، بەڵام نەمدەزانی ئەوەندە ترسنۆکیشە!"**

**بنێشت**

**باوان بنێشتخۆرە. کەس نازانێ لە کەیەوە وای لێهاتووە. تەنانەت خۆیشی. هەر ئەوەندە دەزانن (بە خۆیشییەوە)، کە ماوەیەکی چاکە دەیجاوێ و دەیجاوێ! سەرەتا بنێشتی دەستکردی دەخوارد، لەبەر ئەوەی گران دەکەوت دوواتر رووی کردە بنێشتی کوردی. بە تۆپەڵ دەیکڕی و، بڕێکی لێ دەخستە گیرفانی و ئەوجا چکە چکە لێی دەکردەوە و دەیخنیە دەمییەوە. بنێشتی کوردی رەقە، بەڵام باشییەکەی ئەوەیە کە زۆر خێرا دەتوێتەوە! هەر ئەوەندەی هاڵاوی ناو دەمی پێ بگا و سووکە دیانێکی بەرکەوێ، ئیتر خۆی ناگرێ. لەپڕ وەها نەرم و شل دەبێ، پێت سەیرە! مەنتقی بنێشتی کوردی ئاوەهایە: سەرەتا ورد و خاش دەبێ، ئەوجا گەر هەروا کەمێک لە ناو زارتدا بیانگێڕی، دیسان لەیەکتر دەئاڵێنەوە و دەبنەوە بە بنێشتێکی یەکگرتوو.**

**باوان یەکجار بە جاوینی بنێشت خەنی بوو. خۆی گوتەنی لە سەردەمێکدا فرەوێژی باو بوو، بنێشت دەبێتە هۆی کشانەوە بۆ ناو**

**سنوورەکانی خۆت و لەوێوە تەنیا دەبی بە بینەرێکی دونیا و رووداوەکانی. لای ئەو ئەمە باشترین شێوازی ژیانکردن لەم سەردەمەدا بوو. بەڵام هاوکات بنێشت بۆی ببووە هۆکاری گەلێک کێشەی دیکە. بۆ وێنە مینای دیانەکانی نەمابوون و، بەردەوام ئاڵ دەبوونەوە. بۆیە نە ئاوی بە جوانی بۆ دەخورایەوە و، نە چایی. بۆ نانخواردنیش کێشەی هەبوو. پارووەکان وەک بڵێی رقەبەرایەتییان لەگەڵ دیانەکانی دەکرد و، هەموو جارێک دەبووایە زیاد لە رادەی پێویست پارووەکانی ئەم بەراوبەر بکردایە. دیانەکانی، لە خواردن دەسڵەمینەوە.**

**جگە لەمە ئەگەرچی بنێشت دەبووە هۆی بۆنخۆشیی ناو دەمی، بەڵام بەردەوام قۆڕەی سکی دەهات و بەناچار دەبا هەمیشە دەستی بە سکییەوە بووایە. بیگووشێ بۆ ئەوەی کەس گوێی لە قاڕوقۆڕی بێتامی سکی نەگبەتی نەبێت. بەڵام ئەو زۆر گوێی نەدەدایە. سەرەڕای ئاڵبوونەوەی دیانەکانی و هاتوهاواری سکی نەگبەتی، لە جاوینی بنێشتی کوردی بەردەوام بوو.**

**هەڵبەت شتەکە هەر بەمە رانەدەوەستا. باوان زۆر ئاگایشی لە دونیا نەمابوو و، رووداوەکانی بە جۆرێکی تر لێکدەدایەوە. لەوە دەچوو تەنیا بینین یارمەتی نادا. جاوینی بنێشت کە دەبووە هۆی جووڵەی بەردەوامی کۆمەڵێک ماسوولکەی ناو دەم، ژێر چەناگە، ناو قوڕگ، لاجانگ و بگرە بەر یەککەوتنی دیانەکان، کە هەمووی ئەمانە پێکەوە لە گەڵ خودی شێلانی بنێشتەکە دەبوونە هۆکاری گمەگمێکی سەیر لە ناو دەمیدا، نەیدەهێشت بە جوانی گوێی لە شتەکان بێت. بۆ وێنە کاتێک سەددامی لە سەر تەلەفزیۆن بە گوریسێک بە دەوری ملەوە بینی، لای**

وابوو هالیوود وەک هەمیشە بەدەڵێکی لە شێوازی سەددام دروستکردووە و لە فیلمێکی ئەکشندا خەیاڵ بە لە سێدارەدانەکەیەوە دەبینن. یان دەیانەویّ بە سازکردنی وەها فیلمێک دیسان بە میلیۆنان دۆلار پەیدابکەن. یان کاتێک مام جەلالی لە یەکێک لە کۆشکەکانی بەغدا لە تەلەفزیۆندا بینی کە خەڵک بە ریزەوە بە دەورییەوە بوون و چەپ و راست لە بەردەمیدا راست و نەوی دەبوونەوە و بە ئیحتڕامەوە دەستیان لەگەڵ لێدەدایەوە و لەمە بەدەر سەددامیشی لێنەبوو، لای وابوو دیسان فیلمێکی تری هالیوودە و، بەڵام ئەمجارە قارەمانە سەرەکییەکەی مام جەلالە.

کەس و کاری باوان زۆر هەوڵیاندا تەرکی بنێشتخواردنی پیّ بکەن. بۆ وێنە لێیان دەشاردەوە، نەوتیان پیادەکرد، خۆڵاوییان دەکرد، یاخود بیباری تیژیان لیّ هەڵدەسوو،... بەڵام باوان عەینی خەیاڵی نەبوو و تەنیا ئەوەندەی کە سەرەتا کەمێک ناوچاوی تێکدەچوو و ئیتر ئەوەندەی پیّ نەدەچوو وەک هەمیشە دەکەوتەوە سەر گەڕی خۆی. عەشقی باوان بە بنێشت بیّ کۆتایی بوو.

ساڵان گوزەرا و کەس ئەمەی پیّ ئەخت و چار نەکرا. بۆیە وازیان لێهێنا و، گوتیان ئیستا کە سەردەمی ئازادی و دیمۆکراسییە، با لێگەڕێین هەر کەس بە کەیفی خۆی. ئەگەر باوان لای وایە کە تەواوی تەمەنی خۆی بە بنێشتخواردن تێپەڕێنیّ، با تێی پەڕێنیّ! بە گونمانەوە! هەر وایشی لێهات. ئیتر کەس کاری پێی نەبوو و، ئەویش بە کەیفی خۆی بە مشت بنێشتی لە ناو دەمیدا ئەم بەراوبەر پێدەکرد. کاتێک باوان دەردەکەوت، لە دوورەوە بۆنی بنێشتی کوردی دونیای دەتەنی!

**تا سەردەمی شەڕی داعش هات. باوان کە دیانەکانی وەک سمتی سپی و ساف و لووسی کچە هەتاونەدیتووەکانی باکووری زەوی دەبریسکانەوە، کاتێک داعشییەکانی لە سەر تەلەفزیۆن بینی کە چلۆن دیلەکانی بەردەستیان دانەدانە و بە پەلە بە دەمانچە دەکوشتن و دەیانخستنە ئاوی دیجلەوە، واقی وڕما و، لە کاتێکدا لە خێرایی جاوینی بنێشتەکەی ناودەمی کەمکردبووەوە، ورد ورد لە دیمەنەکەی بەر دەمی خۆی رووانی. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت کە ئەمە ئیتر فیلمی هالیوودی نیە و، راستەقینەیە. بەڵام نەگبەتی باوان ئەوە بوو کە وازی لە جاوین نەدەهێنا و، بۆیە بە تەواوی بۆی ساغ نەدەبووەوە کە داخۆ وەهایە یان نا. ئەوەندەی پێ نەچوو، دەستی لە سەر قەراغی مۆبلەکان هەڵگرت و، دیسان پاڵی لێدایەوە و وەک هەمیشە بە پەلەپەل دەستی بە خواردنی بنێشتەکەی کردەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی "نا، من چ گێژم،... ئەمەیان لەوانی تر بگرە زیاتر هالیوودییە!"**

**لە دەرەوە دەنگی تەقە دەهات. دایک و باوکی باوان خۆیان بە ژوورەوەدا دەکەن و، هاواری لێدەکەن کە دەبێ برۆن و هەرچی زووتر ئێرە بەجێ بێڵن. باوان کە لەبەر هاڕەهاڕی وەبەریەککەوتنی بنێشت و دیان و گەڕانی بەردەوامی ماسوولکەکانی دەورووبەریان، هەروەها قۆڕقۆڕی ناو سکی جوان گوێی لێ نیە، سەرێک بە نیشانەی "باشە" دەجووڵێنێ. بەڵام ناجووڵێ و هەروا خەریکی سەیرکردنی تەلەفزیۆنەکە دەبێ.**

**دەنگی دەرگاکە دێتەوە کە بە پڕتاو دەکرێتەوە. باوان لادەکاتەوە و، چەکدارێکی رەشپۆشی ریش درێژی گەنج کە هەموو ئازای لەشی غەرقی ئارەق و تەپ و تۆزە بە پشت سەری خۆیەوە دەبینێ. باوان لای سەیرە**

چۆن چۆنی ئەم چەکدارە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەوە هاتووەتە دەرەوە. بەڵام دیسان زۆر بۆی گرینگ نیە. دەستێکی لێ بەرزدەکاتەوە کە بەڵێ بەم جۆرە تۆیش لێرەی! باوان پێی خۆشە کە هالیوود ژوورەکەی ئەویشی بە شیاوی بەشێک لە نواندنی فیلمەکە زانیووە.
چەکدارەکە لێی نزیک دەکەوێتەوە. چەکدارەکە کە کوردە و بە جوانی لەگەڵ بۆنی بنێشتی کوردی ئاشنایە، لەبەر خۆیەوە دەڵێ "ئەمەیان زۆر گوێی لە تەقەی دەمانچەکەی پشت ملییەوە نابێ!"
دایکم دەستی گرتم
نازانم دایکم چۆن گەیشتە ئێرە! دەستی گرتم و، وتی با بچینەوە بۆ ساڵی پەنجا. من ساڵی پەنجام زۆر بە جوانی لە بیر نایەت. هەر ئەوەندە دەزانم زۆر بچووک بووم و، کۆڵان خۆڵاوی بوو. لەو سەریشی پیرەژنێک تەشی دەڕست. باوکیشم لە ژوورەکەدا جەگەرەی دەکێشا و، رەنگە بیری لە کەمێک پارەی زیاتر لە گیرفانیدا دەکردەوە.
نازانم. سێبەرەکان لەناو مێشکمدا دێن و دەچن. ساڵی پەنجا. دایکم واز ناهێنێ. دەڵێ زۆری پێ ناچێ. دەڵێ گرینگ ئەوەیە بتەوێ بچیت. من نازانم دایکم چۆن دەیەوێ بەرەو رابردوو بڕواتەوە. رەنگە ژیان لای ئەو تەنیا خەیاڵ بێت و، بەس.
دەستم لە ناو دەستیدایە. دەستە گەورەکانی و دەستە بچووکەکانم. بەڵام راوەستن! ئەرێ دایکە تۆ چۆن لەو هەموو سنوورە پەڕیویتەوە و، گەیشتوویتە ئێرە؟ حەزدەکەم سەرم بەرزبکەمەوە و لێی بڕوانم... تا وەڵامم دەداتەوە. بەڵام لە ترسی ئەوەی نەکا هەموو دیمەنەکە تەنیا خەیاڵ بێت و درۆ، سەرم بەرزناکەمەوە و بەردەوام لەبەر دەمی خۆم

دەڕوانم. ڕێگایش، ئەو چرکانەی بەرەو دوواوە دەخولێنەوە. هەر چرکەیەک هەنگاوێک. هەست دەکەم چرچ و لۆچەکانی دەستی دایکم هەتا دێن دەکاڵێنەوە و ساف و سافتر دەبن. بۆنی گەنجیەتی لە دایکم دەئاڵێتەوە. ساڵی پەنجا لەو دووردوورانەوە بزەیەک دەیگرێ و، خۆی دەکێشێتەوە. پێم وایە ئەویش لە مێژە چاوەڕوانە. ساڵی پەنجا بە قاچێکی کایە بە خۆڵی ژێرپێی خۆی دەکا. بە خۆم دەڵێم بڵێی بگەینێ؟
لە ئاسمان کۆترەکان پەیدا دەبنەوە. کەسێک مشتێک گەنمی پێیە و دەیەوێ بۆیان ڕۆبکاتەوە. پشیلەیەک خۆی دەکێشێتەوە و چاوەڕوانی نیشتنەوەیانە. لە حەوشەیەکەوە بۆنی نوێژی باوەگەورە لەسەر بەردەنوێژەکەوە دێت. تۆپەڵە قژێکی خەناوی و سپی لە کونە دێوارێک دەکەوێتە خوارەوە. من بە پێوە خەریکم میز بە دیواری دراوسێکەماندا دەکەم. قیژەی ژنێک لە ماڵێکەوە دێت. وەک بڵێی لە شتێک تووڕەیە. یان ڕەنگە لێی دەدەن. دایکم دەڵێ بە قسەم بکە تەنیا یەک جار، ئیتر چی دەکەی بیکە، بە کەیفی خۆت، وەک هەمیشە!
بە کەیفی خۆم!؟ نا دایکە. من بە کەیفی خۆم نەکرد. قەت قەت. شتێک هەمیشە لەگەڵما بووە. شتێک کە تەنیا خۆم دەمبینی. شتێک وەک ساڵی پەنجا،... دوور و نادیار.
لە پەنجەرەکەوە دووکەڵی جگەرەکەی باوکم بەرەو کۆڵان دێت و بە ئاسمانەوە پڕش و بڵاو دەبێتەوە. دەنگی بانگی مزگەوت هەوای گەرمی دووانیوەڕۆ دڕ پێدەدا و کەڵەشێرێکش پڕ بە گەرووی تەنگی دەخوێنێ. من توونیمە، دەم بە شێری ئاوەکەوە دەنێم و بە کەیفی خۆم دەخۆمەوە. لەگەڵ ئاوەکە تامی ساردی شێری ئاوەکەیش لە زارمدا دەگەڕێ. تامی

مس. بە پشتە دەستەکانم دەمم دەسڕمەوە. دایکم دەڵێ بە کەیفی خۆت بخۆرەوە، جاری وایە ڕێگا دوورە. من کە بەردەوام ناوێرم سەرم بەرزبکەمەوە، لەبەر خۆمەوە بیردەکەمەوە داخۆ دایکم بۆ وا دەڵێ!

دایەگەورە دەڵێ ساڵان ژیان وەها نەبوو. بۆ ژیان تەنیا ماستاو، دۆ، دوێ سوێر، خورما و رۆن، نان و کولێرەیەک بەس بوو. گەر ئیشتیای ئاویشت بکردایە، ڕێگای کانی زۆر دوور نەبوو. دەڵێ ئەو ساڵانە کە دەچووی بۆ دەشت هەمیشە جۆگەلەیەک ئاو دەست دەکەوت کە گوێت لە دەنگی زوڵاڵی ڕۆیشتنی بێت. یاخود گۆرانیی کانیەک لە قەراخەکانی خۆیدا. دایکم بزەیەک دەیگرێ. لەبەر خۆمەوە دەڵێم دیسان درۆ دەکەن. ناوێرن باسی راستییەکان بکەن. ئەوان تەنیا کاتێک باسی خۆشییەکان دەکەن کە تەمەن ڕۆیشتووە!

کەچی هەنگاوەکانم راناوەستن. من دەستم لە دەستی دایکمدا هەر دەڕۆم. بانە داتەپیوەکان و گوێسبانە خەمگینەکانی دوانیوەڕۆیان خۆیان دەردەخەنەوە. گوێم لە دەنگی دایەگەورەیە هاوارم لێ دەکا قاچەکانی بۆ بشێلم. هەڵدێم! هاواردەکا توخمەسەگ گوێم لێتە و ئەوسا پێدەکەنێ. من لەو سەری کۆڵان هەموو چیرۆکەکەم لە بیرم دەچێتەوە. خەیاڵم دەچێتە سەر منداڵێک خەریکی ئالاسکە خواردنە. باوکی کە کۆت و شەرواڵێکی جوان و ڕێک و پێکی بە کەڕاواتەوە لەبەردایە، پێی دەڵێ ئاگای لە خۆی بێ خۆی پیس نەکا. ئالاسکەکە، ناو دەمی منیش شیرین دەکا. تفی دەمم قوت دەدەم و، لەبەر خۆمەوە دەڵێم رەنگە منیش رۆژێک بیخۆم. خاڵم دەیگوت بۆ ئەوەی هەموو منداڵەکان ئالاسکە بخۆن دەبێ شۆڕش بکەین، ئاوا نابێ!

سەیرە، لەبیرم دێت قەت دەستم لەناو دەستی دایکمدا ئارەقی نەدەکردەوە. بە ئیستایشەوە. بە لاچاو سەیری دەستە سپییەکانی دەکەم و، بە خۆم دەڵێم هی ئەوەیە زۆری ناگووشێ. دایکم دەیزانی چۆن دەستم بگرێ. هەر ئەوەندەی کە کاتێک کەمێک گەورەتر بووم رێگا بەڵەد نەبوو. باوکم چاوم لێ مۆڕدەکاتەوە و، دەڵێ گەورە بوویت و ئیستا پیاوێکیت و ئیتر دەزانی دەبێ چی بکەی. راستی من دەزانم چی بکەم!؟

لە دوورەوە دەنگی تەقەی ئاسنگەر و تەنەکەچی دێت. دەنگی وردەواڵە فرۆشەکان. هێلانە زەردەواڵەیەک دەوروژێ و، زەردەواڵەیەک بە لاملی منداڵێکەوە دەدا. ئەوەندەی پێ ناچێ تەپێ قوڕی سوور بە شوێنی پیادانەکەدا دەدەن. منداڵەکە هەر دەگری. باوکی شەپلاخەیەکی لێدەدا و، دەڵێ دەی کارت بە سەر زەردەواڵەوە چی بوو! منداڵەکە لە بەر ژان بۆی نایەت بڵێ کە ئەو تەنیا لەوێوە تێدەپەڕی. بۆنی چێشتێکی خۆش کە کەس نازانێ لە کوێوە دێت، گێژم دەکا. بە خۆم دەڵێم رەنگە دەبێ دیسان چاوەڕوانی شۆڕش بین.

ئێوارەیەکی پاییزە و، ئاسمان خۆڵەمێشی و بایەکی سارد دێت. باران دادەکا. پێڵاوە لاسیقییەکانم شڵقەیان دێت. کۆڵان دەبێ بە قوڕ. ئاغای مودیر چەترەکەی هەڵدەدا و، لە دوکانی میوەفرۆشییەکە دوو کیلۆ هەرمێ دەکڕێ. ئەوسا لەبەر خۆیەوە جوێن بەم شارە دوواکەوتووە دەدا و ئەو بەڵێنە بە خۆی دەدا کە داوای ئینتیقالی بکا و بۆیە ئەوەندەی نەماوە لێرە رزگاری بێت. منیش خەیاڵم دەڕوات بۆ شاران. بۆ ئەو شوێنەی ئاغای مودیری مەدرەسەکەی ئێمەی لێوە هاتووە. خەیاڵێک بە بێ باران و بە بێ کۆڵان و قوڕ. ئاغای مودێر کوڵمە خڕ و سوورەکانی

**دەخورێنێ و، تفێک ڕۆدەکا. لە دوورەوە دەنگی هاڕەی تەنیا کۆمپریسیەکەی شار دێت. شۆفیرەکەی چەند ساڵ دوواتر، لە دووای شۆڕش، لە شەڕێکدا کوژرا.**

**گوێم لە دەنگی پێکەنینی دایکمە. رەنگە گەیشتووین وا پێدەکەنێ. رەنگیشە نا. دایکم دەتوانێ لە نەگەیشتنەکانیشیدا بە دڵ پێبکەنێ. چاوەکانم ورد دەکەمەوە. بە خۆم دەڵێم بێگومان گەیشتووین. ئا،... گەیشتووین. ئەوسا گیرفانم پڕدەبێ لە تووە رەشە و، دەست دەکەم بە تروکاندنی. بە تۆخڵەوە دەیخۆم. جاری وایە دەپەڕێتە قوڕگم و، دەکۆکم. دونیا لەبەر چاومدا لێڵ دەبێ.**

**قوتابیە تەمبەڵەکان هەمیشە لە دوواوە دادەنیشتن. کەس نازانێ بۆ و کەس نازانێ کێ دەیناردنە ئەوێ. هەمیشە وەها بوو. من کە ریزی ناوەڕاستدا دادەنیشتم، هەمیشە حەزم لەوە بوو هەم وەک ئەوانەی دوواوە بم و، هەم وەک ئەوانەی پێشەوەیش. ئازا بە ماسولکە و، زیرەک لە مێشکدا. نە بووم بەوان و، نە بووم بەمان. ساڵان تێپەڕین. باوەگەورە دەیگوت ئەم هەتیوە نابێ بە پیاو! من رقم لە خۆمە. سەرکوتکراو و بە نومرەی 'دە'وە لەبەر ئاوێنەکەدا رادەوەستم و، چاوم پڕدەبێ لە فرمێسک. چۆلەکەیەک شێتانە خۆی بە پەنجەرەی ژوورەکەدا دەدا.**

**هەنگاوەکانم شل دەبنەوە. دایکم تێدەگا و، کەمێک دەستم دەگووشێ. حەزدەکەم بڵێم دایە با نەگەڕێینەوە. بەڵام هەر مکوڕە. دەڵێ لەوێ نەبێ ئێمە قەت یەک ناگرینەوە. مەگەر لەبیرت نایێ؟**

دەست دەبەم تۆنگەکەی پشت سەرم هەڵدەگرم و، بینی پێوە دەنێم. لە تاریکیی نیوەشەودا تەنیا دەنگی هەناسەی قورس و دەنگی پرخە دێت. ژوورەکە ئەوەندە گەرمە، خەریکە دەخنکێم. میزم دێت و، نازانم چی بکەم. هەڵدەستم و لە پەنجەرەکەوە دەیکم. سەر تەنوور ئەوەندە تاریکە وەک قورگی ئەژدیها،... لە ترسان لە نیوەدا دەیقرتێنم و ئەوی تری بۆ ناو جێگاکە جێ دێڵم. بۆ سبەی دۆشەکەکە بە هەڵواسراوی کە پەڵەیەکی تەڕی بە سەرەوەیە لەسەر پلیکانەکان دەبینم. هەتاو قەرارە یارمەتی دایکم بدات.

راستی دایکە تۆ ئەم سنوورانەت چۆن بەزاند و،... گەیشتیتە ئێرە؟ دایکم گوێی لێ نیە، یان رەنگە من پرسیارناکەم! نازانم. بە خۆم دەڵێم گەر قەرارە دایکم ئەو هەموو سنوورە بە تەنیا ببڕێ و بتوانێ بگاتە ئێرە، ئەوا دەگاتەوەساڵی پەنجایش. حەزدەکەم سەرم بەرزبکەمەوە و، لێی بڕوانم. دیسان ناوێرم. هەم سنوور و هەم ساڵی پەنجا دەڵێن هەموو شتێک درۆیە.

ئاسمان جاری وایە ئاسمانی نیوەشەوی هاوینە،... تەژی لە ئەستێرە بێ ئەژمارەکان. جاری وایشە ئاسمانی ناو چاو تاڵی رۆژێکی بەهاری. خوناوکە باران کوڵمەکانم تەڕدەکا. دیسان دایکم پێدەکەنێ و، دەڵێ دەبینی ژیان زۆریش ناخۆش نیە! ئاه، دایکم چەندە دیوی سپیی ژیانە. سەفەرێکە هەمیشە بەرەو رابردوو. باوەشێک پڕ لە خەونی بەردەوامبوون. تەنانەت ئەو کاتەیش زەمەنێک بە دەستەوە نەماوە. لەم کاتانەدا دەست دەباتەوە بۆ ناو توورەکەی رابردوو. ئەو دەتوانێ ژیان دیسان بانگهێشت بکاتەوە.

کوکوختییەک دەخوێنێ. جووتەکەی لە حەوشەوە سەر بەرزدەکاتەوە و، لە هێلانەکەیان دەڕوانێ. مێینەکە چاوەڕوانی شتێکە. داخۆ هێلکەکان تروووکاون؟

هەمیشە بیانوویەک بۆ دەست پێکردنەوە هەیە.

دایکم بزەی دێت و، دەڵێ زۆرمان نەماوە. من هەنگاوەکانم شل دەبنەوە. ئاماژە ناڕاستەوخۆکان و، راکێشانەکانیش دادم نادەن. دێتەوە بیرم لە دایکم هیچ شتێکم لە بیر نەماوە. ئەو، ئەوەندە لەوێ بوو کە لێم ون ببوو.

هەنگاوەکانم تینیان تێ دەگەڕێتەوە. سەرهەڵدەبڕم و، لە بەرامبەرم دەڕوانم. ساڵی پەنجا لەبەر دەممدا، نە ئەوەندە دوور، چاوەڕوانە. پۆلێک مەل بەسەر گەنمەجاڕەکانی قەراخ شاردا دەفڕن. بازێک بە سەر سەریانەوە.

رەنگە لەوێ، لەگەڵ دایکم بتوانین فکرێکیش بە حالی سنوورەکان بکەین!

## چۆن شێر بوو بە پاشا

شێر کە خۆی هەر لە ئەزەلەوە بە پاشای جیهان دەزانی، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ئاژەڵەکانی تر بە هێزتر بوو، بەڵام کێشەی ئەوەی هەبوو چلۆن ئەم پاشایەتییەی خۆی بە سەر ئاژەڵەکانی تردا بسەپێنێ.

ئاژەڵەکانی تر ئەمەیان لێ قەبوڵ نەدەکرد و، دەیانگوت راستە لە ئێمە بەهێزتری بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە ببیە پاشامان. شێر سەرەتا بۆ ئەوەی بتوانێ داواکەی خۆی بسەپێنێ، بە بێ ئەوەی برسی بێت، زیاد لە رادە و هەر لە خۆوە راوی دەکرد. کار گەیشتە ئەو شوێنەی ئاژەڵ هەموو ترسان وەها کە بەدەگمەن دەردەکەوتن. ئەوانەیشی مابوون، وەها کەمیان کردبوو کە ئەگەری لەناوچوونی یەکجارەکی بەرۆکی پێگرتبوون.

سەرئەنجام بەناچار رۆژێک نوێنەری ئاژەڵەکان لە دەوری یەک کۆبوونەوە بۆ ئەوەی رێگاچارەیەک بۆ ئەم کێشە یەکجار گەورەیە بدۆزنەوە. لە دووای بینینەوەی چارە، چوونە لای شێر و پێیان گوت ئەوان پاشایەتی شێر قەبووڵ دەکەن بەو مەرجەی شێر کۆمەڵگایەکی شارستانی و سیڤیل پێک بێنێ و، بەڵێن بدا هیچ ئاژەڵێکی تر نەخوا. نوێنەرەکان گوتیان بەشێکی ئەوەندە لە ئاژەڵەکان نەخۆش و پیر و پەککەوتە دەبن کە شێر پەکی لە خواردن نەکەوێ.

شێر لە دووای کەمێک بێنە و بەرە و پرتەوبۆڵە، کە چۆن دەبێ پاشا کەلاکی پیر و نەخۆش بخوا و، ئەمە بە مانای هێنانەخوارەوەی کەرامەت و ئاستی پاشایەتی ئەو دەبێ، سەرئەنجام ملی داو بە فەرمی بوو بە پاشای جیهانی ئاژەڵان.

ئیتر لەمە بەدووا شێری پاشا ناچار نەبوو رۆژ تا ئێوارە بە شوێن نێچیردا بگەڕێ. لە کولانەکەی خۆی کە ئێستا ببوو بە قەسرێکی رێک و پێکی چێکراو لە قامیش و لق و گەڵای دارەبی، پاڵی لێدایەوە و ئاژەڵەکانی تر کەلاکی مردوو و نەخۆشەکانیان بۆ دێنا.

سەرەتا خواردنیان ئاسان نەبوو. پاشا کە تەبعی بە گۆشتی تازە و خوێنی گەرم و بەلەزەت راهاتبوو، هەتا عادەتی بە کەلاکە سارد و تۆپیوەکان گرت، خایاندی. دوواتریش بە خواردنی زیاتریان هەستی کرد وەزع و حاڵی وەک جاران نەماوەو، بە تێپەڕینی کات هەتا دێت زیاتر کز و لاواز و ناشیرین دەبێ. رۆژێک کە بۆ ئاوخواردنەوە چووبووە قەراغ چۆمی، بە بینینی وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا داچڵەکا و، چەند هەنگاوێک کشایەوە. بە خۆی گوت "بەڕاست ئەوە منم!" ئەوەی لە ئاوی زوڵاڵی چەمەکەدا دەیبینی، شێرێکی داهێزراوی رەنگ و روو هەڵبزرکاوی یاڵ و گۆپاڵ هەڵپڕوزکاو بوو کە دەڵێی سەد ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو! شێر جاری وابوو دڵی بەیەکدا دەهات و، تا چەند رۆژ ئیشتیای هیچی نەدەکرد. هەستی دەکرد هەناسەی بۆنی کەلاکی گرتبوو و، وەک جاری جارانیش مێینەکان بەلایدا نەدەهاتن.

شێر بە خۆی گوت نا ئاوا نابێ، جاخۆ گەر بەم حسێبە بڕواتە پێش، ئەوەندەی تر ناژیم،... جا دەبێ رێگاچارەیەک بدۆزمەوە. لە لایەکی ترەوە شێر دەیبینی کە چلۆن لە دووای ئەوەی ببوو بە پاشا و کۆمەڵگای پڕ لە ئاشتەوانی دروست ببوو، چەندە ژمارەی ئاژەڵە گیاخۆرەکانی وەک کارمامز، گاکێوی و زەڕافە زیادیان کردبوو کە جێگایان بۆ هاتووچۆ لەو دەشتە پان و بەرینەدا نەهێشتبووەوە.

چی بکا چی نەکا، پاشا کێشەکەی لەگەڵ چەند دانە لە نوێنەری ئاژەڵەکان کە ئێستاکە تەواو لەیەکتر نزیک ببوونەوە و ببوونە برادەری گیانی بە گیانی، خستە بەرباس. ئەگەر چی نوێنەرەکان خۆیان زۆر لە باسەکە نەدەدا و، هەوڵیان ئەوەبوو هەر چۆنێک بێت پاشا بەوە رازی

بکەنەوە کە بەردەام بێت لە سەر وەعدە و بەڵێنی خۆی، بەڵام بە بینینی سەروسەکوتی تەواو تێک چووی، هەروەها بە دیتنی ئەو هەموو ئاژەڵە لە ناو سروشتدا، هاتنە سەر ئەو رایەی کە بەڵێ یاسایەکی تازە دامەزرێنن. یاساکەیش کە پێشنیاری خودی شێر لە دووای بیرکردنەوەیەکی زۆر لە قەسرە هەمیشە سەوز و فێنکەکەیدا بوو، ئەوە بوو کە ئاژەڵە گیاخۆرەکان نابێ چیتر لەمە بەدووا ئەوەندە کلک بزوێنن. چونکە ئەم کلک بزواندنە زۆر جار دەبێتە هۆی فلیقانەوەو کوشتنی مێش و مەگەز و مێشوولەکان و، ئەمەیش ژێر پێخستنی ئەو یاسا و بەڵێنەیە وا کاتی خۆی لە سەری ساخ ببوونەوە. جا هەر ئاژەڵێک لەمە بەدووا کلک بجووڵێنێ، ئەوا پاشا مافی ئەوەی هەیە بیخوا!

ئاژەڵەکان بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر تێکچوون. سەرەتا قەبووڵیان نەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی رێگاچارەی دیکەیان نەبوو، گوتیان باشە.

سەرەتا بۆ ئەوەی بتوانن لە ئێشی پێوەدانی مێش و مەگەز و مێشوولەکان دەربازبن، غاریان دەدا و هەتا دەیانتوانی وەها بە توونڈی هەڵدەهاتن کە هیچ مێش و مێشوولەیەک نەتوانن پێیان بگەنەوە. بەڵام چەندە بێسوود بوو! هەر ئەوەندەی رادەوەستان، دیسان یەکەوئان بە کۆمەڵ لێیان دەئالانەوە. خۆ نەیشدەکرا رۆژ تا شەو و شەو تا رۆژ خەریکی مۆزکردن و راکردن بن. بە ناچار بە گوێرەی یاسای تازە، ئەوانەی وا کلکیان هەڵدەسووڕاند دەبوو ببن بە ژەمی پاشا.

بە شێوەیە شێر وەک جاری جاران کەوتەوە خواردنەوەی گۆشتی تازە و، خوێنی گەرم و بەلەزەت. ئیستا ئەو هەم پاشا بوو و، هەم دەیتوانی

**بە تاوانی کووشتنی مێش و مێشوولەکان، خەریکی راوی ئاسک و گاکێوی و زەڕافە و بە گشتی هەموو ئەو ئاژەڵانە بێت کە رۆژ تا ئێوارە سەریان بە سەر مێرغوزارەکاندا شۆڕ بوو بۆ ئەوەی پاروەوە نانێک پەیدابکەن و، بیخۆن.**

**شێرەقوڕینە**

چەند رۆژێکە لە پشت شاخەکەی باشووری شارەوە، تۆزێکی زۆر بە ئەسپایی دێت و خۆی بە ئاسمای شاردا دەکا. سەرەتا زۆر دیاری نەدەدا، بەڵام بەرەبەرە خەست بووەوە وەها کە ئاسمانی شینی لێڵ کرد و خۆی بە هەموو کووچە و کۆڵان و خانووەکانی ناو شاردا کرد. چاوەکان دەستیان کرد بە سووتاندنەوە و، گەروو بە گیران.

ئیتر لە پەنجەرەکەمانەوە چاوم لەو کیژە شۆخەی دراوسێمان نەما وا لە پەنجەرەکەیانەوە بە بیانوو و بێ بیانوو خۆی دەردەخست، یان کاتێک لە حەوشە جلی بە تەنافەکەدا هەڵدەخست،... ئەوەی مایەوە تارماییەکی سێبەرئاسا بوو لە ئەو لە ناو بەستێنێکی زەردی تەماویدا. بە خۆم گوت چەند رۆژێکی تر چاوەڕێ دەبم.

گوێم لێ بوو یەکێک لە دراوسێکان هاواری کرد "ئۆخەی، ئەوە خاکی پیرۆزی مەککە و مەدینەیە،... ئۆخەی خوایە گیان  بۆ ئەو نیعمەتەی وا بە نەسیبت کردووین،... دەی یاڵڵا رۆڵە رووبکەنە حەوشە، دەرگا و پەنجەرەکان بکەنەوە با ئەم رەحمەتە بێ وێنەیە بێتە ژوورەوە... ئەمە ئەو خاکەیە حەزرەتی محەممەد هەنگاوی لە سەر هەڵێناوە و نوێژی لەسەر خوێندووە... ئەو خاکەیە پەیکەری پیرۆزی ئەوی لە باوەش گرتووە... حەک بە قوربانی بۆن و بەرامەی بم!"

ئەوسا گوێم لێ بوو بە تووندی کۆکی. زانیم دایەگەورەی هاورێکەی منە کە لە مێژە نەخۆشە و بە دەست نەفس تەنگییەوە دەناڵێنێ. وەک دەڵێن ئاسمی هەیە.

من لە ئاسمان دەڕوانم کە چەند رۆژێکە دیار نیە. سەیری پێڵاوەکانم دەکەم بە توێژاڵێک خۆڵ بە سەریانەوە. سەیری دەورووبەر کە هەر

هەمووی خۆڵە. دایکم دەڵێ "رادەوەستین تا تەواو ئەبێ، ئەوسا دەرک و ماڵ و حەوشێ هەر هەمووی پێکەوە ئەشۆینەوە."

ئەوەندەی پێ ناچێ گوێم لە دەنگی ئامبولانسە. بە زیق و زاق نزیک و نزیکتر دەکەویتەوە. بە خۆم دەلێم داخۆ بۆ کوێ دەروا. کتوپڕ شەوقی گڵۆپە هاروهاجەکەی کە ساتێک هەدای نیە، دەدا لە گوێسبانەکەی ئێمە. لەوانەیە گوێم کەڕ بێت. ڕێک لە تەنیشت دراوسێکەی ئێمە رادەوەستێ، بەپەلە چەند کەسێک لێیەوە دەردەپەڕنە دەرەوە و بە برانکاردێکەوە خۆ دەگەیەنە دایەگەورەکەکە.

لە ئاسمان دەڕوانمەوە. نازانم بۆ ئەوەندە سەرقاڵی ئاسمانم. رەنگە لەبەر ئەوەی چاوەڕێی ئەوەم لە پشت هەمان شاخەوە کونێکی تێبێ، شینایی دەرکەوێتەوە و دیسان دونیا وەهای لێ بێتەوە کە بوو. شاخیش ئەوەندە نوقمی مژە کە بووە بە هەیکەلێکی ترسناکی وەک ناو چیرۆکەکانی سەردەمی منالی،... کاتێک هەمان دایەگەورە بۆی دەگێڕاینەوە.

سەیری باخچەکە دەکەم. گوڵەکان سیس و تۆزاوی لێم دەڕوانن. دایکم چیتر ناوێرێ ئاویان بدات. تۆزەکە دەبێ بە قوڕ و ئەو تۆزەیش وا بەڵێنە دەستبەجێ لە سەر بنیشێتەوە، دیسان دەبێ بە قوڕ. پەڕەکان قورس قورس سەر نەوی دەکەن. دایکم بە پەنجەکانی روومەتی خۆی دەگرێ. پێم وایە دەبێ باخچەکەیش وەک دەرک و ناوماڵ و حەوشێ دەبێ راەستێ.

هەموو شتێ چەند بۆنێکی سارد لە خۆ دەگرێ. بۆنەکان ونن. ناو دەمم تفت و تاڵە. بە خۆم دەڵێم داخۆ کێ بە سەر ئەم خاکەدا لە مەککە و مەدینە رۆیشتبێ وا وەها مزرە!

باڵندەکانیش ئەم رۆژانە کەمتر دەفڕن، یان دەفڕن و من زۆریان نابینم. راستی دەزانن بۆ کوێ دەفڕن؟

لە سەر خیابانەوە دەنگێک دێت، کەسێک تاکسییەکی راگرتووە و دەڵێ دەچێ بۆ ئیدارەی ئاو. دەڵێ ئاویان نیە و تۆز خەریکە قڕیان دەکا. تاکسییەکە دەڵێ دەبێ بە دە هەزار. کابرا بە سەرسوڕمان و کەمێک تووڕەییەوە دەڵێ  دەهەزارتمەن! شۆفیرەکە دەڵێ بەڵێ دەهەزار! کابرا دادەبەزێتەوە و، دەڵێ "لەم تۆز و بێ ئاوییەدا خنکاندن باشترە لە قبوڵکردنی زوڵم!" ئەوسا دەنگی زرمەی پێوەدانی دەرگای تاکسییەکە دێت. گڵۆپە سوورەکان زۆر زوو لە ناو تەپ و تۆزەکەدا وندەبن.

بیر لە مەککە و مەدینە دەکەمەوە. وڵاتێک یەکجار دوور لێرە. داخۆ ئەوە چ با و گێژەڵووکەیەک بێت وا دەتوانێ خاکی سەحرا هەڵگرێ و بە هەزاران کیلۆمەتر راپێچی بدا و بیگەیەنێتە ئێرە! هەرچی ئەکەم باوەڕناکەم. بە خۆم دەڵێم دەستێکی لە پشتە، ئەگینا بۆ جاران وا نەبووا! بۆ شەو تەلەفزیۆن باسی گۆڕانی ئاو و هەوای زەوی دەکا و، پسپۆڕێک دەڵێ لەمە بە دووا دەبێ زیاتر چاوەڕوانی شتی لەم بابەتە بین. دەڵێ مرۆڤ زەوی تێکداوە. بە خۆم دەڵێم "نەمگوت دەستێکی لە پشتە!"

شەو لە پەنجەرەکەوە سەیری حەوشە دەکەم. بارستایی تۆزەکە زۆرتر بووە. جێ هەنگاوی چەند باڵندە بە سەر خۆڵەکەوە بە جێ ماون.

**دیارن. لە قەراغەکانیشدا جێ هەنگاوی جرج یاخود شتی تر کە من نازانم چین. بە خۆم دەڵێم لانیکەم دەزانین کێ بە حەوشەکەدا دێ و دەڕوا. لە ماڵی دراوسێکەمانەوە دەنگی گریان دێت. کەسێک دەڵێ "دەسگایان پێوە وەسڵ کردووە،... حەک کوێربم دایەگیان!"**

**دوو رۆژی تریش تێدەپەڕێ. ئاسمان لێڵ و لێڵتر و توێژاڵی خۆڵ ئەستوورتر و ئەستوورتر. رێک وەک زستان، کاتێک بەفر دەباری. وەک ئەو کاتانەی شێرەبەفرینەمان دروستدەکرد. تیشکی کزی گڵۆپی سەر دەرگای حەوشێ، دنکە تۆزەکانی پێ نابڕێ و لە خۆیدا دەکشێتەوە و دەمرێ. چاوم لە سەمای وردیلەکانە. زەرد زەرد لە ناو خۆیاندا کێ بەر کێیانە.**

**ئەم رۆژانە کە ژیان راوەستاوە و، کارێکی وەها نیە چی لەوە باشتر بڕۆمە دەرەوە و شێرەبەفرینەیەک،... نا، شێرەخۆڵینەیەک سازبکەم. دەچمە حەوشێ. بە خۆشییەوە، ئێمە بە پیچەوانەی کابرای تاکسی ئاوی بیرمان هەیە. دەچم و پووتێک ئاوی لێ دێنم. ئەوسا بە خاکەنازێک خۆڵی باریوی چەندین رۆژە هەڵدەدەمەوە. پووتێک ئاوی تریش دێنم. قوڕێکی چاکی لێ دەگرمەوە و، دەست دەکەم بە دروست کردنی شێرە خۆڵینەیەک،... نا،... شێرە قوڕینەیەک.**

**نازانم چی سازبکەم،... بەڵام دەستم بۆ خۆی خەریک دەبێ. تەواوی شەو مەشغوڵم. کە لێدەبمەوە، بەیانی زووە. ماندووم. پشتم دێشێ. چاوم دەکزێتەوە،... بەڵام خۆشحاڵ لەوەی توانیوومە شتێک لەم دونیا تەپ و تۆزاوییەدا بخوڵقێنم، حەجمینم نیە.**

کتوپڕ بایەکی توندی شێتانە هەڵدەکا و لە چەند چرکەدا تۆزی خەستی ئاسمان دەڕەوێنێتەوە. ئاسمانی شین لە دووای چەندین ڕۆژ دەردەکەوێتەوە. سەیری شێرەقوڕینەکەم دەکەم. لێی ورد دەبمەوە. مرۆڤێک بە قەدەر خۆم، نا کورتەباڵاتر. ڕاستی ئەمە کێیە؟... لە کێ دەچێ؟ هەر چی لێی دەڕوانم و، بیری لێ دەکەمەوە بە هیچ شوێنێک ناگەم.

کەسێک لە پشت پەنجەرەکەوە لێم دەڕوانێ و ماڵی دراوسێکەیشمان هەر هەموویان هاتوونەتە سەر بان. کە هەتاو هەڵدێ، ئاسمان ساماڵی ساماڵە. دونیا ئەوەندە گەرمە سەرتاپا شەڵاڵی ئارەق دەبم. هەناسەم سوارە. کتوپڕ پەڵە هەورێک لە ئاسۆوە پەیدادەبێ و، خۆی دەگەیەنێتە ماڵی ئێمە و ڕێک لە سەر سەری شێرەقوڕینەکە ڕادەوەستێ و دەیکا بە سێبەر.

گوێم لە دایەگەورەی هاوڕێکمە کە لە بیمارستانەوە، پڕ بە سینگی نەخۆش و دەنگی قرخنی هاواردەکا:

ـ "نەموت خاکی مەککە و مەدینەیە،... نەموت!"

**شەڕ و ئاشتی**

**کاتێک فڕۆکەوانەکە لە بڵیندگۆکەوە رایگەیاند کە فڕۆکەکە لە لایەن تیرۆریستانەوە دەستی بە سەردا گیراوە (دیارە ئەو بە خەباتکارانی رێگای ئیسلام ناوی بردن و، ئەمە ئەو ناوە بوو خودی تیرۆریستەکان لەسەر خۆیان نابوو و تیرۆریستیش ئەو ناوەیە من لە میدیاوە فێری**

ببووم)، کاتێک وتی قەرارە تا چەند خولەکی تر خۆی بکێشێ بە بینای گەورەی حکومی لە ناو شاری ستۆکهۆڵم، من خەریکی خوێندنەوەی رۆمانی کورتکراوەی 'شەڕ و ئاشتی'ی تۆلستۆی بووم.
رستەکانم بیست. لەگەڵ ئەوەی لە وشەکان دەگەیشتم، بەڵام وەک مانای گشتی بۆم سەر یەک نەخرانەوە تا قیژوقاو لە ناو تەیارەکەوە بەرزبووەوە. قیژوقاوەکە بووە هۆی ئەوەیکە سەر لە سەر کتێبەکە هەڵگرم و، جارێکی تر لە دەروونی خۆمدا بە رستەکانی فڕۆکەوانەکەدا بچمەوە.
بەڵام تێگەیشتنەکەیش نەبووە هۆی راچڵەکینم،... وەک موسافیرەکانی تر باری دەروونیم تێکنەچوو و هەروا ئارام لە جێگای خۆمدا مامەوە. مات و بێدەنگ لە دەورووبەرم رووانی. قیژوقاوەکە هەتا دەهات زیاد و زیاتر دەبوو، وەها لەوانە بوو گوێ و مێشکم بتەقن. لەبەر خۆمەوە وتم وادیارە خەڵک لە بیریان کردووە ژیان شەڕ و ئاشتییە.
خەڵکەکە نەیاندەزانی چی بکەن. هوروژم بەرن بۆ ژووری فڕۆکەوانەکە، یان هەروا لە جێی خۆیانەوە بقیژێنن، خۆیان بڕنن و یان شێتانە بە خۆیاندا بکێشن؟ تەنیا کەسێک لەو ناوەدا وەک من بێدەنگ بوو منداڵێکی رەنگە تەمەن سێ یان چوارساڵان بوو کە چاوەکانی لەسەر من مۆڵەق مابوون و وەک بڵێی بە سەرسووڕمانەوە لە منی دەڕوانی. منیش لێم رووانی. نیگاکانمان گەیشتنە یەک. بزەیەکم هاتێ. ئەویش بزەیەکی هاتێ. بە خۆم وت بێگومان لەو منداڵانەیە لێیشی بدەی، ناگری.
لە بڵێندگۆکەوە ئیتر هیچ دەنگێکی تر نەدەهات، جگە لە دەنگی خشەخش و بەیەکداکەوتنی شت و دەنگی هەناسە. من کە لە تەنیشت

پەنجەرەکە دانیشتبووم، سەیرێکی دەرەوەم کرد. هێشتا تەیارەکە بەرز بەرز دەفڕی و زەوی لەو ژێرانەوە دوور دوور بوو. خانووەکانی قەراغ شاری ستۆکهۆڵم دەرکەوتبوون. دونیا وەک هەمیشە سەرسەوز و جوان و رازاوە بوو. لێرە و لەوێ ئەو دەریاچە و گۆلەئاوانە دەبینران وا لە ناو دارستانە سەرسەوزەکاندا وەک بەردی ئەنگوستیلە دەدرەوشانەوە.
ئەوەندەی پێنەچوو لە بڵیندگۆکەوە کەسێک دەستی کردەوە بە قسەکردن. ئەمجارە، یەکی تر بوو. قێڕاندی کە هاوارهاوار بێ سوودە و ئەوەی ئیزن و رەزای خوای گەورە بووە دێتەدی و کەس ناتوانێ لێی دەرباز بێت. وتی هەتا ئەو خەڵکە ئارامتر بن بۆ دووارۆژی خۆیان لە زەمانی ئاخیرەتدا باشترە و خوای گەورە و مەلایکەکانی باشتر دەیانبەخشن. وتی ئەوەی لە رێگای خوا و ئیسلام و لەناوبردنی کوفردا دەمرێ شەهیدە و بۆیە خەم و خەفەت و هات و هاواری ناوێ. ئەوسا چەند جار پڕ بە گەرووی خۆی نەڕاندی "الله اکبر... الله اکبر... الله اکبر!" دیسان بڵیندگۆکە بێدەنگ بووەوە و... کەوتەوە خشەخش.
خەڵکەکە کە بۆ ماوەیەک ئارام ببوونەوە، بە تەواوبوونی نوتقی کابرای نادیار، سەرلەنوێ کەوتنەوە زیق و زاق. ئەمجارەیان یەکجار لە جاری پێشوو ترسناکتر. سەیرێکی منداڵەکەم کردەوە کە ئیستاکە سەری خستبووە سەر کۆشی دایکی و بە پەنجەکانی بە پەتێکەوە خەریک بوو. ئەو دایکەی وەک کۆتری نیوەسەربڕاو لە جێگای خۆیدا هەڵیدەخستەوەو، شێتانە سەری هەڵدەسووڕاند. من کە سەرئێشەم گرتبوو، دوو شتە پلاستیکییە بچووکەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و، خنیمە گوێکانمەوە. ئەوجا جوان پاڵم لێدایەوە و، چاوەکانم قونجاند.

زۆری نەخایاند راستبوومەوە! بە خۆم وت راستی ئەو دەنگە زۆر ئاشنا بوو، بڵێی کێ بێت! هەر چی بیرم کردەوە خەیاڵم نەچووە سەر شتێک. بەڵام وازم نەهێنا. بە خۆم وت یان دەیناسم یان دەنگی لە دەنگی کەسێکی ئاشنا دەچێ. بە خۆشییەوە ئەوەندەی پێ نەچوو کە دیسان هەمان دەنگ لە بڵیندگۆکەوە کەوتەوە قسەکردن. ئەمجارە باسی لەوە کرد کە ئەم کارەی ئەوان دەیکەن کارێکی زۆر گەورەیە و، دووهەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەکرێ و بۆیە دەبێ ئەو خەڵکە شانازی بکەن کە لە وەها رووداوێکی مەزندا هەن و دەوری شەهید دەگێڕن. فیلمێک کە خودای گەورە کارگێڕیەتی و نەقشەکانی بەسەر ئۆمەتی خۆیدا دابەشکردووە.

هەر لە قسەکردندا بوو کە من دیسان بیرم لە دەنگی کردەوە. کتوپر هاتەوە بیرم دەنگی زۆر لە دەنگی حەمەسووری دراوسێمان دەچێ کە بە سوورە بەناوبانگ بوو. سوورە کوڕێکی گەنجی خڕیلەی ناوچاو تاڵ بوو کە بە هۆی مێکوتەوە هەموو دەموچاوی گرنج گرنج ببوو. لە بیرم دێ دەنگی سوورە تایبەتی بوو. ئەوەی بۆ یەک جار بیبیستایە قەت لە بیری نەدەچووەوە. بگرە یەکەم شت لەودا سەرنجی رادەکێشا هەر ئەم دەنگەی بوو و، ئەو جار خەیاڵ دەچووە سەر شتەکانی تری.

بە خۆم وت "ئای یادی بەخێر!... بەڵام،... بەڵام ئەوە سوورە لێرە چی ئەکا!"

نازانم چەندەی مابوو خۆمان بە بینا گەورەکدا بکێشین کە کتوپڕ بیرم لەوە کردەوە ئەگەر ئەوە هەمان سوورەی هاوگەڕەکی خۆم بێت، رەنگە

گەر چاوم پێی بکەوێت بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم و پەشیمانی بکەمەوە. بە خۆم وت بڕواناکەم ئەوەندەیش بێڕەحم بێت،... دڵی نەرم ئەکەم!
بەڵام هەر بەمەیش رانەوەستام. بیرم کردەوە "باشە ئەوە منی نەگبەت سیاسەت هێنامییە ئەم وڵاتە و ئەوە ساڵانی ساڵە لێرە لە دوورەوڵاتی دەژیم، ئەی ئەو چی!؟ ئەو بۆ گەیوەتە ئێرە!؟" ئەوەندەی لە بیرم دێت سوورە کاری بە کاری کەس نەبوو،... هەمیشە بە ژیانی خۆیەوە سەرقاڵ بوو. لە بنەماڵەیەکی هەژار بوو و خاوەن دایک و باوکێکی نەخۆش و تەمەن گەڕاوە کە چاویان لە سوورەی کوڕیان بوو. ئەویش رۆژ تا ئێوارە بە ناو خیاباندا بە گارییەکەوە دەسووڕایەوە و خەریکی کار و کاسبی و پەیداکردنی دوو قڕان بوو. لە بەر خۆمەوە وتم "کوڕە بابە وازبێنە سوورەی چی و شتی چی... جا کوا دەتوانێ بگاتە ئێرە... ئەویش بە سواری تەیارە و لە کاتێکدا دەیشزانێ بینای حکومەتی سوئێد لە شاری ستۆکهۆڵم لە کوێیە!... هە هە هە... کوڕە شتی وانابێ!" تازە، وەرەو سوورە کە سەوادی وەهای نەبوو فێری زمانی ئینگلیزی بووبێ و بەم ئاسمانی باکووری ئۆرووپاوە بە ئینگلیزی لەگەڵ خەڵکی بدوێ و هەڕەشەشیان لێ بکا!... سەرێکم بادا و بزەیەک لێوەکانمی تەنی.
لەم کاتەدا ئاگام لێبوو چەند دانە لە موسافیرەکان شێتانە دەیانویست ئەو دوو دەرگایەی ناوەڕاستی فڕۆکەکە بکەنەوە کە بۆ کاتی تەنگانە دروستکرابوون؛... بەڵام هەرچیان دەکرد، بێسوودبوو. نائومێدانە دەیانقیژاند و بە لەقە و شەق بەربووونە دەرگاکان. هەندێکی دیکەیش

دەیانویست پەنجەرە بچووکەکانی تەنیشتیان بشکێنن و، لەوێوە خۆیان فڕێبدەنە خوارەوە! ئەو پەنجەرانەی بە هیچ کلۆجێک نەدەشکان.
بە خۆم گوت ئاوا نابێ، باشتر وایە شتێک بکەم. پلاستییکە بچووکەکانم لە گوێکانم دەرهێنان، شەڕ و ئاشتیی سەر کۆشم خستە زەنبیلەکەی بەر دەمم و رابووم و راستەوخۆ بەرەو دەرگای ژووری فڕۆکەوانەکە چووم.
لە دەرگاکەم دا. وەڵام نەبوو. توندتر لێمدا. دیسان وەڵام نەبوو. دەمم بە قڵشتی نێوان دەرگاکە و چوارچێوەکەیەوە نا و پڕ بە خۆم بە زمانی دایکی هاوارم کرد "کوڕە سوورە خۆمم،... بەکری دراوسێتان... لە بیرتە زستانان سەر بانی ئێمەت بە وەروەرە دەماڵی و پێش ئەوەی بڕۆیتەوە دایکم بانگی دەکردیتە ژوورەوە و نان و رۆنەکەرە و دوو چایی خەست و گەرم و بەلەزەتیشی دەدایتێ... ها لە بیرتە؟"
کتوپڕ هەستم کرد ژاوەژاوی ژووری فڕۆکەوانەکە کەمێک دامرکایەوە و، بێدەنگییەک زاڵ بوو؛... هەرچەند لە پشت سەرمەوە هاوارهاواری خەڵک خەریک بوو فڕۆکەکەی هەڵتەدەکاند. درێژەم دایە: "سوورەگیان نازانم لە کوێ ئەم ئینگلیزییە جوان و پاراو و رەسەنە فیربووی کە بەڕاستی پێی سەرسامم، لەمە زیاتر نازانم لە کوێ فێری سیلاح بوویت و رێگای ئۆرووپات دۆزیوەتەوە و جگە لەمە چۆن چۆنی دایک و باوکی بەستەزمانت کە ئیستاکە ئەگەر نەمردبێتن بە تەواوی پیر بوون جێهێشتووە،... هەر چۆنێک ئەمەت کردووە زۆر گرینگ نیە و دیارە دەبێ ئەو کاتیش پیاوێکی زیرەک بووبیت کە کەس پێی نەزانیوی، بە خۆیشمەوە، بەڵام توو سەری خۆت ئەمجارەیان بیکە بە خاتری ئەو ساڵانە و ئەو کاتانە و رەحمێک بە دراوسێیەتی قەدیممان بکە و با

**تەیارەکە بە خێر و بە سەلامەتی بنیشێتەوە... گوێت لێمە سوورە گیان!... ها گوێت لێمە؟ تکایە روحمێک بە غەریبی چەندین ساڵەی من بکە"**

**کتوپڕ بەم رستەیەی دوواتر دڵم پڕ بوو و، چاوەکانم تەژی بوون لە فرمێسک.**

**لەو دیو دەرگاکەوە هیچ وەڵام و کاردانەوەیەک نەبوو. بێدەنگییەکە ئەوەی دەسەلماند من هەڵەم نەکردبوو و، ئەوەی وا دەیویست فڕۆکەکە بە بینای حکومیی ستۆکهۆڵمدا بکێشێ، سوورەی دراوسێمان بوو کە من ساڵانی ساڵ بوو نەمبینیبوو،... بگرە هەر فرامۆشیشم کردبوو.**

**تەیارەکە لە بەرزاییەکەی کەم دەبووەوەو دادەکشایە خوارەوە. لەگەڵ داکشانەکەدا دەنگی هاوارهاواری خەڵکەکەیش هەتا دەهات زیاتر دەبوو. یەک هاواری کرد "گەر دەمزانی لە دووای نیۆیۆرک نۆرەی ستۆکهۆڵمە، ئەوا لە قوزیایکیم دەبرد و قەت رووم تێنەدەکردا!" من کە قەت باوەڕم نەدەکرد دەنگی مرۆڤ دەتوانێ ئاوەها تا بێسنوور بکشێ، بیری ناڵەناڵی سەرباز و خەڵکە کوژراوە و بریندارەکانی ناو رۆمانی شەڕ و ئاشتی کەوتمەوە. بە خۆم گوت "بێگومان سوورە قەت شەڕ و ئاشتی نەخوێندووەتەوە!"**

**لەو دیو دەرگاوە، بێدەنگی هەروا بەردەوام بوو. ئەو چکە خشەیەیش لە بڵیندگۆکەوە دەهات، بڕا. هاتەوە بیرم یەکێک لە ئاواتەکانی دایک و باوکی سوورە، چوون بۆ حەج بوو. باوکی بە باوکمی گوتبوو گەر کوڕەکەی بیتوانیایە بانی زیاتر بماڵێ و بیگێڕێ ئەوا بێگومان دەتوانن تا چەند ساڵی تر بگەنە ئاواتەکەیان.**

ئارام گەڕامەوە سەر جێگاکەم. شتە گوێخنە پلاستیکییەکانم خنییەوە ناو گوێکانم و شەڕ و ئاشتیشم خستەوە سەر کۆشم. پێش ئەوەی پاڵ بدەمەوە و، چاوەکانم بقونجێنم سەیرێکی منداڵەکەم کردەوە. لە کاتێکدا دایکی بورابووەوە، ئەو هەروا خەریکی کایەکردن بە پەتەکەی بوو.
فڕۆکەکە دەڵێی لەگەڵ داکشانی، خێراییەکەیشی زیادتر دەبوو. جەستەی گەورە و قورس و گرانی کەوتە لەرزین. دەنگی مۆتۆڕەکانی دونیایان کاس دەکرد. هاڕەهاڕێکی ترسناک دونیای تەنیبوو. تەیارەکە پێش ئەوەی خۆی لە بیناکە بدات بە نیوە خولێک بە دەوریا هات. من چاوم بە خانووە زەلامەکە کەوت: سوور و زەرد و سەوز بە حەوشەیەکی خڕ و گەورە لە ناویدا.
لە بەر خۆمەوە وتم "ئای سوورە! ئاخری کاری خۆت کرد!"
بەڵام،... بەڵام راستی چ کارێک؟... مەگەر سوورە قەراربوو کارێک بکات!؟
چاوەکانم توند قونجاند و، هەوڵمدا بیر لە ئیمپڕاتۆری روسیە و فەڕانسە لە سەدەی هەژدە بکەمەوە. ئەو کاتانەی بۆ گەیشتن بۆ وڵاتان، ئەسپ باشترین ئامراز بوو. ئەو ئەسپانەی زۆر جار لە شەڕەکاندا ئەوانیش وەک مرۆڤەکان دەبوونە قوربانی بە بێ ئەوەی لە شوێنێک ناویان بێنن. دەستەکانم  لە کورسییەکە توندتوند گیردا و جەستەم رەق کرد و گڕمۆڵە. بەو هیوایەی رەنگە جەستە لە هەر هێزێکی تر بەهێزتر دەربچێ.
کە چاوەکانم هەڵهێنایەوە، بینیم لە حەوشە خڕە گەورەکەی ناو بیناکەدا کەوتووم. هەموو شوێنێک داڕماو و، گەمارۆدراوی تەپ و تۆز

و گڕ و دووکەڵ. پەلەم نەکرد. هەروا لە دەورووبەرم ڕوانی. ڕێک بەو شانەیدا وا منداڵەکەی لێ بوو رووم وەرگێڕا،... جگە لە دار و پەردووی بەسەر یەکدا رووخاو و ئاسن و تەنەکەی لەتوکوت، هیچی ترم نەبینی. بە خۆم گوت "وادیارە وەک فیلمەکان تەنیا کەسێک رزگاری بووە و ئەو کەسەیش منم!" خۆشحاڵ یا خەمناک، نازانم؛ بەڵام لە بیری ئەوەیدا ئیستاکە هەڵدەستم و سەرلەنوێ بە بەدەستەوەگرتنی شەڕ و ئاشتی جارێکی تر بەرەو ماڵەوە دەبمەوە، جووڵام؛... بەڵام هەرچیم کرد بێ سوود بوو. دەست و قاچ لەگەڵم نەدەهاتن. تووڕەییەک دایگرتم. "حەک لە قو..." بەڵام جوێنەکەم گێڕایەوە. دایکی سوورە بێ تاوانترین دایکی دونیا بوو.

ئامبولانس و خەڵکی یارمەتیدەر گەیشتبوون. دونیا دەڵێی لە دونیای ناو فڕۆکەکە قەرەباڵغتر ببوو. من هێشتا عەبەساوی ئەوەی کە بۆ ناتوانم هەستم و بڕۆم، چاوم بە سەری سوورە کەوت کە دابڕاو لە جەستەی لە تەنیشت بەردێکەوە لە منی دەڕوانی. بە بێ هیچ چەشنە جووڵە و چاوتروکاندنێک. ئاە، هەڵەم نەکردبوو،... خۆی بوو.

بۆ ساتێک، لە دووای ساڵانی ساڵ زستانی پڕ بەفری ئەو ساڵانە و بانیژێکەی حەشەی پشتەوەم هاتەوە یاد.

## ئاوێنە ـ سێبەر

سالآنێکی دوورودرێژە دەمەوێ چیرۆکی ژیانی خۆم بنووسمەوە. لەگەڵ نووسەرێکی شارەکەمان قسەم کرد. وتم هەرچەند زۆر شتی تایبەتی لە ژیانی مندا روویندەداوە، بەڵام هەستدەکەم دەبێ بینووسمەوە. وتی ژیانی هەموو کەس خۆی لە خۆیدا ئەوەندە گرینگە کە بتوانرێ ببێ بە چیرۆک. سوپاسم کرد. بەڵام هاوکات وتی دەبێ جۆرێکی بنووسی و بیگێڕیتەوە کە ببێ بە چیرۆک! وتی راستە ژیان خۆی لە خۆیدا چیرۆکە، بەڵام لە نێوان ژیان و گێڕانەوەدا هێشتا مەودایەک هەیە و، دەبێ بە شێوازی گێڕانەوە پڕبکرێتەوە. من کە لەم قسەیەی جوان نەگەیشتم، بە خۆم وت ئەم بەشەی دادەنێم بۆ کاتێک دەستم پێکرد.

ماڵەوە قەرەباڵغ بوو. نەمدەتوانێ لە تەنیایی خۆمدا دابنیشم و دەست بکەم بە نووسین. یان دەنگی رادیۆ بوو، یان تەلەفزیۆن، یان میوان و هەروەها ژاوەژاوی خێزان لە ژیانی رۆژانەدا کە قەت نەدەبڕایەوە.

هەوڵمدا بە شەو، کاتی خەوتنی خێزان و دونیا بنووسم، بەڵام بێسوود بوو. یان خێرا ماندوویەتی رووی تێکردم، یان خەیاڵم بەلایەکی تردا دەڕۆیشت. جگە لەمە من پیاوی شەوزیندەداری نەبووم. دەبووا بخەوم. رۆژیش هیچ لە دایک نەدەبوو.

بڕیارمدا رووبکەمە هۆتێلێک. بەیانییەکی رۆژێکی پاییزی، جانتاکەم لە کەل و پەلی پێویست خنی و جلوبەرگم لەبەرکرد و دەرکەوتم. ئەوەندە قەرەباڵغ بووین کە کەس لێمی نەپرسی "ئەرێ خێرە،... ئەوە بۆ کوێ!؟" بۆیە لەگەڵ خۆم کەمێک دڵشکاویشم هەڵگرت و، لە کاتێکدا 'با' گەڵا وەریوەکانی دارسێوەکەی بە روومدا دەدا، مەودای حەوشەکەم تێپەڕاند و خۆم گەیاندە دەروازە گەورەکە. بە خۆم وت "رەنگە ئەمە پێویستییەکی بەنووسەربوون بێ!"

هۆتێلێکی کۆنم لە ناو شاردا دەناسی. قەت لەوێ شەوم بەسەرنەبردبوو، بەڵام دەمزانی خەڵکێکی زۆر، سەرەڕای وەزعی نە زۆر باشی رووی تێدەکەن. کابرای خاوەن هوتێل کە ئەو رۆژە بە رێکەوت لەوێ بوو، پاش بەخێرهاتنم، لەگەڵ ئەوەی ژوورێکی پێدام و راشیسپارد کە بە تایبەتی ئاگایان لێم بێ گەر شتێکم پێویست بوو، بە نیگای پڕ لە پرسیارەوە بەڕێی کردم. پرسیارێک لەو بابەتەی "چۆنە خەڵکی شار دێت و لە هۆتێل دەخەوێ!" جانتاکەم هەڵگرت و بە پێ پلیکانەکاندا کە پیس و چەور بوون، سەرکەوتم. ژوورەکەم بە سەر شەقامە قەرەباڵغەکەدا نەیدەڕووانی و، لە راستیدا لە دیوی پشتەوەی هۆتێلەکە بوو کە بەر سەر کەلاوەیەکدا دیمەنی هەبوو. دیارە بۆ خۆم ئەمەم داواکردبوو. مەگەر 'بێدەنگی' مەرجێکی بەنووسەربوون نیە؟

دەرگاکەم کردەوە. ژوورێکی بچووک بە تەختێکی کۆنی خەو، گڵۆپێک بە سەقفە رەنگ زەردەکەیەوە و... ئاوێنەیەکی قەدیمی و ژەنگاویش بە دیوارەکەی بەرامبەر تەختی خەوەکەوە. ئاها!... بە خۆشیشەوە مێزێکی گچکە و کورسییەک کە دەمتوانی بۆ نووسین بە کاریان بێنم.
سەرەتا جانتاکەم دانا و لەسەر تەختەکە پاڵکەوتم. بە خۆم وت پێش لە هەر شتێک دەبێ بە ژوورەکە ئاشنابم،... یان رەنگە ژوورەکە بە من. لە سەقفەکە مۆڕبوومەوە و، هاوکات هەوڵمدا زەینم لەسەر بابەتی نووسینەکەم کۆبکەمەوە. تەمەنم تازە لە بیست و پێنج ساڵ لایدابوو، بەڵام شتێک لە دەروونمدا بوو کە حەزم دەکرد ئەم بیست و پێنج ساڵە بخەمە سەر کاغەز. چەند ساڵی سەرەتای تەمەن کە پێم وایە کەس لە بیری نەماوە بە لایەک، بەڵام دەمتوانی لە تەمەنی کەمێک هەڵکشاوەترەوە دەست پێبکەم. بۆ وێنە لە سێ ساڵییەوە، یان چوار... یان کشاوەتر. لەم خەیاڵاتانەدابووم کە خەوبردمیەوە. کە بەئاگاهاتم، ژوورەکە تاریک تاریک بوو. لە پەنجەرەکەوە رووناکاییەکی کز خۆی بە ژوورەوەدا دەکرد. هەستام. گڵۆپەکەم هەڵکرد. تیشکی زەرد و کزی بڵاوبووەوە. یەکەم شت کە بینیم هەیکەلی خۆم بوو لە ئاوێنەکەدا. کشاوەوە و تەنیا. گوێم بۆ بێدەنگی ژوورەکە راداشت. بە خۆم وت ئەمە ئەو شتەیە وا من پێویستم پێیەتی.
ئەو شەوە لە پاش نانخواردن، لە پشت مێزەکە دانیشتم، قەڵەم و دەفتەرەکەم دەرهێنا و لە هەوڵی نووسیندا دەستم کرد بە بیرکردنەوە. دەستم پێکرد. پێم وابێ چەند رستەیەکم نووسی. باسی یەکەم بیرەوەرییە ناڕوونەکانم لە ژیان لە تەمەنی هەرە کەمی خۆمدا. ئەو

بیرەوەرییە نارِوونانەی وا هەوڵمدا بە خەیاڵ روونیان بکەمەوە و، بیانکەم بەو رووداوانەی کە دەبووایە هەبن! بیری قسەی چیرۆکنووسەکەی شارەکەمان کەوتمەوە. خەنی لە خۆم بزەیەک گرتمی. بە خۆم وت بێگومان رۆمانێکی باشی لێدەردەچێ!

بەڵام لە دووای هەر پەرەگراف یان چەند رستەیەک، هەستم دەکرد شتێک هەڵەیە و بۆیە کاغەزەکەم گرمۆڵەدەکرد و فرِێم دەدایە ناو زبڵدانە بچووکەکەی تەنیشت مێزەکەوە. ئەوسا سەرلەنوێ دەستم دەکردەوە بە نووسین. دیسان پەشیمان دەبوومەوە. هەر چیم دەکرد یەکەم وێنە نارِوونەکانی سەرەتای ژیانم بۆ کۆنەدەکرایەوە. تەنانەت خەیاڵیش نەیدەتوانی یارمەتیدەربێت. بە خۆم وت "گەر سەرەتا نادیار و نارِوون بێ، داخۆ ناوەرِاست و کۆتایی دەبێ چۆن بێ!"

ئەو شەوە بە بێ هیچ چەشنە دەستکەوتێک، گڵۆپەکەم کوژاندەوە و چوومەوە ناو جێگاکەم. لە پەنجەرەکەوە دیسان تیشکێکی بە ئاستەم خۆی کردەوە بە ژوورەکەدا. کات چەندە تێپەرِی،... نازانم. کتوپرِ لە خەو خەبەرم بووەوە. هەستم کرد گوێم لە شتێک ببوو. چاوم بە ناو تاریکیەکەدا گێرِا و گوێم هەڵخست. نا،... چرپە چییە نەدەهات. سەیری ئاوێنەکەم کرد. تاپۆی خۆمم تیابینی. بە سەرێکی بزۆزەوە کە دەیویست بزانێ ئەو دەنگە چی بووە. پاڵکەوتمەوە. چاوم بە جوانی نەچووبووەوە خەو کە دیسان دەنگەکە هاتەوە. دیسان سەرم بەرزکردەوە. بینیم لە ئاوێنەکەوە کەسێک هاتەدەر. سەرەتا کەمێک راوەستا و لە ناو تاریکیدا لە منی روانی، پاشان چوو و لە سەر کورسییەکە دانیشت و قەڵەمەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە نووسین. من کە نەمدەزانی بترسم

یا نا، هەروا لێم دەڕوانی. بە خۆم وت باشتر وایە لێیگەڕێم، بەڵکو ئەو سەرەتای چیرۆکەکەم بۆ بنووسێ. بە دەم ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوەوە، خەوم لێکەوتەوە.

سبەی کە لە خەو هەستام، بە پەلە چووم و سەیری دەفتەرەکەم کرد. ئاوێنە ـ سێبەرەکەی دوێشەو، چەندین و چەندین لاپەڕەی نووسیبوو. خوێندمنەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی دێڕەکان، کتوپڕ ژیانی سەرەتاکانی منداڵیم، ڕێک وەک ئەوەی کە بوو لەبەر چاوەکانمدا ژیانەوە. چ موعجیزیەک! باشە ئەو لە کوێ ئەمانەی دەزانی!؟

شەو، هەوڵمدا لەو شوێنەی وا ئەو وازی لێهێنابوو، دەست بکەم بە نووسین، بەڵام دیسان بە تووش کێشە بوومەوە. بە خۆم وت "چیرۆکێک کەسێکی تر دەستی پێکردبێ، وا باشتر نیە هەر بۆ خۆیشی کۆتایی پێ بێنێ؟"

بۆیە شەو خێراتر لە هەر کاتێکی تر چوومەوە ناو جێگاکەم و، چاوەڕوان مامەوە. ئاوێنە ـ سێبەرەکە دیسان هاتەوە و دەستی کردەوە بە نووسین.

من بیست و پێنج شەو لە هوتێلەکە مامەوە.

ئەو ڕۆژەی ویستم هۆتێلەکە جێ بێڵم و، بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، خەریکی کۆکردنەوەی کەل و پەلەکانم بووم کە بینیم قەڵەمەکەم نەماوە. ژێر مێزەکە، تەنیشتی، سەر تەختەکە و...هەموو ژوورەکە گەڕام. بێسوودبوو. هاتەوە بیرم لە تەواوی ئەم بیست و پێنج ڕۆژەدا قەت قەڵەمەکەم لە سەر مێزەکە نەبینیبوو.

**بۆ دوواجار لەبەر ئاوێنەکەدا راوەستام. لە کەلاوەکەوە دەنگی قاڕەقاڕی قشقرەِ دەهات. لە خۆم رووانی. لە دووای بیست و پێنج رۆژ، جگە لە زۆربوونی ریشم، هیچ گۆڕانێکی تر بە سەر رواڵەتمدا نەهاتبوو. چیرۆکەکەم نەخوێندبووەوە. دامنابوو دوواتر بیخوێنمەوە. راستی ئاوێنە - سێبەرەکە چۆن چۆنی بەسەرهاتی منی گێڕابووەوە؟ لە کوێ دەیزانی؟ لەم خەیاڵانەدا بووم، بینیم شتێک لە ئاوێنەکەدا جوولا. لە پشت منەوە لە ئاوێنەکەدا تارماییەک جوولا. لام کردەوە، بە خەیاڵی ئەوەی کەسێک لە ناو ژوورەکەدایە، بەڵام نا، سێبەرەکە لەوێ لە پشت منەوە بوو.**

**تارماییەکە تا ئەو جێگایەی خۆی دەردەخست زۆر لە منی دەکرد، چ بە قەد و چە بە شێواز. جاری وابوو دەبووینەوە بە یەک و، جاری وایە کەمێک جیا. دەمم کردەوە شتێک بڵێم، بەڵام وازم هێنا. گەر خۆی نەیەوێ بدوێ، من بۆ بدوێم. رەنگە کاری ئەو تەنیا نووسین بێت.**

**دانەویم، جانتاکەم هەڵگرم و بڕۆم کە دەستێک لە ئاوێنەکەوە بۆم کشا. قەڵەمەکە بوو. ئارام وەرمگرت و خستمە گیرفانمەوە.**

**پێش ئەوەی بە یەکجارەکی، دەفتەر لە بن باخەڵ، بچمە دەرەوە بۆ دوواجار سەیری مێز و کورسییەکەم کرد. بە خۆم وت "سالانی داهاتوویش دێمەوە."**

**'لاریێ'ی لاری**

**عەتا، قوڵە و باڵاکورت بوو، بەڵام خاوەن سەرێکی زل و ملێکی پان بوو. سەر و ملی ئەوەندە زل و پان بوون کە دادەنیشت لە پاڵەوانی دەکرد، کە هەڵیشدەستایە سەر پێ ئیتر رازەکەی دەردەکەوت و دەبووەوە بە هەمان قوڵەی جاران.**

**بەڵام بۆ خۆی خەفەتی بەمە نەدەخوارد. عەتا قوڵە، کە جاری وایش بوو پێیان دەگوت عەتا مل پان، خاوەنی کەڵەشێرێکی لاری بوو کە لە وڵاتدا بۆ ئازایەتی دەنگی دابووەوە. کەڵەشێرەکەی، بە پێچەوانەی خۆی، یەکی زلی باڵابەرزی مل درێژی سینگ پان بوو کە کاتێک دەیقووقاند وەک تێلا راست دەبووەوە و، ئەوەندەی تر باڵای دەکشا. لەم کاتانەدا کلکی مەیلەوڕەشی لە عەرز دەخشا و پۆپنەکەیشی بەرز تا**

**کەشکەڵانی ئاسمان. ئەوسا دەنگێکی گڕی ناحەز و پچڕپچڕ لە قوڕگی دەهاتەدەر کە دەڵێی لە گەروویەکی پڕ لە گرەبەردەوە دەگوزەرا و ڕێگای خۆی دەکردەوە.**

**لارییەکەی عەتا قوڵە، لە شار کەڵەشێر نەبوو نەیبەزاندبێ. هەموویانی شەق و شڕ کردبوو. پیاوی دەویست خۆی لەبەر رابگرێ. لە کاتێکدا 'لارێ'ی لە باوەشدا بوو (ئەم ناوە بۆ خۆی لێی نابوو)، گەڕەکاو گەڕەک دەڕۆیشت و لە کەڵەشێری خەڵکی بەردەدا و پاشان ئەو پارەیەی وا لە سەری مەرجیان بەستبوو، دەیخنیە گیرفانی و بە بزەوە و بە شانازییەوە لارێی دەخستەوە بن باخەڵی و بەرەو ماڵەوە دەبووەوە. تەنانەت وای لێهات عەتا بۆ شەڕە کەڵەشێر دەچوو بۆ گوند و شارەکانی تر و لەوێیش دیسان بە سەربەرزی دەگەڕایەوە. راستییەکەی ئەوە بوو کەڵەشێرە لارییەکەی عەتا مل پان لە بۆکسۆڕەکانیش وەزعی باشتر بوو. ئاخر ئەوانەی یاریی مستەکۆڵەیان دەکرد، جاری وابوو دەیاندۆراند و، کەچی لارێی ئەو قەت نەیدۆڕاند. وای لێهات هەندێ لێی کەوتنە گومان و، لایان وابوو کە عەتا پێش لە هەندێ لە شەڕەکان بەرتیل دەداتە خاوەنی کەڵەبابەکانی تر! ئەگینا شتی وا چۆن دەبێ کە کەڵەشێرێکی حیز قەت لە ژیانیدا نەیدۆڕاندبێ! مەگەر شتی وا دەبێ!؟**

**بەڵام دەبێ! راستییەکەی ئەوە بوو عەتا قەت بەرتیل و مەرتیلی بە کەس نەدابوو. کەڵەشێرەکەیشی زۆر بێ منەتانە، هەموو جارێک لە مەیدان خۆی دەرخستبوو و رووی خاوەنەکەی سوورکردبوو.**

**لارێ ئەوەندە زل بوو کە کاتێک عەتا لە باوەشی دەگرت، تەواوی لاسەرووی لەشی دەتەنی و لە راستیدا تەنیا سەری عەتا بە دەرەوە**

دەبوو. سەری بەو دوو چاوە لە خۆڕازی و گەشانەوە کە دەڵێی هەموو دونیا هی ئەو بوو.

کەس لەم شارەدا بەقەد عەتا مل پان لە ژیانی خۆی رازی نەبوو.

هەڵبەت بەرەبەرە لاریێ تەمەنی هەڵکشابوو و، گەنجیەتی جارانی نەمابوو،... هەرچەند بەردەوام بەگوڕ و بە تین بوو. زۆر جار کاتیک سەیری شەڕەکانیم دەکرد، بەو ئەنجامە دەگەیشتم کە لاریێ ئیستاکە زیاتر لەوەی بە وزە شەڕ بکا، بە ئەقڵ و بە ئەزموون دەیکرد. بڕواناکەم هەڵەیش بم، ئەو کاتانەی بە خۆی دەدا و، هەڵەشەنەبوونی و لەمە زیاتر جۆری نیگاکانی بۆ سەر کەڵەشێرەکانی تر، رێک پێش ئەوەی شەڕەکە دەست پێبکا، هەموو سەلمێنەری ئەم راستییە بوون. لانیکەم لای من.

ژیان هەروا بەردەوام بوو و، عەتا قوڵە و کەڵەشێرە لارییەکەیشی خەریکی کۆڵانە و کۆڵان کردن و شەڕکردن. هەتا کتوپڕ بارودۆخی وڵات گۆڕاو و، ژیان رواڵەتێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت. ئەو شەقامە ئارام و خۆش و بێدەنگەی کە رۆژانە خەڵک تیایا خەریکی کاسبی و هاتووچۆ بوون، لەنەکاو بوو بە مەیدانی جەماوەر و خۆپیشاندان و دروشمدان. نەک شارەکەی عەتا و لاریێ، بەڵکو هەموو شارەکانی دیکەیش بەزمیان تێکەوتبوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کاروکاسبییەکەی عەتا قۆرتی تێکەویێ و، وەک جاران نەمێنێ. خەڵک سەرنجیان چووبووە سەر شتی تر. جگە لەمە ئیستا هەندێ کەس پەیدا ببوون کە باسی مافی ئاژەڵان و کۆتایی هێنان بە بێڕەحمی مرۆڤیان سەبارەت بەوان دەکرد و دەیانگوت

چیتر ئاژەڵ نابێ داردەستی دەستی مرۆڤ یاخود ئامرازی خۆشگوزەرانی ئەو بێت. ئەو قسانەی وا عەتا هەڕەی لە بڕەی نەدەکردەوە.
ئەمە بووە هۆی ئەوەی عەتا ماوەیەک دەست راگرێ و، راوەستێ بزانێ دونیا بە چ لایەکدا دەگەڕێ. جا بە دوور لە خەڵکی و لە هەراوهوریای خیابان و ویتەویتی سیاسەت و گرتن و کوشتن، زیاتر لە جاران دەستی کرد بە راگەیشتن بە کەڵەشێرەکەی. راستییەکەی ئەوە بوو کە تەمەنی لارێ لە پێنج لایدابوو و، عەتا بە ئەزموون دەیزانی کە کەڵەشێر رەنگە تا هەشت ساڵ بژی، یان رەنگە زیاتر. بۆیە بە خۆی گوت "ئەمە فورسەتی چاکە، ماوەیەک با لارێ بحەسێتەوە." لارێ کە چاوێکی کوێر ببوو و پۆپنەکەیشی لە چەند لاوە دڕابوو و بە هۆی برینی چەند جارەوە قەتماغەی بەستبوو و گرێی تێکەوتبوو، ئیستا زیاتر لە حەوشەی پشتەوە خەریکی دانخواردن و چینەکردن و مۆڕبوونەوە لەو باڵندانەی بوو وا بە ئاسماندا دەهاتن و دەچوون. گەر زەوقیش بیگرتایە ئەوا جاروبارە بەو مریشکە سپی و سوور و بەڵەکانەیشدا دەپسا وا عەتا لێی مارەکردبوون!
هەڵبەت ناوەناوە بەشی ئەوەندە بەزمی شەڕە کەڵەشێر مابوو، بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو دۆخی تازە وەها باڵی بە سەر شارەکەدا کێشابوو کە تامی جارانی نەمابوو. نە خەڵکی وەک جاران لێی کۆدەبوونەوە و، نە ئەوەندەیش پارەی تیا پەیدادەکرا. وەزعی گیرفانی عەتا باش نەبوو و دایکە پیرەکەی بۆڵاندی کە دەبێ لە بیری شتی تردا بێت.
رۆژێکیان کە عەتا لە گەڕەکێکی دوور لە شەڕەکەڵەشێر دەگەڕایەوە، بە سەر خۆپیشاندانی خەڵکیدا کەوت. شەقام یەکجار قەرەباڵغ بوو و،

خەڵکێکی زۆر بە ناو خیابانەکدا لە کاتێکدا مستیان لە ئاسمان گرتبوو و دروشمیان دەدا، تێدەپەڕین. عەتا قوڵە، بە کەڵەشێرەکەی باوەشییەوە لە سەر سەکۆی دووکانێکی کوتاڵ فرۆشیدا کە ئیستاکە داخرابوو، راوەستا و کەوتە سەیرکردنی خەڵکی. لە پێشەوە پیاوان بوون و، لە دوواوە ژنان. دروشمەکان وەها بوون کە هەر دوو بەشەکە رێگایان بە یەکتر دەدا و بە نۆرە بۆ یەکتریان دەسەندەوە. دەنگی زیت و دەنگی گڕ. عەتا کە دەستی بە سەر لارێدا دەهێنا بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە تا لەم قەرەباڵغییەدا سڵ نەکا، هەروا لە خەڵکەکە رامابوو کە کتوپڕ وەزعەکە شڵەژا. وتیان هێزی شارەبانی هاتووە و بە چەکەوە داوایان لە خەڵکی کردووە بڵاوەی لێ بکەن. عەتا چاوی لە هیچ نەبوو، بەڵام وەک بڵێی ریزەکانی پێشەوە شڵەژان و خەڵک دەستیان کرد بە کشانەوە. هەندێکیش بەرەو کۆڵانەکان بایان دایەوە. کتوپڕ بڵیندگۆیەک کە دەنگی بڵیندگۆی خۆپیشاندەرەکانی دەبڕی، داوای لە خەڵک کرد بڵاوەی لێبکەن و بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. عەتا ملی کێشا. رێک لەو سەری خیابان، ریزی پێشەوەی خۆپیشاندەرانی بینی کە لەگەڵ پۆلیس و ماشینەکانیان، کە ئەوانیش چەکداریان تیابوو، ببوونە دراوسێ! عەتا پۆلیسەکانی باش دەناسی. هەمیشە خۆی لێ دەدزینەوە و، کارێکی دەکرد کە لە کاتی شەڕەکەڵەشێردا بە تووشیانەوە نەبێ. چەند جارێکیش لە دەستیان هەڵاتبوو. لە بەر خۆیەوە گوتی "بەشکم دایکیان بگیەن!" لەگەڵ ئەوەی هەندێ کەس کشابوونەوە، بەڵام هێشتا خەڵکێکی زۆر لەسەر جادە لە ریزی پێشەوە مابوون. بڵیندگۆکە هەروا هاواری دەکرد و، دەیگوت بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. لارێیش کە چەند جارێک هەوڵیدا

سنووری دەستی پانی خاوەنەکەی ببڕێ،... ملی قوت کردەوە و بە لارەمل ڕێک لەو شوێنەی ڕووانی وا عەتا قوڵە لێی دەڕوانی.
بەڵام خەڵکەکە نەکشانەوە و، دروشمدانەکان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە: "بڕوخێ دیکتاتۆر"، "بەرادەرێ ئەرتەشی، نەکۆن بەرادەرکۆشی!"... عەتا لە سەکۆکە هاتەخوارەوە و، هەر بە پیادەڕۆکەدا بەرەو شوێنەکە بەڕێکەوت. بۆ خۆیشی نەیدەزانی لە غیرەتی کەڵەشێرەکەی بوو، یاخود بە تەمای ئەوەی بزانێ کە داخۆ چ باسە. لە خوارترەوە حەشیمەتەکە چڕتر دەبووەوەو، بۆیە دەرفەتی ڕۆیشتنی زیاتر نەبوو. هەر چۆنێک بێت لە سەر سەکۆی بەر دوکانێکی تر جێگای خۆی کردەوە و، دیسان لە هەمان شوێن مۆڕبووەوە. دەنگی دروشمدان و ئەو بڵیندگۆیەی پۆلیس کە ئیستا نووزەنووزێکی لێوە دەهات، گوێی ئاسمانی کەڕدەکرد.
عەتا هەروا خەریکی دەستهێنان بە سەر و مل و باڵی کەڵەشێرەکەیدا بوو کە دەنگی تەقە هەستا. بوو بە راکەڕاکە. بوو بە هات و هاوار و قیژەقیژ. دەنگی بەسامی تفەنگەکان گوێیان دەسمی. بۆنی باروت هەموو شەقامی تەنی. خەڵکی بوون بە ژێر پێ و هەنگاوی خۆیانەوە. وەک بڵێی ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن نەمابێ. عەتا کە جێگاکەی باش بوو و، لانیکەم ژێر دەست و پێی کەس نەدەکەوت عەبەساو لە دیمەنەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانی. ڕێک لەم کاتەدا بوو کە سەرئەنجام پاسەبانەکانی بینی. ئەو پاسەبانانەی یان بە سەر خەڵکەکەدا تەقەیان دەکرد، یان دەڵێی ڕێک بە ناویاندا. دەنگی هات و هاوار و گریان بەرزبووەوە. ئەوانەی بە بەردەمی عەتادا هەڵدەهاتن و سەری خۆیان نزم رادەگرت و داوای یارمەتیان لە خودا دەکرد، جاری وابوو دەدران بە

عەرزدا و پاشان بە پەلە هەڵدەستانەوە و هەتا دەیانتوانی بەگوڕتر هەڵدەهاتن. کەس نەیدەزانی کە بەڕاستی ئەو خەڵکە چۆن دەربازدەبوون. لە بەر حەشیمەت، بستێک زەوی چییە بە دەرەوە نەبوو. عەتا ئیستایش نازانێ بۆ وەک ئەو خەڵکە هەڵنەهات. ئیستایش نازانێ بۆ هەر لە خۆوە ئەو رۆژە لە تەنیشت خۆپیشاندانەکەدا، لە سەر سەکۆیەکی حیز خۆی مەڵاس دا و کەوتە رووانینی ئەو خەڵکە سەیرو سەمەرەیە. نا،... ئیستایش نازانێ. ئاخر زۆر ئاسان دەیتوانی وەک هەمیشە بڕواتەوە بۆ ماڵەوە و، خەریکی خزمەتکردنی کەڵەشێرەکەی بێت. خەریکی دان رۆکردن بۆی و سەیری قەڵافەتی رۆستەم ئاسای کە تا ئیستاکە هیچ بەنی کەڵەشێرێک نەیتوانیبوو بیبەزێنێ. ئا، دەیتوانی رانەوەستێ و بڕواتەوە. ئەوێک کە قەت رانەوەستابوو. تەنانەت یەک دوو جارێک هەستی کردبوو کە لارێ بە چاوە ساخەکەی بە تەعەجوبەوە لێی روانیبوو،... وەک بڵێی بڵێ "کەرە ئەوە خەریکی چیت،... با بڕۆینەوە،... ئەمڕۆ حەزم لە بەڵەکەکەیانە!... دەی یاڵڵا!" بەس ئەو گوێی نەدابوویە. ئاخ... ئاخ خ خ.

کەسیش نازانێ ئەو تاقە فیشەکە لە کوێوە هاتبوو و، رێک لارێی گرتبووەوە. عەتا کە ئاگای لێ نەببوو، هەروا دەستی بە سەروملو شانیدا هێنابوو. لارێ بە بێدەنگی بە لادا هاتبوو. خوێنەکەی بە قەدی عەتا مل پاندا هاتبووە خوار و پشتوێن و پانتۆڵەکەی سوور و تەڕ کردبوو. تک تک.

عەتا هەر بە کەڵەشێرەکەوە رایکردبوو. لە ناو خەڵکەکەدا باڵای ئەوەندە کورت بوو کە خەمی فیشەکی نەبێ. بەڵام،... بەڵام تازە فایەی چییە،... تازە لاریێ،... ئاخ لاریێ... لاریێ!

لەو رۆژە ساڵان گوزەراوە و، عەتا چیتر کەڵەشێری نەکڕییەوە. ئیستا شاگردی وەستایەکی گەچکارە و وازی لە شەرە کەڵەشێر هێناوە. تازە، شەڕەکەڵەشێریش وەک ساڵانیش باوی نەماوە. خەڵکی ئیستا جۆرێکی دیکەن. یەعنی لەو ساڵەوە وا رژانە سەر شەقام، جۆرێکی تریان لێدەرچوو.

عەتا سەرەڕای تێپەڕینی ساڵان، هەر رای وایە کە ئەو شۆرشە لە راستدا لە دژی کەڵەشێرە لارییەکەی ئەو کرا. ئا، لە دژی لاریێ. پێی وایە دونیا دەرقەتی نەهات و، بۆیە هەموو پێکەوە مشوریان لێ خوارد کە چۆن چۆنی بیفەوتێنن و، ئادار بە سەر پادارییەوە نەهێڵن!

عەتا لاریێی لە حەوشەکەی خۆیاندا ناشت. هەرچی دایکی هاواری لێکرد کە خوێنی لەبەر رۆیشتووە و، منارنەبووەتەوەو بۆیە خواردنی حەڵاڵە، بێسوود بوو.

عەتا هەتا مرد بۆ سەیرکردنی یەک شەڕەکەڵەشێر چییە، نەچوو. بۆ هەمیشە بە هەموو شێوازێک تەرکی کرد،... ئەگەرچی جاروبارە بە بێ ئەوەی بۆخۆی بیەوێ لاریێ و شەڕەکانی دیسان دێنەوە خەوی.

**لە جیاتی دەستکێش**

**هەرچی سەیری 'کریستوفێر ریڤ' ئەکتەری بە ناوبانگی نەقشی سوپێرمەن دەکەم، نازانم بۆ، بەڵام یەکسەر بیری کاک بورهانی چەقۆ دەکەومەوە. رەنگە لەبەر ساف و لووسی و حاڵەتی ژنانەی هەر دووکیان بێت، یان رەنگە لەبەر ئەوەی هەستدەکەم کریستۆفێریش وەک ئەو خەنە لە خۆی دەدات! لای من، ئەوانەی لووسن، یان حەزدەکەن خۆیان بە لووسی راگرن و بەردەوام نەک سەرو ریش بەڵکو هەموو ئازای ئەندامیشیان دەتاشن، هۆگری بێ ئەملاولای خەنەن. رەنگە بپرسن چووزانی؟ دەبێ بڵێم من ئەمەم هەم بە کاک بورهانی چەقۆوە بینیوە و، هەم لە سەریم بیستووە و هەمیش لە بەراوردکردنێکی نەک سەرپێیانە و هاکەزایی، بەڵکو لە رێگای بیرکردنەوەی قووڵەوە بەو ئاکامە گەیشتووم کە کریستۆفێری سوپێرمەنیش ئەهلی بەکارهێنانی خەنەیە.**

بەوەیش نیە لە ئامریکا دەژی. بە جوانی لێکم داوەتەوە و، دەزانم بە هۆی ئەو پێوەندییە چڕوپڕەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هیندوستان و وڵاتانی عەرەبی هەیەتی، بە فراوانی ئەنواعی خەنە لەوێیش لە بازاڕ دەستدەکەوێ.

کەس لەم شارەی ئێمە بە قەد کاک بورهانی چەقۆ، کە ئیستایش بەو تەمەنەوە و سەرەڕای گۆڕینی بەرچاوی سەردەم، کاری هەر گون بڕین یان خەتێنەکردنەی جارانە، حەزی بە خەنە نیە. خەتێنە و خەنە. هەر لە کۆنەوە وا بووە. بۆ خۆیشی مێژووەکەی واتە کاتی دەستپێکردنەکەی لەبیر نیە. هەر ئەوەندە دەزانێ رۆژێک لە رۆژان بە سیحری خەنە پەی بردووە و، ئیتر لەو کاتەوە بەردەوام مەسرەفی دەکا. خۆ ناشوکری نەبێت لە مێژە قژیشی بە سەرەوە نەماوە تا خەنەی لێ بدات، بەڵام خۆ خوا شوێنەکانی تری لێ نەبڕیوە. ئەو کە بڕوای تەواوی بە بەهرەی دەرمانیی ئەم بەرهەمە ئەفسانەییە هەیە، لە کاتی هەر حەمامکردنێک، کاسەیەک خەنەی ئیسفەهانی لێدەگرێتەوە و سەروملی تێدەنێ: سەرەتا قاچەکانی، دوواتر ناوگەڵی، ئەوسا بن باڵی و لە کۆتاییدا دەستەکانی. بۆ خۆی دەڵێ هەم جوانە (مەبەستی لە رەنگە سوورە مەیلەو قاوەییەکەی، یاخود قاوەییە مەیلەو سوورەکەیەتی)، هەم دەرمانی خورانە و هەم دژە قارچک و دژە برین. دەڵێ بۆنی ئارەقی لاقیش دەکوژێ و، خۆش بۆنی دەکا. دەڵێ لە خۆتی بدە و، ئیتر ئەوەندە وەک پیاوە نانەجیب و پیسەکانی ئەم شار نەگبەتە، لەبەر چاوی خەڵکیدا، بەتایبەت ژنان، دەست بۆ ناوگەڵ و قن و بن باخەڵت مەبە!

کاک بورهان شەرمی نیە لەوەی بە دەستی خەناوییەوە دەرکەوێ. خەڵکی و بە تایبەت ژنان پێی پێدەکەنن. ئەو کە لە گڕکەی بێ توێخڵ دەچێ، بە جانتاکەی دەستییەوە کۆڵان و کۆڵان هەنگاودەنێ و خەریکی گون بڕینی کوڕی خەڵکییە. سەیرە، بە پێچەوانەی ساف و لووسییەکەی، خاوەن نیگایەکی بە عەیەب و نەجیبە و، سەرنجی ژنان نادا. هەر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی پێی بڵێن یان هەتیوبازە، یان هەتیوان بە خۆی فێردەکا. دەڵێن زۆریش قەرەباڵغی ناکا. بە یک یان دووانەوە دەیگرێ و، ئیتر لێی دەخوڕێ هەتا بزانێ ژیان دوواتر چی دەهێنێتە سەر ڕێگای.

هەڵبەت من باوەڕم بەم قسانەی دوواتر نیە. بە ڕای من دەکرێ خەڵکی خۆیان ساف و لووس ڕاگرن و، بەردەوامیش خەنە لە خۆیان بدەن بە بێ ئەوەی هەتیوباز بن. ئەمە کریستۆفێریش دەگرێتەوە کە پێش ئەوەی بمرێ فەلەج بوو و دووای نۆ ساڵ بە سەکتەی دڵ بەسەر کورسییە تەگەرەدارەکەیەوە کۆچی دووایی کرد. خەڵکی بەڕاستی بێڕەحم و بێ بەزەیین. هەر لەخۆوە بێ ئەوەی بزانن، دەدوێن. تازە با وای دابنێین کە کاک بورهانی چەقۆ و کریستۆفێر هەتیوبازن، یان هەتیوان بە خۆیان فێردەکەن، جا ئەمە بەوان چی؟ مەگەر نانی ئەوان دەخۆن و، ژیانیان لەوان تێکداوە؟ ئەی ئەوە نیە کاک بورهان هەدای نیە و، بۆ پەیداکردنی پاروویەک نان کۆڵانەو کۆڵانیەتی و کریستۆفێریش دەبێ بەردەوام وای پیشان بدا سوپێرمەنە و دەتوانێ بە ئاسماندا بسووڕێتەوە و بە هێزی شان و باهۆی بەر بە قەتار و کۆمپرێسی و رووخانی کێو بگرێ!

من لەگەڵ ئەوەی کاک بورهان نەبووە کە گونی بڕیوم، بەڵام باوەڕی تەواو پێیەتی. جاری وایە بیردەکەمەوە گەر لە وڵاتی خواپێداوان بژیایە ئیستا بۆ خۆی سوپێرمەنێک بوو. کریستوفێریش گەر لێرە بژیایە ئەوا جگە لە کیفێکی گون بڕین بە شانییەوە چیتری پێنەدەبڕا. جا بۆیە تەنیا ساف و لووسی، یان خەنە نیە لە سەر چارەنووسی بنیادەمەکان بڕیاردەدا. دەبێ شتی تریش هەبن.

بەڵام خۆشحاڵم سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان، خەنە و ساف و لووسی لە ناو ئەو دۆ مرۆڤە گرینگەدا هاوبەشە. کەواتە دەکرێ لە دووان، یەکیان لەم سەری دونیادا بژی و یەکیان لەو سەری و،... کەچی هەندێ شتی هاوبەشیان هەبێ. بڕواناکەم ئەم دووانە بە هیچ کلۆجێکیش ئاگایان لە یەکتری بێت. بە تایبەت کریستۆفێر. رەنگە کاک بورهان بە جۆرێک و بە رێکەوت لە ناو تەلەفزوێن چاوی بە کریستۆفێر کەوتبێ، بەڵام لەو کەسانە ناچێ وا حەزیان بەو جۆرە فیلمانە بێت. کاک بورهان گونی زۆر کەسی بڕیوە و، بە جوانی ئاگایارە گونی کەس ئەوەندە بەهێز نیە کە وزەی فڕین بە باڵەکانی ببەخشێ.

لە خەیاڵانەدام کە رۆژێک بە رێکەوت دەچمە بەر ئاوێنەکە و، کتوپڕ تێدەگەم کە من بە پێچەوانەی بورهان و کریستۆفێر نەک تەنیا ساف و لووس نیم بگرە خاوەن دەمووچاوێکی گرینج گرینجی پاشماوە مێکوتەم بە سمێڵیکی زل و ریشێکی چڕەوە کە هەموو روخساری داپۆشیوم. دەستێک بە دموچاومدا دێنم. بە خۆم دەلێم "چۆنە بیتاشم!" بەڵام پەشیمان دەبمەوە. پاشماوەی مێکوتە پێم دەڵێ بیشیتاشی وەک خۆیەتی، ساف و لووس نابی.

**شەوێک میوانمان هاتووە و باوکم لەگەڵیان گەرمی قسەیە. ئاگام لە مەوزوعی باسەکە نیە، بەڵام گوێم لێیە باوکم دەڵێ مرۆڤ هەمیشە سەرنجی دەچێتە سەر ئەوەی وا بۆ خۆی نیەتی. بەم قسەیە وەک بڵێی کەسێک لە گەرمەی خەودا پاڵێکی توندی پێوەنابم، رادەچڵەکێم،... نەکا ئەمە چیرۆکی منیش بێت؟ کەواتە بۆیە من ئەوەندە لە کاک بورهانی چەقۆ و لە وێنە و فیلمەکانی کریستۆفێر کە ئیستاکە بە شێوەی فیلمی کارتۆنیش دەستدەکەون، رادەمێنم؟... ئاه،... دەبوایە زووتر بمزانیایە! لە بەر ئاوێنەکەدا خۆم رووت رووت دەکەمەوە و، جەستەیەک دەبینم تەژی لە موو. جێگایەک بۆ خەنە دەستناکەوێ. کەواتە وایە،... ساف و لووسی و خەنە،... خەنە و ساف و لووسی. بێهۆ نیە ژنانیش ئەوەندە هۆگرین.**

**ماوەیەکە کاک بورهان دیار نیە. شەوێک دیسان میوان روو لە ماڵەکەمان دەکا و، گوێم لێیە یەکیان کە پیاوێکی مڕومۆچی کەمدووە دەڵێ بورهانی چەقۆیش نەخۆشە و لە جێگادا کەوتووە. دەڵێ دەڵێن نەخۆشییەکی خراپی گرتووە و رەنگە چاک نەبێتەوە، گوایا چەند جار بردوویانەتە لای دکتۆر و جوابیان کردووە.**

**چەند حەزدەکەم باوکم سەردانی بکا و، منیش لەگەڵی بچم. بەڵام باوکم هیچ پێوەندێکی لەگەڵ نیە. دەڵێ "خوا رەحمی پێبکا!" دایکیشم دەڵێ "یاخوا،... یاخوا زەلیلیش نەبێ!" هەرچەند بە قسەکانی کابرای میوان وا دەردەکەوێ زەلیلیش بووە!**

**باوکم دەڵێ بە مردنی ئەو ئیتر خەتێنەکردن بەو شێوە کۆنە بۆ هەمیشە کۆتایی دێ و دەبڕێتەوە،... نازانم بۆ هێشتا هەندێ کەس بەو شێوازە**

خەتێنەی منالّی خۆیان دەکردا کابرای میوان دەڵێ بەڵێ وایە لەم ساڵانەی دوایی ئیتر شاگردیشی نەبوو،... بە تەنیا دەگەڕا. باوکم دەڵێ چیتر پێویست ناکا، عیلم و زانست گەشەی کردووە. کابرای کەمدوو کە نازانم بۆ وا جیکەڵدانی قسەی دڕاوە، بە بزەوە دەڵێ بە خوا بەزمی خەنەکەیشی خۆش بوو، ئەو پیاوە بەو تەمەنەیشەوە هەر وازی لێ نەهێنا. باوکم دەڵێ عادەتە، عادەت! کابرا دەڵێ لانیکەم لە دەستی نەدایە، شوێنەکانی تر ئاسایی بوو، دەست زۆر عەیب بوو. باوکم دەڵێ لە جیاتی دەستکێش بوو کاتێک بە مەبەستی خەتێنەکردن دەستی لە زەکەری منداڵی خەڵکی دەدا، ئا، وەک دەستکێش ئیستیفادەی لێدەکرد، بۆ خۆی دەیوت. من کە ئەمەم نەبیستبوو، گوێم قوڵاغ بوو. لەبەر خۆمەوە گوتم "خەنە لە جیاتی دەستکێش!"

چەند رۆژ دوواتر کاک بورهانی چەقۆ کۆچی دوایی کرد. کە بە تەقویم لێکمدایەوە بینیم دوو ساڵ دووای مردنی 'کریستۆفێر ریڤ' بوو. بە خۆم گوت مردن مردنە، چ ساف و لووس بیت و چ نەبیت،... چ دەست و قن بە خەنە بیت و چ نەبیت، دەبێ بڕۆی.

نازانم لە دوو گۆڕستانەکەی شار، کاک بورهانی چەقۆیان لە کامیان ناشت: لەوی سەر گردەکە، یان لەوی دارستانەکە. بەڵام لەهەر کامیان بووە، لە دووای مردووان قسەی خێر باشە. تەنانەت گەر کاری خراپیشیان نەکردبێ!

## خانووی قالۆنچە

قالۆنچەکان هەموو شوێنێکیان تەنیوە. زەرد و سوور و رەش. کۆتاییان نیە. دەڵێی لە هەموو کونج و کەلەبەرێکەوە وەک ئاو دەدەڵێن. سەرەتا سەمپاشیمان کردن، دوواتر مەعجوونێک لە سیر و پیاز و فلفلمان دروست کرد و لە هەموو سووچێکی خانووەکەدا دامانانا. بەڵام بێسوود بوو، ئەخت و چاری نەکردن. هەر وا زیا و زیاتریان کرد. دایکم زۆر جار رووەو ئاسمان دەست هەڵدێنێ و، ناهومێدانە هاواردەکا "خوایە... خوای بێ هاوتا... ئەرێ تاوانمان چێ بووا؟!"

باوکم کە ئەمەی بینی، وتی با خانووەکە بفرۆشین و بڕۆین. گوتی دەچین لە شوێنێکی تر خانوو دەکڕین، خۆ خوا هەر ئەمەی نەداوە. دایکم چاوی لێ مۆڕکردەوە و، وتی بەچی؟ خۆ دەبێ بتوانی ئەمەیان بفرۆشی،... کێ دەیکڕێ؟... ئەی بە چی دەیکڕی؟ بە میراتی باوکمان!؟

دایکم راستی دەکرد. نە باوەگەورەکان میراتیان بۆ بەجێ هێشتبوون و، نە کەسیش خانوویەکی پڕ لە قالۆنچەی دەکڕی. تەنانەت بە عانەیەکیش. مەگەر خوا شێتی کردوون!

باوکم دەچێتە حەوشێ و، لەوێ لە کاتێکدا جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و یەک لە دووای یەک مژی قووڵی لێدەدات لە قالۆنچەکان رادەمێنێ. حەوشەیش پڕە. قالۆنچەکان بە دەورووبەری قاچی باوکم دا دێن و دەڕۆن و، جاروبارە چاوێکی بۆ حەوادەدەن و لێی وردەبنەوە. وەک بڵێی بلێن ئەوە خەریکی چیت نەگبەت! دڵنیام نازانن جگەرە چیە. پێویستیش نیە بیزانن. ئەوان تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە لە خانووەکەدا هەبن،... کە هەیشن.

کە سەمپاشی و سیر و پیاز و فلفل هیچیان پێنەکرا، ئیتر وازمان هێنا و قەبووڵمان کرد ئەوانیش بەشێک لە خێزانی ماڵن. بگرە زیاتریش. هە هە هە... قەبووڵمان کرد! قەبووڵمان کرد کە لە گەڵ ئێمە بژین و، هەتا دەمرین پێکەوە شەو و رۆژەکان تێپەڕبکەین. ئیستا ئیتر لە ناو ئەواندا دادەنیشین و، نان دەخۆین. لە ناو ئەواندا جێگاوبان رادەخەین و دەخەوین و، هەر لە ناو ئەوانیشدا نێرینە و مێینەکانی بنەماڵەکەی ئێمە پێکەوە جووتدەبن. گوێم لێیە قالۆنچەکان لەم کاتانەدا بە پشتدا دەکەون و، پڕ بە گەرووی تەنگ و بچووکیان پێدەکەنن و بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن کە "وادیارە بەڵێنە نەوەکانی داهاتوویش هەر لە گەڵ ئێمە بژین!"

ئیستا ماڵی قالۆنچەکە لەم شارەدا بەناوبانگە. کە دەچمە دەرەوە، خەڵکی دەستم بۆ رادەکێشن و پیشانی یەکترم دەدەن. گوێم لێیە دەڵێن

بنەماڵەی وا بێ غیرەتمان نەدیوە،... ئاخر چۆن ناتوانن دوو قالۆنچەی حیز چارەسەر بکەن!" یەکی تریان دەڵێ "گەر بە من بێ، دەچم بۆڵدزێرێک دێنم و هەر هەموویان پان و پلیش دەکەمەوە."

رۆژێک خەیاڵێک بە زەینمدا دێت. بە باوکم دەڵێم با خانووەکە بسووتێنین،... گڕی تێبەردەین، ئەوجا خانوویەکی تر سازدەکەینەوە. دیسان دایکم مۆڕدەبێتەوە کە بە چی،... بە میراتی باوکت!؟ دایکم راستدەکا گەر ماڵەکە بسووتێنین بە چی سازی بکەینەوە. بەڵام نا، دەڵێم کوڕە هەر قوڕ و بەرد و دار و چیلکە زۆرە، بە کۆڵ لەو شاخ و دەشتە دەیانهێنین و سازی دەکەینەوە، قەیچێکە با زۆر جوان نەبێ، بەڵام خۆ لە سەرما و گەرما دەمانپارێزێ. دایکم سەیری شان و باهۆم دەکات و، دەڵێ وەی لەبەرت مرم بۆ عەقڵت!

زەمەن دەڕواو،... دەڕوا. من جاری وایە کە دەستدەکەم بە گیرفانمدا قالۆنچە دەردەهێنم، کە دەمەوێ قسەبکەم لە جیاتی وشە چەند قالۆنچە دەردەپەڕن. باوکم پێش ئەوەی پێڵاوەکانی لە پێ بکا دەبێ بیانتەکێنێ، نەکا چەند قالۆنچەی سەوداسەر بفلیقێنێتەوە و ئەمە ببێتە هۆی تووڕەیی قالۆنچەکان و شەوێک لە کاتی خەودا خۆیان بکەن بە کونە لووت و کونە گوێچکەماندا و بە خواردنی مێشکمان، بمانکوژن.

شەوێک بە دزییەوە، دەم دەبەمە نزیک گوێی باوکم و لێی دەپرسم کە داخۆ دەزانێ چ حەیوانێک قالۆنچەخۆرە؟ باوکم چاوەکانی تیشکێکیان تیادەگەڕێ و، بە ئەسپایی دەڵێ نازانم بەڵام سبەی دەپرسم.

سبەی کە دێتەوە، قسەوباسێکی وەهای لا نیە. چاوەکانی غەمگینن. دەڵێ گوایا جۆرێک باڵندەی دەریایی دەیانخۆن کە لێرە دەست ناکەون.

**ئەوسا ئاهێک هەڵدەکێشێ بۆچی ئەم وڵاتە لە تەنیشت دەریادا نیە. لە دووای ئەم قسەیەی باوکم، بۆ سبەینێ دەبینم هەندێ لە قالۆنچەکان باڵ دەردەکەن و دەست دەکەن بە فڕین لە ناو خانوو و لە ناو حەوشەکەماندا. ئاگام لێیە چەندە بەم توانایەی خۆیان خەنین. پێدەکەنن و شاخەکەکانیان لێک دەسوون و بە پشتدا دەکەون. بە خۆم دەڵێم بەڵکو بایەکی توند هەڵکا و، لانیکەم باڵدارەکانیان لە گەڵ خۆ ببات. با هەڵدەکا و، چاوم لێیە قالۆنچە باڵدارەکان توند توند خۆ بە دار و دیوار و تەنانەت سمێڵی باوکمەوە دەنووسێنن بۆ ئەوەی بە تووش سەفەرێکی نەخوازراوەوە نەبن. من لە داخانا ئەو شەوە بە دزییەوە ئەو تۆزە سمێڵەیشم کە هەیە، دەتاشم.**

**دایکم دەڵێ "ئەیەڕۆ!"**

**قالۆنچەکان جاری وایە وەک ئێمە بێتاقەت دەبن. نازانن چی بکەن. ئەوەندە بە ناو یەکتردا دەورووکێن و، ئەوەندە سەیری ئێمە و دارودیوار دەکەن و بۆن بە ئاودەست و کونی حەمامەکەمانەوە دەکەن کە ئیتر وەڕەزدەبن. لەم کاتانەدا دەست دەکەن بە کایەیەکی سامناک. بە گاز یاخود بە یارمەتی یەکتر، سەری یەکتر لێدەکەنەوە و قاقا پێدەکەنن. بەڵام قالۆنچە بێسەرەکان غەمگین نین. ئەوان دەتوانن تا چەند هەفتەی تر بژین. قالۆنچە خاوەن سەرەکان کە نازانن چۆن چۆنی خواردن بە هاوڕێ بێسەرەکانیان بدەن، دوواساتەکان بە دیار مەرگیانەوە دادەنیشن و ئەمەیش دەکەن بە یارییەکی تر. لنگەفرتێی چەندین قاچ و دەستی قالۆنچەیەک کە دوواساتەکانی ژیانی تێدەپپەڕێنی، ئەوەندە بۆیان**

پێکەنینهێنەرە کە هەموو خانووەکەی ئێمە سەرتاسەر بە پێکەنین دێتە لەرزین.

خەڵکی شار دەڵێن "ئەها،... دیسان خانووی قالۆنچەکەیە!"

باوکم ماوەیەکی چاکە لە بەر تانە و توانجی خەڵکی ناچێتە دەرەوە. من جگەرەی بۆ دەنێمەوە و، لە هەواڵی دەرەوەیش ئاگاداری دەکەمەوە. باوکم بە ئارامی سەر دەلەقێنێ و، دەڵێ بەڵکو رۆژێک وەهای لێ بێتەوە بۆ خۆی بە گوێی خۆی ئەم هەواڵانە ببیستێتەوە. نازانم باوکم دەیەوێ چی لە هەواڵی شەڕ و کوشتنی بنیادەمەکان بکات!

نازانم چەند ساڵی تر تێپەڕی. کتوپڕ رۆژێک کاتێک چووبووم بۆ بازاڕ، گوێم لێبوو خەڵکی باسی ئەوەیان دەکرد کە لە وڵاتێکی یەکجار دوور لێرەکانێ، خەڵکی سیسرک و قالۆنچە و شتی لەم بابەتەیش دەخۆن. دەیانگوت لە رۆنی داغ و چۆقاودا سووریان دەکەنەوە و دوواتر وەک چیپس دەیانکەنە لوولەکاغەزەوە و دەیانخۆن. بە بیستنی ناوی قالۆنچە گوێم قولاغ بووەوە و، لێیان چوومە پێش. نا، هەڵەم نەدەکرد. وەک خۆیم بیستبوو. باسی وڵاتێکیان دەکرد لە باشووری چین، لە ئاسیای باشووری رۆژهەڵات. بە پەلە و بە راکردن چوومەوە بۆ ماڵەوە. هەر لە دەروازەکە ئاودیو بووم، پڕ بە خۆم هاوارم کرد هەواڵ هەواڵێکی خۆش! بە بیستنی دەنگی من قالۆنچەکان کە ئێستاکە فێری زمانی ئێمەیش ببوون، تێکڕا راوەستان و لێمیان رووانی. لێوی خۆم گەست و، وەک بڵێی هەر هیچ نەبووبێ بە ئارامی خۆم گەیاندە ژوورەوە. ئەوسا هەواڵەکەم بۆ گێڕانەوە. نیگای باوکم شەوقیان تێکەوت. بەڵام،... بەڵام من ناوی وڵاتەکەم نەدەزانی. بە پەلە چووم کتێبی جۆغرافیاکەم کردەوە

و لە دووای دۆزینەوە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، قامکم خستە سەر شوێنەکە. باوکم گوتی ئیمانم نەچێ دەمزانی ئەم چاوبچووکانە شتێکیان لێ دەردەچێ!

ئیستا ساڵانی ساڵە لە خانووەکەی ئێمەوە، قالۆنچە بۆ تایلەند و بورمە و ڤیەتنام و... بەڕێدەکرێ. دەستە دەستە گرووپی چاوبچووک و زەردپێست خۆیان بە خانووەکەی ئێمەدا دەکەن و گەلابە گەلابە قالۆنچەی سوور و زەرد و رەش لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە. قالۆنچەکان کە نازانن چ خەبەرە، خۆشحاڵ لەوەی سوواری تەیارە دەبن و دەتوانن لە ئاسمانەوە وڵاتان ببینن شایی لۆغانیانە. باوکم لەبەر ماڵەکەماندا دەفتەرێکی کردووەتەوە و، لەوێ خەریکی مەعامەلەیە. چوار کارمەندیش بەردەوام کاری بۆ دەکەن. تەلەفۆن بە تەلەفۆن دەڵێ جێم بکەوە! لە ناو قالۆنچەکانیشدا جۆری رەشەکەی لەوانی تر مەرغووبترە و، مشتەری زۆرتر.

ئیستا ئیتر نە باوکم لە بیری خانووفرۆشتن و کڕینی ماڵی تر و گواستنەوەدایە و، نە دایکیشم چیتر بە قێز و بێزەوە لە ناو حەوشە و ژوورەکاندا هەنگاو هەڵدێنێ. باوکم تەلیس تەلیس پارە کۆدەکاتەوە و منیش دوواتر دەیبەم و دەیخەمە حسێبی بانکییەکەیەوە. خەڵکی شاریش کە تا دوێنێکە گاڵتەیان بە ئێمە دەهات و، سەریان لێبادەداین ئیستا لە بیری ئەوەدان چۆن چۆنی ئەوانیش خانووەکانیان بکەن بە شارە قالۆنچە.

باوکم بە تف پەنجەکانی تەڕدەکا و، لە کاتێکدا خەریکی ژماردنی پارەیە، بە بێ ئەوەی سەر هەڵبێنێ، دەڵێ "ئاوەهایە، گەر خوا بیەوێ

**قالۆنچەیش دەبێ بە مایەی خێر و بەرەکەت،... تەنیا ئەوەندەی مرۆڤ تاقەتی هەبێ و ناشوکور نەبێت!"**

**دەنگی پێکەنینی شێتانەی دایکم دێ لە کاتێکدا قالۆنچە رەش و سوور و زەردەکان بە قژی شۆڕ و هەراویا سەردەکەون. قژە ماش و برینجییەکانی دەڵێم.**

**پرچەکانی چەند نایابن!**

## جیهانبینیی تایبەتی

کاک کۆچەر خەڵکی 'سلێمانی'یە و ماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە لە وڵاتی سوید ئەژی. وەک بۆ خۆی ئەڵێ خۆی بە ئاو و ئاگرا دا تا خۆی بگەیەنێتە ئەورووپا. کاک کۆچەر کە لە کردەیەکی سەیرو سەمەرە بە لێوەکانی و لە کاتێکا خێراخێرا لەسەر یەک ئەیانجوڵێنێ و ئەیەوێ پاشماوەی ئەو 'سنووس'ـەی (١) وا لە نێوان لێوی سەرەوەی و پووکی دیانیایە دەربێنێ، بە بێ هیچ شەرم و سڵکردنەوەیەک ئەڵێ "کاک کارۆخ گیان من هیوایەتم گانکردنە!" بەمەیش رازی نابێ و ئەڵێ ئێمە سێ براین. من ناوینەکەیانم، یەکیان لە من گەورەترە و ئەوی تریان لە من بچووکتر. ئەڵێ بە نۆرە تا ئەگاتە سێهەمینمان هەتا یێت کێرمان زل و زلتر ئەبێ. ئەوسا پێ ئەکەنێ و ئەڵێ کێری برا بچووکەکەمان لەوەیا

نیە، هەر پیاو لێی ئەتۆقیٚ، ئەهاها ئەئەمەنەیە (ئەوسا قۆلی بەرزئەکاتەوە و لە هەنیشکییەوە بەرەو حەوا ئەیشکێنێتەوە و هاوزەمانیش دەیلەقێنێتەوە) خواز غەزەب لێگیراو ئەڵێی لە کەری دزیوە، دەسکە کوتکێکە بۆخۆی! پاشان کاک کۆچەر خۆی هەڵئەگلۆفیٚ و ئەڵیٚ حەزم ئەکرد پاشەبەرەکە من بوومایە، کوڕە کێر کە گەورە نەبوو ژیان فایەی چییە. بە خوا خوای گەورە دونیای لەبەر جنس دروستکرد!

کە سەیری کاک کۆچەر ئەکەی پیاوێکی سەرو ریش سپی ئەبینی کە بە شێوەی گەنجانە دەرئەکەویٚ و، خۆی ئەڕازێنێتەوە. بەلەباریکە و لەشی وەک خۆی ئەڵیٚ لە خوا بەزیابیٚ ریازی هەڵکەوتووە. نەک ئەوە وەرزش بکات، نا، خۆی لە خۆیا وەهایە. خوا یاخود سروشت جسمێکی رێک و پێک و لاوازی پێداوە و گەر رۆژی مانگایەکیش بخوا قەلەو نابێت. لەبەر ئەمە سەرەڕای تەمەنی زۆری گەنجانە ئەنوێنیٚ. ئەوەی جلی تەسکی مودیل و باشە لەبەری ئەکا، قژیشی هەڵئەداتەوە و وەک ئاسکی نێر لە رێگاڕۆیشتندا چوست و چالاکە. قیت و قۆز کەس بە نۆکەر و قەرەواشی خۆیشی قبوڵ ناکا.

بۆ خۆی ئەڵیٚ چل و پێنج ساڵی تەمەنە و لە هەشتاکانیش پێشمەرگە بووە! من دڵنیام کاک کۆچەر سەبارەت بە تەمەنی راست ناڵیٚ. نە سەروسەکوتی و، نە بیرەوەرییەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتییەکەی ئەمە ناسەلمێنن. یەعنی هیچ بیرەوەرییەک لە سەردەمی پێشمەرگایەتی ناگێڕێتەوە. کت و مت ئەوەی هەیەتی تەنیا ئەوەندەیە کە ئەڵیٚ تا بەیانی چەک لە باوەش لە شاخ و دەشت خەوتووە و لەوانە بووە رەق

بێتەوە. هەر ئەوەننە! ئیتر نە باسی شەڕە و نە باسی شتی تر. ئەشەوبیلـلا شتێکی تریش ئەگێڕێتەوە. ئەڵێ لە عەشیرەیەکی گەورەیە و کاتی خۆی لە دووای ڕاپەڕین کاتێک لە بەر دەمماڵی خۆیان نیگابان بووە، دووسەد کەسی ڕاوناوە کە ویستوویانە بێن و تەعەدا لە عەشرەتەکەیان بکەن. بەڵام من هیچ ناڵێم و، تەنیا گوێی لێ ئەگرم. ئەڵێ کاک کارۆخ گیان بۆ کێمان کرد و بۆ کردمان، بەخوا سەدام هەزاری وەک ئەم گەواد و دز و حیزانەی ئێستای ێنا، بەس نەبوو پیاو بوو و وڵاتی ڕاگرتبوو و دز و حیزیی نەئەکرد! ئەڵێ کوڕە گەر ئەقڵی ئیستام بووایە چەکم هەڵئەگرت! ئەبەد... ئەبەد شتی وام نەئەکرد. لای ئەو گەوادە ژن حیزە هەر کارت بە سەر سیاسەتەوە نەبووایە بەخوا برا کاری بە سەرتەوە نەبوو. ئەوسا ئاخێک هەڵئەکێشێ و، ئەڵێ ئەمەریکای بێ نامووس ئەم بەلایەی بەسەرا هێنایین.

کاک کۆچەر لە ساڵی ١٩٩٦، ڕێک لە گەرمەی شەڕی ناوخۆیا رووی لە دەرەوە کردووە. کە باسی شەڕی ناوخۆ یەت، دەستبەجێ گرێ ئەنیشێتە ناوچاوانی و ئەڵێ پارتی هەر هەمیشە وەها بووە، پشتی بە بێگانە بەستووە و جاشی ئەم و ئەو بووە. ئەڵێ هەر زوو ئەمزانی هەتا یێت زیاتر تورکیا لە کێشەکە ئەرووکێنێ، بۆیە وازم هێنا و ڕۆیشتم. ئەڵێ ئەو ساڵەیش وا یەکیەتی لەگەڵ پارتی کەوت و پێش سوپای تورک کەوت ئەو گەوادانە بوون بە یەکیەتیان کرد، ئەگینا یەکیەتی وای نەئەکرد. ئەڵێ ئەو خوشک حیزە جامانە سوورە دەم خوارە دایک حیزی وەک خۆی نیە، ئەشڵێن سەڕەتانی دیانی گرتووە و ئەوەننەی نەماوە

**بتۆپێ،... بە من بێ هەر هەموویان لە بەنداوەکەی دووکانا نوقم ئەکەم و ئەیانخنکێنم!**

**لەگەڵ کاک کۆچەر لە شێتخانەیەک پێکەوە کارئەکەین. شێتخانەکە لە دەورووبەری یۆتۆبۆرییە. لە یەکێک لە شارۆچکەکانی قەراخ شار. تا ئیستا چەند جار لە گەڵ هاوکارە سویدییەکانی، کە دیارە خەڵکی پەنابەریشیان تیایە، لە کاتی گۆڕینەوەی کاتی ئیشکردنەکەی بەزم و هەرای سازکردووە. بە توندی لەوە تووڕەیە کە تەمبەڵن و ئیشتی خۆیان ناکەن و کارەکە بە پیس و پڵۆخی رادەست ئەکەن. ئەڵێم کاک کۆچەر گیان گوێ مەیەرێ، کوڕە هەر کاری دە دەقیقەیە، واز بێنە! ئەڵێ نا کاک کارۆخ گیان وەها نیە، ئەم گەوادە قن حیزانە لە جیاتی ئیشکردن هەر دائەنیشن و قسەئەکەن، ئیشەکەیان بە جوانی ناکەن، خۆ منیش نۆکەریان نیم، تا ئیستا چەن جار راپۆرتم لەسەر نووسیون، ئەبێ فێربن سوپور (مەبەستی ئەشغاڵە بە سویدی) فڕێ یەن و پاک و خاوێنی جوانتر رابگرن، خۆ نۆکەریان نیم! هەرچی پێی ئەڵێم بێسوودە. سەرئەنجام وایان لێ ئەکا کارەکە بە جوانی بکەن. لانیکەم کاتێک ئەزانن ئەو دێت. ئەگینا بۆ من و ئەوانی تر وەها نین. کاک کۆچەر ئەڵێ ئاوەها خوشکیان ئەگیەم! ئەم سوورە چاو شینانە تەنیا بۆ گایین باشن!**

**کاک کۆچەر ساڵی جارێک سەردانی کورستان ئەکاتەوە. لانیکەم مانگێک ئەمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی خۆی گوتەنی منی زۆر خۆش ئەوێت و رێزی تایبەتی بۆم هەیە، لەوێیشەوە بە واتساپ زەنگم بۆ ئەدا. لە تەلەفۆنەکەیا ئەقیڕێنێ کە کاک کارۆخ گیان چۆنی... چۆنی، باشی**

برا،... بە خوا برا خەریکە لە گەرما ئەتەقم، کوڕە پیاو هەر ناوێرێ بچێتە دەرەوە، ئاگر ئەبارێ ئاگر، جا وەرەوە لەم وڵاتە نەگبەتە گان بکەی، بە خوا برا هێشتا ئاوت نەهاتووەتەوە ئەتوێیتەوە، لەگەڵ ئاوەکە بۆ خۆت دەرئەپەڕیتە دەرەوە... هە هە هە... ئیتر ئەبێ خەڵکی گەڕەک و شوڕتە بە شوێنتا بگەڕێن، بشتدۆزنەوە هەر باشە، هە هە هە... خۆزگەم بە خۆت کاک کارۆخ گیان کە لەوێ ماویت و ناجووڵێیت، خەفەتی ئەوە نەخۆی کە جمهوری ئیسلامی ناهێڵێ بڕۆیتەوە، بە خوا برا لەوێ کەڕ و کاس ئەبێ، بە گیانی برایەتیمان ئەمجارە بێمەوە ئیتر سەر بەم کاولخانەیەیا ناکەمەوە، بۆ مەگەر سەرم با گاز گیراوە، ها! چم لەم بەزمە یاوە، بۆ خۆم یمەوە و لە فێنکی و سەرمایا لەبەر زۆپای سویدی گانی خۆم ئەکەم و تەواو.

بەڵام ساڵ سووڕی تەواو نابێ کە دیسان کاک کۆچەر ئەچێتەوە بۆ کوردستان. ئەڵێ کوڕە دایکوباوکێکی پیرم هەیە و ئەبێ ڕێزیان لێ بگرم، خۆ هەتیوی برا گەورەم لە ئاڵمانیا پاڵی لێ یاوەتەوە و تەنانەت یەک تەلەفۆن چییە لێیان ناکا، ئەو کێرگەورەی براچووکەیشم کە هەر لێی گەڕێ لە نەرویج کەس نازانێ خەریکی چییە. بە خوا برا کاک کارۆخ گیان منی ناوینە بەڕەحمم و دڵم نایەت پشت لە دایک و باوک بکەم، هەر خوا غەزەبیشم لێ ئەگرێ، ئەرێ بە خوا، ڕێزی دایک و باوک لەسەرمان واجیبە، فەڕزە. تەلەفۆنەکە کتوپڕ بۆ ماوەیەک قەتع ئەبێ، گوێم لێی نیە. هاوار ئەکا کاک کارۆخ گیان... کاکە گیان ئەرێ دەنگم یێ؟ ئەڵێم بەڵێ دێ. ئەوسا ئەڵێ کوڕە قسەی خۆش خۆشە و با ون نەبێ، لێم گەڕێ با بۆتی بگێڕمەوە. کوڕە بە خوا باوکم بەو

**تەمەنەی خۆیەوە نەگبەتە، ئیستا ئەزانم برا چووکەکەم ئەو کێرە زلەی لە کوێوە هێناوە. لەم شەوانەدا بە بێ پرس و بە بێ ئەوەی لە دەرگا بەم خۆم بە ژووری خەوی دایکم و باوکما کرد، چی ببینم باشە... ها چی ببینم؟ بینیم باوکم لەسەر کورسییەکە رووت و قوت بە فانیلییەکەوە دانیشتووە و ئەو گەوادە کێری کە بە قەد کێرە کەرێک ئەبوو لە مشتیا بوو و خۆی بۆ دایکم حازر ئەکرد، دایکی بەسەزمانیشم کە لە سەر سیستەمەکە پاڵ کەوتبوو هێشتا دەرپێی دانەکەندبوو و، بەڵام جوان دیار بوو چاوەڕوانی باوکم بوو... بە خوا برا بە بینینی من باوکم یەک بە خۆی داچڵەکا و پێم وابێ کێری نیشتەوە و وەک بەفری پار تووایەوە... هەر نەمایەوە کە نەمایەوە. منیش ناپیاوم نەکرد و دەستبەجێ هەڵاتمە دەرەوە. جا قسەی خۆشتر بڵێ چی بێ؟ بۆ سبەی باوکم لە سەر نانی بەیانی چی بڵێ باشە؟ وتی ئەم هەتیوە کەرە ئەمشەو چاکی لێ تێک ئام و نەیهێشت دایکی بگیەم... هە هە هە... .**

**کاک کۆچەر کە لە کوردستان دێتەوە ئەنواعی چەرەسات و خواردنی گیا و شتی وشکە و دەرمانی گیا و گوڵ لە گەڵ خۆی دێنێ. ئەڵێ کاک کارۆخ گیان نەخەڵاتبێتی لە ژیانتا بە قسەی دکتۆری خوێڕی بکەی و دەرمان بخۆی، باشترین شت بۆ زەختی خوێن زەردەچێوەی تازەیە و دنکێک سیر کە هەموو شەوێک پێش خەوتن قلێکیان لێ بخۆی. ئەڵێ بەڵام نەخەڵاتبێتی چەقۆ لە سیرەکە بدەی لەبەر ئەوەی عەمەلی نامێنێ، ئەبێ بە چیلکەیەکی دیان چەند کونی تێبکەی و ئەوجا قووتی یەی. سرکەیش باشە، هەموو رۆژێک چەند کەوچک سرکە بکە پەرداخێک ئاوەوە و بیخۆرەوە، ئیتر نە شەکرە و نە زەختی خوێن چییە**

**لە ئازای ئەندامتا نامێنیٚ. ئەڵیٚ ئیتر هەر باسی ئەوە مەکە کە ئەمانە چەندە بۆ پەستاوی خوێن باشن. ئەوسا ئەلیقێتەوە و ئەڵیٚ بە خوا برا کێریش وەک بەرد لیٚ ئەکەن بۆت!**

**لە دووا سەفەریا کە کاک کۆچەر هاتەوە کەمێک پەستتر لە جاران ئەینواند. وتم چییە کاک کۆچەر بەڵابەدوور، خۆ هیچ نەقەوماوە؟ بە چاوە خەمگینەکانی سەیری کردم و، وتی وەڵڵا چی بڵێم کاک کارۆخ گیان، باوکم تەمەنی بەخشی بە تۆ و بە داخەوە کۆچی دووایی کرد و مرد. من کە بەزەییم بە سەریا ئەهاتەوە، وتم یاخوا رۆحی شادبیٚ و دوواخەمتان بێت. کاک کۆچەر کەمێک لە عەرزەکە راما و وتی بەزەییم بە دایکما یێتەوە. لە خوا بەزیابیٚ وەزعمان باشە و های لایف ئەژی، بەڵام بە خوا برا تەنیایی خراپە و باش نیە بەتایبەت لە تەمەنی پیریدا. بە خوا برا بیٚ کێری لەهەر تەمەنێکا بیٚ بەدبەختییە! ئەو هەتیوانەی برایشم کە بۆ سەرەخۆشی هەر نەگەڕانەوە. ئەڵێم کاکە گیان خوا تۆی لیٚ نەستێنیٚ ئەی ئەوە نیە تۆی هەی و، هەموو ساڵێک سەردانی ئەکەی، نا ئەوەننەیش ناشوکور مەبە ئینشاڵڵا سەلامەت بیٚ و زەلیل نەبیٚ.**

**لە دوواسەفەری کە بۆ کوردستان کردی، کتوپڕ دۆخی ئێران شێوا و خەڵک رژانە سەر شەقام. ئەمەیش بە هۆی کوشتنی کچێکی بەستەزمانی سەقزی بە ناوی ژیناوە بوو کە ببووە هۆی راپەڕینێکی گشتی لە سەرتاسەری وڵاتا. حکومەتی ئێران کە وەزعەکەی بۆ چاک نەئەبووەوە، هێرشی کردبووە سەر مەقەڕەکانی حیزبە کوردییە ئێرانییەکان لەو دیو سنووریش. ئیتر دۆخی ناوچەکە بە تەواوی شڵەژابوو. من کە رۆژ تا**

**ئێوارە گوێم بە رادیۆ و چاوم بە تەلەفزیۆن و موبایلەکەمەوە بوو، بۆ دەست خستنی هەواڵی باشتر زەنگم بۆ کاک کۆچەر لێدا.**

**کاک کۆچەر کە بە بیستنی دەنگم یەکجار خۆشحاڵ بوو، دەست بە جێ کەوتە گێڕانەوە و باسکردنی دۆخەکە. وتی وەڵڵا چی بڵێم کاک کارۆخ گیان! بە خوا برا بە سارۆخ و بە درۆن هێرشی کردووە و هیچی نەهیشتووە، گوایا هەشتا کەسی کوشتووە و بە دەیانی تریش بریندار. بە خوا برا لە شوێنێکی نزیک کەرکووکیشی داوە. کاکە گاڵتە نیە حکومەتە و ئەوانەی لای ئێوەیش بەستەزمان و داماون. ئاخر برا بڵێ تۆ کە هیچت پێ ناکرێ ئیتر بۆ وازناهێنێ... ها بۆ وازناهێنی؟ ژن و منداڵێکی زۆر ئاوارە بوون و قوڕ کراوە بە سەریانا. ئاخر کاکە بۆ واز ناهێنن؟ دەیانەوێ بیڕوخێنن و وەک لای ئێمەی لێبکەن؟! بڵێ بۆ بە دەردی خۆتان دانانیشن. جارێکە لەو ژنبازە سمێڵ حیزەی داوە و خوشک و مریشکی گاون و هیچی پێوە نەهێشتوون. خۆ دەزانێ کێ ئەڵێم؟ ئەو گەوادەی جاشی بارزانی کە هەر ژن و کچی لووسکە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و کەس لە خۆی زیاتر بە کورد نازانێ! باش نیە ناو بێنم، بەڵام ئەزانی مەبەستم کێیە. لەم وەزعەدا ناوهێنان باش نیە. ئەڵێ بە خوا برا حکومەتی ئێران بەمانە ناڕوخێ، نێرەکەرە نێرەکەر، ئەوە نیە ئەمەریکایشی خستووەتە شووشەوە و پێی رادەبوێرێ. راستی کاک کارۆخ گیان گەرماکەیشی لەوەیا نیە، ئەمساڵ هەر زۆرزۆر گەرمە. بە خوا برا ئێوارانیش زەحمەتە بچیتە دەرەوە. موبەڕیدە و شتی وایش هەمووی فشەیە، بە خوا برا ئەمجارە راناوەستم زووتر یمەوە، خۆزگەم بە خۆت برا خۆزگەم بە خۆت!**

تەلەفۆنەکە دائەخەم. کاک کۆچەر راست ئەکا. ئەمساڵ ئێرەیش هەوا گەرمە. لە راستیا دونیا لەم ساڵانەی دوواترا هەتا هاتووە گەرمتر بووە. بە خۆم ئەڵێم ئێرە باکووری زەوی وەهای لێ بەسەرهاتبێ، داخۆ ئەوێ ئەبێ چۆن بێت! وادیارە سەردەمانێک دێت کە ئاخرییەکەی هەر هەموو خەڵکی بە هەر رەگەز و نەتەوە و عێڵ و عەشرەتێکەوە لێرە لە باکوور لە قووتەی زەوی کۆئەبنەوە.

چەند مانگی تر ئەگوزەرێ. رۆژێک کاک کارۆخ تەلم بۆ ئەکا، ئەپرسێ داخۆ کاتم هەیە پێکەوە بچین پیاسەیەکی بۆ بکەین و لە شوێنێک دابنیشین و قاوەیەکی بخۆینەوە. لەگەڵ ئەوەی ئیشم هەیە و سەرم قاڵە، ئەڵێم باشە. پێم وابێ بێتاقەتی شێوەی قسەکردن و جیهانبینیی تایبەتی کاک کۆچەر بووم.

ئەو رۆژە هەوا ئەگەرچی رۆژێکی پاییزییە، بەڵام خۆشە و سروشتی رەنگاوڕەنگ سەرنج دەقۆزێتەوە. بە بینینی کاک کۆچەر بزەیەک ئەمگرێ. لەبەر خۆمەوە ئەڵێم کوڕە خۆزگەم بە خۆی، بەس نیە زۆر کۆڵی پێوە هەڵنەگرتووە!

هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیوە کە هەست ئەکەم کاک کۆچەر پەستە. بەڵام هیچ ناپرسم. ئەزانم بۆ خۆی ئەکەوێتە قسە. ئێ سیحەتت چۆنە کاک کارۆخ گیان، بە خوا برا وەڕەزیم کردبووی، دەی لەگەڵ ئیشا چۆنی ها، خۆ ئەڕوا؟ کوڕە خۆ ئەزانی نەخۆشێکی تازەمان بۆ هاتووە. ئەو رۆژە ئیشم لەگەڵا کرد. گەوا بە رووت و قووتی یێت و ئەچێ، ئاگات لێ نەبێ دەستبەجێ خۆی رووت ئەکاتەوە و گەواد کێریشی ئەڵێ لە هێستری دزیوە، ئا ئەمەندە ئەبێ هە هە هە... بەڵام ئاسان بە دەستەوە

یت، کارکردن لەگەڵیا خۆشە، گوێت لە ئەگرێ، بەستەزمانە. هەر ئەمەیش بۆ ئێمە گرینگە وا نیە کاک کارۆخ گیان؟! ئەڵێم بێگومان وایە، ئێمە کارمان بە شتی تریەوە نەداوە. بە من چی لە هێستری دزیوە!

لێرەدا کتوپڕ مەوزوعی قسەکە ئەگۆڕێ و ئەڵێ کاک کارۆخ گیان بە خوا برا، ژنەکەم لێم جیا بووەوە، بە خوا برا لەگەڵیا پیاو بووم، ئەوەی لە دەستم هات بۆم کرد، لەگەڵیشیا بەڕاستی پیاو بووم، بەنەخوێنی حەرامم نەکردەوە، بەڵام پێی نەزانی، دووای هەشتساڵی رەبەق ژیانی هاوبەش لێم جیابووەوە، ئەها بەخوا ناوەکەیشم لەسەر قۆڵم نووسیوە (کراسەکەی هەڵداوە و تاتوویێکی گەورەی پیشاندا)، ئەیچۆن من ئاوا بووم لەگەڵیا، بەڵام پێی نەزانی، بە خوا برا نە دەستم لێ بەرزکردەوە و نە لە گوڵ کاڵترم پێ وت، بەڵام ئیتر ژنە و وایە! دەی با خۆی بڕوا بزانم چی ئەکا. پێت وایە لەم وڵاتە حیز و گەوایە پیاوی وەک منی بۆ ئەدۆزرێتەوە؟ خۆت باشتر لە من ئەزانی کاک کارۆخ گیان کە لەم وڵاتە پیسە هەموو بە شوێن گاییني ژنەوەن نەک ژیانکردن لەگەڵیا. وەک پەڕۆ کۆنی لێ ئەکەن، ئەویش لەو تەمەنەی ئەوا کە ئیتر ئەوە نەماوە، دڵنیات ئەکەم پەشیمان ئەبێتەوە، ئا، ئەوەننەی پێناچێ خەفەتی من دائەگرێتەوە،... ئەیچۆن، پیاوەتی لە دوورەوە جوانتر دەرئەکەوی. لە نزیکەوە قەت قەدری نازانی.

من جگەرەیەک دائەگیرسێنم. سەیرم ئەکا و ئەڵێ نەمزانیبوو جگەرە ئەخۆی! ئەڵێم جگەرەخۆر نیم، جاروبارە ئەویش زۆر بە دەگمەن حەزم لێیەتی. ئەڵێ کاکە وازی لێ بێنە، وەک من سنووس بخۆ، باشترە. ئەو دووکەڵە حیزە باش نیە سی و میت دائەڕزێنێ، بۆنی دەمیشت ناخۆش

**ئەکا و پەستاوی خوێنت ئەباتە سەرەوە. کاکە گیان تۆ ژنت هەیە و ئەبێ ئاگات لێی بێ. ئەوسا سنووسەکەی دەردێنێ و ئەوی پێشووی ناو دەمی فڕی ئەدا و یەکی تر ئەخانە ناو دەمییەوە. دیسان لێوەکانی و شەویلکەکەکانی دەکەونەوە گەڕێکی بێ بەزەییانە،... هەتا سنووسە تازەکە جێی خۆی لە شوێنێک لە نێوان لێوی سەرەوەی و پووکەکەی ئەدۆزێتەوە. ئەیچۆن کاکە من پیاوێکی دامێن پاک بووم، یەعنی بە حەیاتم بەنەخوێنی حەرامم نەکردووتەوە و بگرە لە کاتی گەنجیەتیشما. لێی گەڕێ ئەوە چییە پیاو ئەوەننە بێ قیمەت بێ و بچێ قەحبە بگێێ! جا تخوا ئەوە پیاوەتییە، ئێ گەر ژنت دەست نەکەوت دەستی خۆت بگێێ و تەواو، رێز و حورمەتت زیاترە، ویژدانت پارێزراوترە. ئەوانەی ئەوە ئەکەن پیاو نین، گەوا و ژن حیزن! بە خوا برا ئەو کوردستانە دەیبینی پڕبووە لە قەحبە، لەهەر جۆرێکی پێت خۆش بێ دەست ئەکەون، قەحبەی ئێرانی، رووسی، عەرەب، تورک و بگرە لە چاوبچووکەکانیشی، ئەم گەوادە دایک حیزانە بە برایم خەلیل و بە دوکان و بازاڕ و شەریکە و بازرگانی و نەوت و غاز رانەوەستان و، پەنایان بردووە بۆ ناوگەڵی ئافرەتیش،... ئەیچۆن هەر خەریکی پارە کۆکردنەوەن، کوردستان پڕ بووە لە مەنها، کاکە گیان لە قەراخ جادەکان رائەوەستن، گازینۆ و باڕ هەیە، بە خوا برا ئافرەتی وای تیایە سەرت بە جوانی و بە لەش و لاری سووڕئەمێنێ، ئەڵێی حۆری بەهەشتن. کە ئەیانهێنن لە پێشا مەسئوولەکان سواریان ئەبن و ئەیانگێێن و ئەوسا نۆرەی خەڵکی یت، تەقانن سەرەتا هی خۆیانە، ئەیچۆن میللەت پاشەخۆرەیە، یەعنی هەمیشە پاشەخۆرە بووە، لە**

**کووزیشا وایە، جا ئەو خەڵکە حیزەی ئێمە فێرە، فێری گەوادیە. بە خوا برا وەهایش نیە، پارە هەیە و شوکور وەزع باشە، بەڵام ئەم سەروسەکوتانە خەڵکیان بێتاقەت کردووە. کاک کارۆخ گیان ئەمە پلانی ئەمەریکا و ئیسرائیلە ئێران و تورکیا و عێراق ئەبێ هەڵوەشێتەوە و پارچەپارچە بکرێن، ئا ئەمە پلانی ئیزرائیلی خوشک حیزەو لە بەرژەوەندیی ئەوانایە. پارچەپارچەیشی ئەکەن، ئەیبینی، ئەیچۆن بە چاوی خۆمان ئەیبینین، ئەم سەردەمە وەهایە کە پیاو زۆر شت ئەبینی، هەڵبەت نایدەنە دەستی ئەم خوشک حیزانەی ئیستا، نا نا، ئەبەد،... گرووپێکی تر ێنن، ناوی کوردستانیش ئەگۆڕن، ئەیکەن بە کوردستانیا، یان میری یان هەر شتێکی تر، بەڵام ناوەکەی ئیستا نامێنێ. ئەیچۆن کاک کارۆخ گیان! ئەبێتە شەڕ. تورکیا و ئێران و عەرەبەکان و ئیسرائیل ئەچنە شەڕێکی وێرانگەرەوە. رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاداری بە سەر پادارەوە نەهێڵن. ئەیچۆن لات وایە ئەهێڵن ئەم خوشک حیزانەی ئیستا هەر ئاوا تا ئەبەد بە ئاسانی بیخۆن؟ نا نا، ئەبەد، ئەمان بەشی خۆیان بردووە و ئیتر تەواو، ئەبێ خەڵکی تر بێن. خەڵکێک کە باشتر بەرژەوەندی ئەوان بپارێزن.**

**کاک کۆچەر کە بە بێ پرسیارکردن لە من قاوەی ئیسپرێتۆی داواکردووە، قومێک لە قاوەکەی ئەدا و ئەڵێ کاکە گیان قاوەی ئیسپرێتۆ بخۆرەوە، دەرمانی دەردی زەختی خوێنە، سووڕی خوێن زیائەکا و ئیتر بۆ سەلامەتی باشە، بە خوا برا من رۆژی چەن جار ئەیخۆمەوە، جیهازی تایبەتم بۆ کڕیوە، بەڵام هۆشت بێ لەمە زیاتر نا، زیاڕەوی باش نیە، لە هیچ شتێکا باش نیە، جا کاکە گیان من**

قەحبەگێ نیم بەخوا لەگەڵ ئەوەی لە ژنەکەم جیابوومەتەوە، بەڵام دەستم بۆ ئافرەت بە پارە نەبردووە. خۆ خوا پەکی نەخستووە، چی زۆرە ئافرەتە، قەدریشم ئەزانن، خۆ وەک ئەوەی خۆم نیە. نا، کەر بوو و نەیزانی منی لە کیس چوو. دوواتر پێی ئەزانێ و ئەوجا بە ئەژنۆکێشانیش دادی نایا، من ژنیشم دەست نەکەوێ دەستپەڕئەکەم، ئەیچۆن کاک کارۆخ گیان، ئەی خوا دەستی بۆ داوە، ها، بۆ یاویەتی؟ عەقڵیشی یاوە تا لە کاتی وەهایا شەرەف و کەرامەتی خۆت بپارێزی، ئا، دەست و ئەقڵ کە یەککەوتن دەبن بە کەرامەت نەک بە ئاودەست! لێرەدا کاک کۆچەر بزەیەک ئەنیشێتە سەر لێو و قەراخ چاوەکانی و لێم ورد ئەبێتەوە. ئەوسا ئەڵێ چۆن بووە کاک کارۆخ ها، تو خوا پێت چۆن بوو؟ ئەیچۆن کاکە ئەوەننە گێژ و وڕیش نیم، کەمێک لە دونیا ئەگەم، ئا، لە قسەیش ئەزانم. بەشەرەفم بەختم نەبوو، ئەو گەوادەی باوکم نازانم بۆ پێی نەخوێندم. زیرەک بووم لەبەر ئەمە. بە خوا برا کە زیرەک بووی باوکیشت لێ ئەبێتە دوژمن، ئیتر ئەوە شوێنی تر هەر هیچ، لە پێشمەرگایەتی ئەو مام جەلالە پیاکوژە نەیهێشت ببم بە شت. دەیزانی زیرەکم، ئەچوو خولەی مینای ئەکردە مەسئول کە ئەو ژن حیزە ئەچوو خوشکەزا و حیمایە گەنج و لووسەکانی خۆی ئەگا، دوواتریش حیمایەکانی ئەچوون ژنەکەیان ئەگایەوە. ژنەکەی قوونی بە پەنجەرەکەوە ئەنا و ئەوانیش دەی یالڵا! ئا، ئەو خوشک حیزە قوونگێ بوو. شوکور لە دووای راپەڕین تووش سەڕەتان بوو و تۆپی، ئەگینا مناڵی کەس و کار و هەموو کوردستانی ئەگا. پێم وابێ مام جەلام کە ئاگای لە هەموو شتێ بوو، هەتا راپەڕین تەحەممولی کرد و بەڵام

لەوەبەدووا ژەهرخواردووی کرد و تۆپاندی. ئیتر پێویستی پێی نەما. ئەو گەوادە پیاوکوژ بوو پیاوکوژ، لە دووای راپەڕین جەلالی گەواد دەیزانی خولەی قوونگێ حەیای دەبا و ئێرە شارە و شتی وانابێ، دەرمانداوی کرد و تۆپاندنی، دەستی خۆش بێت. بە خوا برا لە پێشمەرگایەتیش من بەنەخوێنی حەرامم نەکردەوە. ئەی کاک کارۆخ گیان چۆن شتی وا ئەبێ، ئێمە لەسە گەیەی ئەو خەڵکە فەقیر و هەژار و قوڕبەسەرە بووین و بچین کچ و ژنیشیان بگیەین!؟ نانا، شتی وانابێ، بەڵام هەبوو ئەیکرد، بە خوا برا هەبوو لەبەر ئەمە هاتبوو ببووە پیشمەرگە. هەر ئەوانەیش، ئیستاکە مەسئوولن! تێدەگەی مەسئوولن! دە تو خوا لێی گەڕێ خەڵی دوواکەوتوو و نەزان هەر بۆ گایین باشن. ئەی وانیە توخوا؟!

کاک کۆچەر نەیهێشت پارەی قاوەکان بەم. وتی جا چۆن شتی وا ئەبێ، وتی تۆ میوانی منی نەک من میوانی تۆ. بەڵگەکەیشی ئەوە بوو ئەو منی بۆ دەرەوە بانگ کردبوو، نەک من ئەو. وتم کوڕە فەرقی چییە؟ وتی نا فەرقی زۆرە، تۆ ریزی تایبەتیت هەیە و هەر ئەوەنەی ئەمڕۆ لەگەڵما بووی بۆ من زۆر و تایبەتە!

لەگەڵ کاک کۆچەر ماڵئاواییمان کرد و، هەر کامەمان بە رێی خۆماندا رۆیشتن. کاک کۆچەر خۆی بە دووکانێکا کرد. بە خۆم وت بێگومان سنووس ئەکڕێ. ئەمڕۆ سنووسێکی زۆری بە نێوان لالێو و پووکیا کردبوو.

لە سەر رێی ماڵەوە بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئاخۆ لەملاولا بە من چی بڵێ!

**ژێرنووس:**

**١ـ سنووس جۆرێکە لە جگەرە یاخود تووتنی بێ دووکەڵ کە تەنیا لە نۆرویژ و لە سوید دەستدەکەوێ و لە قوتووی بچوکدا دەیفرۆشن. شێوەی بەکارهێنانیشی وەهایە کە هەر جارەی دنکێکی بچووک دەخەنە دەمیانەوە و لە نێوان پووک و دیوی ناوەوەی لێو رایدەگرن تا بۆ خۆی بەرەبەرە دەتوێتەوەو جەزبی خوێن دەبێ. سنووس لەم دوو وڵاتە یەکجار باوەوە و، خەڵکێکی زۆر بەکاری دێنن. (نووسەر)**

## کەلاسی نۆروێژی

چەند مانگێک دەبوو دەچوومە پۆلی زمانی نۆروێژی. من کە تا رادەیەک ئینگلیزم دەزانی، لام وابوو ئەمە یارمەتیم دەدا و فێربوونی زمانی تازە، ئەویش زمانێک کە لە گرووپی زمانی رۆژئاواییدا خۆی دەبینییەوە و لە ئینگلیزی نزیک بوو، زۆر زەحمەتم نادا و دەتوانم بە ئاسانی فێری بم. بەڵام دیتم وانەبوو. زمانی نۆروێژی بەڕاستی دژوار بوو و، بەو ئاسانییە خۆی بە دەستەوە نەدەدا. بە تایبەت ئەو سێ پیتە تایبەتییەی کە تێیدا بوو و هەم گوتنی و هەم بیستن و هەم ناسینەوەی لە کاتی قسەکردندا یەکجار دژواربوو.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، دۆخەکە دەڕۆیشتە پێشەوە و کەمکەم گوێم خەریکبوو دەکرایەوە. بگرە لەوانی تر کەمێک وەزعم باشتر بوو و، ئەمە ببووە هۆی ئەوەی لە سەر کەلاس زیاتر خۆم نیشان بدەم.

لە پۆلەکە خەڵکی جۆراوجۆر دانیشتبووین. یەک عەرەب بوو، ئەوی تر پاکستانی و یەکی تر فارس و من کورد و تەنانەت پۆرتوگالی و هتد. زۆرینەیش بە ژنان بوو.

مامۆستاکەیشمان ژنێکی تەمەن نێوان چل تا پەنجا ساڵی نۆرویژیی میهرەبان بوو کە هەمیشە بزەیەکی لە سەر لێو بوو. بە کاوەخۆ قسەی دەکرد و، تا دەیتوانی هەوڵیدەدا وشە و رستەکان بە روونی و بە کاملی بەیان بکا بۆ ئەوەی رێکوپێکتر بچێتە مێشکی ئێمەوە. لە پاڵ ئەمەیشدا خانمێکی جوان و خان و مان بوو کە زۆر جار بە شێوەی هەڵسوکەوتی هەستم دەکرد حەزم لێدەکا! یان لانیکەم شتێک لە مندا ئەوی جووڵاندووە کە بەو شێوەیە سەرنجی بۆ لای من راکێشابوو. بەس من گوێم بەم بەشەی نەدەدا، لەگەڵ ئەوەی زۆر جار خەیاڵم لەگەڵی دەڕۆیشت و ئەو کاتانەم دەهێنایە بەر چاوی خۆم کە دەست لە ناو دەستی لە شەقامی 'کارل یۆهان'ی ئۆسلۆ پێکەوە خەریکی پیاسەین!

بەهەرحاڵ کات تێدەپەڕی و، فێربوونی زمانی نۆرویژی بەردەوام بوو.

بەرامبەر من لەو بەرەوە، مێز و کورسییەکان بە شێوەی نیوەدایرە چنرابوون، کچێکی پاکستانی بە جل و بەرگی تایبەت بە خۆیانەوە دانیشتبوو. لە زماندا لە هەموومان زیرەکتر بوو. ئەمەیش ئاسایی بوو. لەبەر ئەوەی پاکستانییەکان لە مێژە لەم وڵاتە بوون و بۆیە چ لە باری ئابوورییەوە و چ لە باری زمانەوە وەزعیان بە گشتی لە نەتەوەکانی تر باشتر بوو. کچە پاکستانییەکە کە تەمەنی سی ساڵ دەبوو، هەر لە یەکەم رۆژەوە نیگا و حاڵەتێکی تایبەتی بۆ من هەبوو. خاوەن سەرنجێکی میهرەبانانە و، بزەیەکی ئاشکرا و نیوەئاشکرا و هەندێ

**جاریش لێرامان و ناز و غەمزەیەکی تایبەتی. منیش پێم وابێ بە هەمان شێوە سەیرم دەکردەوە. بە خۆم گوت "وادیارە وەک ماموستاکە هەمان شت لە مندا سەرنجی ئەویشی راکێشاوە." بەڵام سەرەڕای ئەمە، وەک چۆن خەیاڵم دەچووە سەر ماموستاکەمان، خەیاڵم نەدەچووە سەر ئەو. ئەوەیکە لە گەڵیدا دەستم لە ناو دەستیدا بێت و بە ناو شەقامەکانی ئۆسلۆدا خەریکی پیاسەکردن بم. جا نازانم هی باڵاکورتییەکەی بوو، هی زۆر بۆرییەکەی بوو، هی جل و بەرگەکەی یاخود بە گشتی ئەوەیکە جارێکە من زیاتر لە هەر شتێک، گەر قسە لە سەر ژن بایە، سەرنجم لای ژنە نۆروێژییەکان بوو تا ژنانی تر. با ئەوەیش بڵێم زۆر جار هەستم دەکرد لە نێوان ماموستا و کچە پاکستانییەکەدا جۆرێک لە ململانێ لەسەر من سازببوو! لەبەر خۆمەوە دەمگوت "ئەمە ئاساییە، هیچ کەس بە قەدەر ژنان بەخیلی بە یەکتر نابەن!"**

**بەڵام تێپەڕینی زەمان پێی سەلماندم کە بزەی بەردەوامی ماموستا لە رووی میهرەبانی و بە هۆی کارەکەیەوە بوو و فڕی بە خۆشەویستی و شتی لەم بابەتەوە نەبوو، بەتایبەت کە چەندین جار بینیم لە گەڵ کوڕەکانی تر رادەوەستا و بە هەمان نیگا و بزەوە لە گەڵیان دەدوا. لێرەوە سەرنجم زیاتر چووە سەر کچە پاکستانییەکە و، بە خۆمم گوت کوڕە ئەمەیان راست دەکا!**

**ئیتر چاوچاوێنێی وەخت و ناوەخت هەروا بەردەوام بوو، بە بێ ئەوەی کەسمان لەوی تر بچێتە پێشەوە. من بە هۆی ئەو شەرمەی هەمبوو و ئەوەی کە ژنیشم هەبوو و، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ژنی رۆژهەڵاتی بوو و وەک بیستبووم وەک پاکستانی یەکجار خۆیشیان بە موسوڵمان**

دەزانی و بۆیە لەم بارەیەوە بەڕاستی خۆڕاگر بوو. جاری وابوو بە خۆیشم دەگوت بێگومان مێرددارێشە. شتێکیش لە دەروونەوە دڵنیای دەکردم کە خاوەن مێردە. دوواتریش بۆم دەرکەوت کە هەڵەم نەکردووە.

رۆژێ لە سەر کەلاس، بە هۆی ئەو دەرسەوەی کە دەمانخوێند و، باسی ئایینە جۆربەجۆرەکانی تیابوو و باسی لەوە دەکرد کە لە نۆروێژ ئایین ئازادە و کەس بەم هۆیەوە سووکایەتی بە کەس ناکا و لە راستیدا بە گوێرەی یاسا سووکایەتی مەمنووعە، مامۆستا لە یەک بە یەکمانی پرسی کە داخۆ باوەڕمان بە هیچ چەشنە ئایینێک هەیە یان نا. زۆربەی قوتابییەکان، کە تەمەنمان لە نێوان بیستەوە تا چل دەبوو، زۆر بە سۆز و شانازییەوە وەڵامیان دەدایەوە. یەک دەیگوت مەسیحیم، یەک دەیگوت، موسوڵمانم، یەک دەیگوت بوودایيم، و هتد. کە نۆرە گەیشتە من، من کە تیایا مابووم بە هەمان تین و گوڕەوە وەک ئەوانی تر وەڵام بدەمەوە یان نا، کەمێک راوەستام. بەڵام لە پڕ شتێک لە دەروونەوە هانیدام کە شەرم نەکەم و مەگەر من چیم لەوانی تر کەمترە، بە تایبەت لەم وڵاتە کە ئایین پێناسەی سەرەکی نیە و بوونی یان نەبوونی نابێتە هیچ چەشنە کێشەیەک. بۆیە بە ئارامی، بەڵام مەحکەم دەنگم هەڵبڕی کە من باوەڕم بە هیچ ئایینێک نییە! من کە قەت لە هیچ جەمعێکدا، بە تایبەت لە ناو خەڵکی نەناسیاو و بگرە ناسیاویش (جگە لە هاوڕێ کۆنەکانم) نەموێرابوو ئاوەها باس لە بێ دینی خۆم بکەم، کەمێک راوەستام و لە نیگاکانی مامۆستاکەم وردبوومەوە. مامۆستا وەک هەمیشە بزەی لە سەر لێو بوو و چاوەکانی میهرەبانی تیایا شەپۆلانی دەدا. ئەمە غیرەتی دامێ و درێژەمدایە کە تەنانەت من باوەڕم بە

**خودایش نیە. لێرەدا چاوێکم بە کەلاسەکەدا گێڕا. هیچ شتێکی وەها نەبوو کە نائاسایی بنوێنێ و، بۆیە دیسان لە درێژەی قسەکانمدا گوتم هەڵبەت من ڕێزم بۆ هەموو بیروباوەڕێک تا ئەو جێگایەی ڕێزی بیروباوەڕەکانی تر بگرێ هەیە و بۆیە کێشەم لەگەڵ هیچ ئاینێک نیە. دیارە هەموو ئەمانەم بە زمانێکی یەکجار سەقەتی نۆروێژی گوت. دیسان لە مامۆستاکەم ڕووانییەوە کە سەری دەلەقاند و دەستی لە سەر تەختەڕەشەکە (دیارە سپی بوو و نەک ڕەش و بە ماژیکیش لە سەری دەنووسی نەک گەچ)، خەریکی نووسینی شتێک بوو. قسەکانم کە تەواو بوون نیگام خۆبەخۆ چووە سەر کچە پاکستانییەکە. بینیم روخساری هەڵچووە و، بە نیگایەکی پڕ لە سەرسووڕمانەوە لە من دەڕوانێ. خۆی پێ ڕانەگیرا و بێ ئەوەی ئیزن لە مامۆستاکە بخوازێ، گوتی "مەگەر تۆ لە ئێرانەوە نەهاتووی؟" گوتم "با". بە بزەیەکەوە گوتی "دەی ئیتر تۆ موسوڵمانی!" وەڵامم دایەوە "نا نیم!" مامۆستاکە لێرەدا ڕووی کردەوە پۆلەکە و باسی لەوە کرد کە لە دونیادا ئایینی زۆر هەن و، بەڵام بە داخەوە هێشتا لە زۆر شوێن لەسەری خەڵک یەکتری دەکوژن و قسەی لەم بابەتە. کچە پاکستانییەکە هەتا کۆتایی کەلاسەکە بە پێچەوانەی جارام لێمی نەڕووانی!**

**هەر کە بوو بە پاوسە و چووینە دەرەوە، من لە دەرگای پۆلەکە نەترازابووم کە بۆ یەکەم جار کچە پاکستانییەکە ڕایگرتم و گوتی:**

**ـ گاڵتەت کرد وانیە؟ تۆ موسوڵمانی.**

**ـ نا، نیم.**

**کەمێک ڕاما. ئەوسا گوتی:**

ـ بۆ دەڵێی موسوڵمان نیت، مەگەر تۆ لە ئێرانەوە نەهاتووی؟

ـ لە ئێران خۆ هەر موسوڵمانی لێ نیە.

ـ مەگەر ناوی تۆ عەلی نیە؟

ـ با.

ـ دەی موسوڵمانی!

ـ نا، نیم.

ـ مەگەر دایک و باوکت موسوڵمان نین؟

ـ با.

بزەیەکی هاتێ و، بە دەنگێکی کراوەوە گوتی:

ـ دەی ئیتر تۆیش موسوڵمانی!

ـ نا، نیم.

لێرەدا دەستیکرد بە قسەکردن. گوتی و گوتییەوە. بێ بڕانەوە. وەک بڵێی زمانی پژابێ! ئەو کە لە هەموومان نۆرویژی باشتر دەزانی و، جاری وابوو لە خۆم دەپرسی باشە ئەم بۆ لەم کەلاسە لەگەڵ ئێمە دادەنیشێ، وەها بە پەلە و بێ راوەستان کەوتە قسەکردن ئیتر جوان لێی حاڵی نەدەبووم. ئاگام لێبوو رستەکانی پڕبوون لە "الله"، لە موحەممەد لە ئیسلام و لە شتی لەم بابەتە. نیگاکانی ئیتر ئەو نیگایانەی جاران نەمابوون. جیددی و رەق و بێڕەحم. من کە رووم نەبوو پێی بڵێم لە زۆربەی قسەکانی ناگەم، هەروا راوەستابووم و لێم دەڕوانی. قوتابییەکانی تر بە لاماندا تێدەپەڕین و، دەڕۆیشتن. چەند جارێک هەوڵمدا بچمە ناو قسەکانییەوە، بەڵام بێسوودبوو. هەر

ئەوەندە فریادەکەوتم کە پێ لە سەر ئەوە دابگرمەوە کە باوەڕمەندنەبوون بە خودا بە مانای پیاوخراپی و گەندەڵکاری نیە.

ئەو ڕۆژە دوواڕۆژی رووانینەکانی ئەو بۆ من بوو. لە ڕۆژی دوواترەوە، قەت چاوم، مەگەر بە ڕێکەوت، بە چاوانی نەکەوتەوە. بگرە ئیتر خوار و روو لە تەختەرەشەکە دادەنیشت، مەگەر ئەوەی ناچار بە نووسینی شتێک بووایە.

وەزعەکە زۆر لە لام قورس بوو. نەک لەبەر ئەوەی ئیتر سەیری نەدەکردم، نا لەبەر ئەوەی هەستم بە سووکایەتی دەکرد. گەلێک بیرەوەریی جاران لە دەروونمدا بووژابوونەوە.

تەنیا دڵخۆشیم ئەوەبوو کە بەخۆم دەگوت "ئەو سەگبابەیش وەک هەموو ئەوانی تر درۆ دەکا، ژنی مێردداره و، گەر بەڕاست موسوڵمانە ئەی ئەو چاوچاوێنێی لە چی بوو!"

**ئەفسەری ترسنۆک**

**پێش شۆڕشی ساڵی پەنجاوحەوت، خانەجیب لە گەڕەکی تاقە گۆڕستانەکەی شار دەژیا. لە خانوویەکی گڵ لە ناوەڕاستی کۆڵانێکدا کە دەچووەوە سەر کۆڵانێکی تر. خانەجیب ساڵانی ساڵ بوو بێوەژن کەوتبووەوە و، لە گەڵ تاقە کچ و تاقە کوڕەکەی دەژیا. دەڵێن مێردەکەی لە کاروان بۆ ئێراق تیاچووبوو و، وەها بێ سەروشوێن کرابوو کە کەس نەیدەزانی لە راستیدا چی بەسەرهاتبوو. یەک دەیگوت عەسکەر گرتبوویان و لە کۆپتەرەوە رێک بەسەر بارگیرەکەی خۆیدا بەریان دابووەوە، یەکی تر دەیگوت لە زیندانی ئەبوغرێب بێ سەروشوێن کراوەو و یەکی تر دەیگوت ئەمانە هەمووی درۆن و لە راستیدا لە داخی خانەجیب لە دوواکارواندا نەگەڕابووەوە، لەودیو ژنی هێنابوو و بۆخۆی لە یەکێک لە گوندەکانی سەر سنوور لێی دانیشتبوو.**

**خانەجیب ژنێکی خراپ نەبوو. ڕەق و تەق، ئەسمەر و چاوتیل بوو. لە هەموو ژنانی گەڕەک بالآبەرزتر دەینواند. کە بە ڕێگادا دەڕۆیشت کەمێک خۆی دەلەنگاندەوە و، قەتیش چارشێوی لەسەر نەدەکرد. تەنیا چارۆکەیەکی بە کۆڵدا دەدا و، لە هەموو نێرینە و مێینەیەک کە بە تەنیشتیدا تێپەڕیایە، سڵاوی دەکرد. بە هەموو منداڵ و گەنجێکی دەگوت "حەک ڕۆڵە جوانەمەرگ نەبی!" بە پیاوانی دەگوت "خوا ئیمانتان بپارێزێ!" و بە ژنانیشی دەگوت "خوا رووسپیتان کا!"**

**من لام وانیە مێردەکەی لە داخی خانەجیب سەری خۆی هەڵگرتبێ و، ڕۆیشتبێ. نا، دڵنیام بەعس گرتوویانە و کوشتوویانە. تەنیا بەو هۆکارە سادەیە کە هاتووچۆ و بازرگانیکردن بە بێ بەڵگەی یاسایی بۆ ئەو دیو سنوور یاساخە و، بڕایەوە. بەتایبەت کە ئێران و ئێراق دانیان پێکەوە نەدەکوڵی و، هەمیشە لەیەکتر تا ئەوپەڕی خۆی دڕدۆنگ و نیەت پیس بوون.**

**خانووەکەی خانەجیب دوو قات بوو. لە قاتی سەرەوە، خۆی و منداڵەکانی دەژیان و لە قاتی خوارەوە دوو مانگاکەی. قاتی سەرەوە بە گڵۆپی کارەبا رووناک دەکرایەوە، بەڵام قاتی خوارەوە بە چرامووشییەکی کز. لە نێوان دوو تەویلەکەی دەستی راست و چەپدا پلیکانەیەک سەردەکەوت لە دار و لە بەرد و قوڕ کە نەردەی پێوە نەبوو و، بۆیە لە کاتی سەرکەوتن دەبا زۆر زۆر ئاگات لە خۆت بووایە.**

**راستییەکەی ئەوە بوو شا ماوەیەک لەوە پێش هەبوونی مانگای لە شار مەمنوع کردبوو، بەڵام خانەجیب مانگاکانی پاراستبوو. وەک بڵێی شارەداری بەزەیی پیادەهاتەوە و لێدەگەڕان بە نەگبەتیی خۆی بژی و**

لەوە زیاتر سیاچارە و رۆژڕەش نەبێ. قاتی ژێرەوە هەر لەبەر ئەم هۆیە کارەبای نەبوو!

قاتی خوارەوە، بەتایبەت تەویلەکان ئەوەندە تاریک بوون کە پیاو خۆفی لێدەکردن. تەویلەکان دوو چاوی رەشی قەترانی بوون بە هەر دوو تەنیشتدا. بۆیە هەر کەس چ بە شەو و چ بەڕۆژ کە دەچوو بۆ سەردانی ماڵی خانەجیب، هەتا دەگەییە قاتی سەرەوە دڵی لەسەر هەزار لێی دەدا. کەس نەیدەوێرا سەیری راست و چەپی خۆی بکا. تەنانەت مەلای گەڕەکیش. جاری وابوو میوانەکان قاچیان هەڵدەنگوت و لەوانە بوو ملیان بشکێ. بەڵام خانەجیب قەت بەرقی بۆ قاتی خوارەوە رانەکێشا و، بۆ رێ ونکردنی خەڵکی دەیگوت بە یادی مانگاکانی چاوی هەڵنایە تەویلەکان بە رووناکی ببینێ!

راستییەکەی ئەوە بوو خانەجیب زۆر هەژار بوو و، جگە لە خێر و بێری ئەم دوو مانگایە، بە خێر و خێراتیش دەژیا. مزگەوت و پیاو ماقووڵانی گەڕەک چاویان لێبوو و، بێ بەشیان نەدەکرد. هەتا ئێرە شتێکی زۆر عەجایەب سەبارەت بە ماڵی خانەجیب بەدی نەدەکرا. تەنیا شتێک کە لە دووای بێ سەروشوێنبوونی مێردەکەی ناووناوبانگی ئەوی لە گەڕەک داخستبوو، ئەوە بوو کە دەیانگوت خانووەکەی جنۆکەی تیایە. مەبەستی هەمووشیان ئاماژە بە قاتی یەکەم یەعنی تەویلەکانی بوو. دەیانگوت خانەجیب لە راستیدا لە ترسی جنۆکەکانە ناوێرێ گڵۆپی کارەبا بۆ ئەوێ راکێشێ و، گوایا نیوەشەوێک ئەم ئاگادارکردنەوەیەی لە جنۆکەکانەوە پێ راگەیەندرابوو. دەنگۆ و هەرای هەبوونی جنۆکە لەو ماڵەدا، هەیبەتێکی تایبەتی بە

خانووەکە و بە خودی خانەجیب، نەک منداڵەکانی، بەخشیبوو و هەموو کەس بە ڕێز و ترسەوە لێیان دەڕوانی. دەیانگوت ئەوەیکە هیچ حسێبێک بۆ پیاوان ناکا، هی هاوژینی و هاوماڵی لە گەڵ جنۆکەکانە. غیرەتی خانەجیب گەڕەکاوگەڕەک دەڕۆی و، لە تەواوی شاردا دەنگی دابووەوە.

کچەکەی خانەجیب تەمەن شانزدە ساڵان بوو و، هێشتا بە شووی نەدابوو. کوڕەکەیشی تەمەنی دە ساڵان بوو و عەیب نەبێ دەیانگوت قوندەرە. یاخوا لە مەملەکەتی ئێمە کەس فەقیر و بێ پیاو نەبێ کە زۆر خێرا ئەوەی شتی خراپە پیایا هەڵدەواسن. کچەکەی خانەجیب ناوی شەهلا بوو و، یەکجار جوان و شۆخ و شەنگ بوو. هەموو کوڕی گەڕەک حەزیان لێدەکرد کەچی کەسیش نەدەچووە خوازبێنی! ئەوەندەی من بۆی دەچووم هۆکارەکەی فەقیریی خانەجیب، بێوەژنییەکەی و هەروەها جنۆکەکانی ناو خانووەکەی بوون. جا کێ سەری بە گاز گیراوە ببێ بە زاوای ماڵێ کە لە کاتی سەردانیدا دەبێ بە ناو جنۆکاندا تێپەڕێ! بێگومان کەس.

شەهلا ناز و غەمزیەکەی تایبەتیشی هەبوو. زۆر شەیتان بوو. دەچوو چارشێوی بە سەر ژێرشەڵوارییەکی تەنگ و تەسکدا لەسەر دەکرد و، لە کۆڵان دەردەکەوت. لەش و لاری کشاو و پەری ئاسا و جوانی، پیاوانی شێت دەکرد. پیاوی دەویست بتوانێ لە ئاست لەرەی بە ئاستەمی سمتەکانی چاوبترووکێنێ. ئەویش بە بزەیەکەوە شەیتانانە تێدەپەڕێ و، رووی دەکردە ماڵی ئەو دەستەخۆشکەی وا بە نیازی دیداری بوو.

**شەهلا سەرئەنجام لە گەڵ ئەفسەرێکی پادگان کە تەمەنی پانزدە ساڵێک لە خۆی گەورەتر دەبوو، نێوانی داخست و کەوتنە چاوداگرتن لە یەکتری و چاوشارکێ لە خەڵکی. رۆژی وابوو ئەفسەرەکە، کە کوردی کرماشان بوو، دەهات و لە کۆڵانی پشت مزگەوتەکە کە رووبەڕووی ماڵی خانەجیب بوو و بە سەد میترێک مەودای هەبوو، رادەوەستا و شەهلایش بە بێ سڵکردنەوە لە خەڵکی و عەیبە و شوورەیی دەچووە سەر بانیژەکەیان و بە گەرمای نیوەڕۆ دەستیان دەکرد بە ئیشارەتکردن لە یەکتری. ئەفسەرەکە بیستبوویان کە لەبەر خۆیەوە دەیگوت "داڵکم بی قوروانت!" شەهلا، بەسەر ئەو بانیژەوە، بەو ژێرشەڵوارە تەسک و کراسە قۆڵ رووتەوەی دەڵێی گوڵ بوو دەدرەشایەوە. بۆ مەگەر کەسی بە پیاو و بە بنیادەم دەزانی!**

**هەڵبەت سەرئەنجام شەهلا شووی بە ئەفسەرە کرد و، کابرای کرماشانی تارای کردە سەری و لەگەڵ خۆی بردی، بەڵام پێش ئەوەی ئەمە رووبدات، شتێک بە سەر کابرای ئەفسەردا هات کە ئەگەر بەسەر هەر کەسێکی تردا بهاتایە، قەت نەدەبوو بە زاوای خانەجیب.**

**شەوێک کە خانەجیب دەیەوێ بچێ بۆ میوانی بۆ ماڵی یەکێک لە دراوسێکانی و، وەک هەمیشە بە تەمابوو شەهلا و کوڕەکەیشی لە گەڵ خۆی ببات؛ کچەکەی خۆی دەکا بە نەخۆش و دەڵێ سەرم زۆر دێشێ و ناتوانم. خانەجیب لە دووای کەمێک شێلانی سەری کچەکەی و، پێدانی قەنداخێکی گەرم، هەوڵدەدا لەگەڵ خۆی بیبا کە دیسان بێسوود دەبێ. سەرئەنجام وازی لێدێنێ و دەڕوا.**

لە دووای ڕۆیشتنی خانەجیب و کوڕەکەی، کابرای ئەفسەر، وەک ئەو وادە و بەڵێنەی هەیانبوو خۆ بە ماڵی خانەجیبدا دەکا. لە کاتی چوونیدا، شەهلا لە حەوشە لە پشت درگاکە چاوەڕوانی دەبێ و بۆیە کاکی ئەفسەر بە بێ هیچ چەشنە موشکیلەیەک، بە چاوساخیی شەهلا قاتی یەکەم دەبڕێ و دەچێتە تەبەقەی سەرەوە. ئیتر ئەو شەوە بە کەیفی خۆیان دەبێ. ئەو شەوە کاکی ئەفسەر ئەوەندە تامەزرۆی جەستەی شەهلا و نازەکانی دەبێ کە بە هیچ کلۆجێک هەست بە بۆنی شیاکەی ناو خانووەکە ناکا. بەڵام نەگبەتییەکەیان لەوەدا دەبێ کە خانەجیب زووتر لە هەمیشە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە و، ئەمە سەر لە شەهلا و ئەفسەری پادگان دەشێوێنێ. چی بکەن چی نەکەن، شەهلا بە پڕتاو ئاشقی دڵباختەی خۆی دەکا بە تەویلەی دەستی چەپدا و دەرگای لەسەر پێوەدەدا. پێیشی دەڵێ هەر دایکم وەسەرکەوت، تۆ بە ئەسپایی بۆی دەرچۆ!

خانەجیب کە بە هۆی نەخۆشیی کتوپڕی کوڕەکەی گەڕابووەوە و، لای خۆیشی هۆکارەکەی بۆ نەخۆشیی کچەکەی گێڕابووەوە کەمێک هەست بە نامۆیی وەزعی ناو ماڵەکەدا دەکا. قژی ئاڵۆزکاوی کچەکەیشی ئەوەندەی تر دڕدۆنگی دەکا. ڕاستییەکەی ئەوە بوو بۆنی شیاکەی مانگا نەیتوانیبوو بە جوانی بۆنی ئەو عەترەی کاکی ئەفسەر لە خۆی دابوو، وننکا؛ بەڵام خانەجیب ئەوەندە سەرقاڵی کورەکەی دەبێ کە زۆر خێرا لە بیری دەچێتەوە. لە پاش قەنداوگرتنەوەیەک بۆ ئەویش و شێلانی شان و پیلی، بە دەم ڕاخستنی جێگاوە کتوپڕ لە قاتی ژێرەوە دەبێ بە قیژوقاو و هەراهەرایەکی عەجیب. یەک بە خۆی هاوار دەکا و دەنەڕێنێ

**و زرپە زرپ هەڵدێتە دەرەوە. بە دەم راکردنەوە هاواردەکا ئەی هاوار فریامکەون... ئەی هاوار!**

**دراوسێکان کەس فریای بینینی نەکەوتن. تەنیا کۆڵانێک واوەتر، دوو کەس بەو شەوە درەنگانە ئەفسەرێکی شارەبانیان دیتبوو کە هەڵدەهات و ئاوڕی لە دووای خۆی نەدەدایەوە.**

**خەڵکی ئەمە وەک بەڵگەیەک بۆ بوونی جنۆکە لە ماڵی خانەجیب دەهێننەوە، هەرچەند کاکی ئاشق لە کاتی راکردندا بە هیچ کلۆجێک ناوی لە جنۆکە نەهێنابوو.**

**لە دووای سەرکەوتنی شۆرش، زۆر کەس باسیان لە باوبوونی خورافە و شتی لەم بابەتانەیان لە سەردەمی شادا دەکرد. ئەوەی کە شا بە ئەنقەست ئەم شتانەی بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی هەر بە پاشکەوتوویی بێڵێتەوە. مامم کە ببووە شۆڕشگێر و بەتوندی لە دژی دوواکەوتوویی و ئایین بوو، کاتێک باسی رووداوەکەی ئەو شەوەی ماڵی خانەجیب دەکرایەوە، دەیگوت: "جنۆکەی چی و شتی چی! ئەو بەستەزمانە ئەو شەوە لەو ژێرخانە تاریکەدا چاوی هیچی نەبینیوە و بێگومان مانگاکە لێی نزیک کەوتووەتەوە و هیچ نەبێ بە بێ سرتە زمانێکی لێداوە!"**

**من پێم وایە مامم راستدەکا. بەڵام لە بیرم دێ دەیانگوت هاوکارەکانی لە پادگان بە کابرای ئەفسەریان گوتبوو ئاگات لە خۆت بێت دەڵێن ئەو ماڵە جنۆکەی تیایە.**

**دەنگی شەقام**

**دەنگی دروشمدان دێتەوە گوێ. سەحەر کە تەمەنی هەشت ساڵانە، پەردەی پەنجەرەکە لە قاتی دووهەم لادەدات و، سەیری دەرەوە دەکا. باوەگەورەی بە دەنگی نووساوی خۆی دەنگی دەدا کە "دایدەوە، دایدەوە،... بۆ لای ئەدەی... دەی یاڵڵا!" ئەوسا پاڵدەداتەوە و چاوە کزۆڵەکانی پشتی چاویلکە ئەستوورەکەی دەقونجێنێ. بە دەستی راستیشی سەمعەکەی ناو گوێچکەیشی کەمێک رێک و پێک دەکا.**

سەحەر زۆر پەلەی نیە، لەگەڵ ئەوەی نیگاکانی بە وردی و بە جوانی بە سەر دیمەنەکەی دەرەوە کە کۆمەڵێک گەنجی زۆرن و خەریکی شوعاردانن، دەگێڕێ؛ ئارام ئارام وەها کە هەموو دیمەنەکە بە کتوپڕی لەدەستنەدا پەردەکە دادەداتەوە. هەستدەکا شێوەی کەسێکی ئاشنا لە پشتەوە سەرنجی رادەکێشێ، بەڵام دیمەنەکە ئەوەندە خێرایە فریاناکەوێ بزانێ کێیە. بە بێ وازی دەکشێتەوە. دایکی سەحەر دەنگ هەڵدەبڕێ:

- دیسان دەستی پێکردەوە، بە خوا برا ئەم جەوانانە نەترسن، خوا رەحمیان پێ بکا، ئەوا چەن هەفتەیە ئەمە هەیە و هەر وازناهێنن، ئەو پیاوکوژانەیش بەتەما نین بکشێنەوە!

باوکی سەحەر لە ژووری خەوتنەکە بە قژی ئاڵۆزکاوەوە دێتە دەرەوە، خۆی دەکێشێتەوە و دەڵێ:

- خۆ ناهێڵن بە رۆژی تەعتیلیش کەمێک ئیسراحەت بکەین!

دایکی سەحەر چاو لە مێردەکەی خواردەکاتەوە و، دەڵێ:

- ئەم قسانە چییە! لە جیاتی ئەوەی بڵێی خوا پشت و پەنایان بێ و بەسەر لەشکری زاڵما سەریانخا، جارێکە خەمی ئیسراحەتی خۆت ئەخۆی!

- سەد جار وتوومە لەشکری زاڵم بەم شێوەیە نابەزێ و، لە ناونابرێ. هەموو شتێک شێوازی خۆی هەیە. بە سایەقەیان بم گەنجی ئەم سەردەمە راستە ئازان، بەڵام بێ مێشکن و نازانن چیان ئەوێ. خۆ بە هەراهەرا و توورەیی و بەگژاچوونەوەی رووت شت نابێ. کردە بیری لە پشت نەبێ، نابێ... نا... نابێ.

**لە دەرەوە دەنگەکان بەردەوامن: "ژن ژیان ئازادی،... بڕوخێ دیکتاتۆر،... ئازادی ئازادی ئاااازادی ی... "دەنگی وڕە وڕی ماشینێک کە بە خێرایی تێدەپەڕێ، تێکەڵ بە دروشمەکان دەبێ. سەحەر کە حەزدەکا بزانێ چ خەبەرە، لە پەنجەرەکە نزیک دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی باوەگەورە بەردەوام چاوی قونجاندووە و پاڵی لێداوەتەوە، ناوێرێ پەردەکە لابدا.**

**دایکی سەحەر دەڵێ:**

**- ئەی خۆت کەمت کرد، ئەی ئێوە کە بیرتان هەبوو بۆ هیچتان پێنەکرا... ها؟ بۆ ئیستا ئیتر لێیان نارازیت! مەگەر خەوت بەم وەزعەوە نەئەبینی! لە کەیەوە قسە بەم دەسەڵاتە ئەڵێی و ئیستاکە کە خەریکە شتێک ئەبێ بە گژایانا ئەچیتەوە! بە خوا برا لەسەر هیچ دین و ئیمانێک نیت. هەر خۆتان پێ شتە!**

**- ئەیچۆن، کەمم نەکرد، پێنج ساڵ لە زیندانا بووم،... لە کار دەریان کردم، بەڵام ئێمە خاوەن فکر بووین، ئیدیۆلۆژیمان هەبوو، بۆ هەموو شتێک جوابمان پێبوو، ئەمانزانی خەریکی چین،... بەڵام ئەم نەسڵەی ئیستا خۆشیان نازانن چییان ئەوێ، هەر ئەقیرێنن،... ئاگایان لە هیچ بیروباوەڕێک نیە.**

**- نەوەڵلا وا نیە، جوان جوان ئەزانن چییان ئەوێ، بەڵام لە داخی ئەوەی ئێوە بە هیچ نازانن وا تووڕەیت و پشتیان تێئەکەی! ناحەقیشیان نیە، هیچتان پێنەکرا و ئیستا بەریش بەوان ئەگرن بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک خۆتان فەشەل بێنن!**

**ـ پێمان نەکرا چونکە ئەوان پشتیان تێکردین،... نەوەکانی داهاتوو پشتیان تێکردین،... ئەیچۆن! نەوە لە دووای نەوە... تازە بۆ پێمان نەکرا؟ مەگەر ئەمەی ئیستا بەرهەمی کار و ماندووبوون و فیداکاری ئێمە نیە! ها، نیە؟... بێگومان هەیە. راستی کەس مافی ئەوەی نیە درگا بکاتەوە و بچێتەدەرەوە. نەیلێمەوە!**

**ـ تو خوا فشەفش!، خەوتنەکەت جوانە! ئاخر کێ لەم رۆژگارەیا تا نیوەڕۆ ئەخەوێ!**

**لێرەدا باوەگەورە بە نوزەنوز هەڵیدایەوە:**

**ـ سەر رووت دیسان خەریکە لێمان ئەشێوێننەوە،... ئەی لە بیرتان نایە ئەو ساڵە چییان کرد و چۆن قوڕیان کرد بە سەر عالەما! دیسان ملیان بەر رێگا یاوەتەوە،... وڵاتێک ژنی بێ لەچکە و جەوانی سەر رووت پێشی بکەون و، بیانەوێ لەچکە و چارشێو لەسەر ژنان لابەن خوا عاقیبەتی بە خێربگێڕێ!...**

**دایکی سەحەر لە خەزووری دەڕووانێ و، بەڵام هیچی ناڵێ. خەزووری درێژەی دایە:**

**ـ بەڕەڵلایی... بەڕەڵلاییان ئەوێ،... حوجب و حویا هەڵگیراوە،... خوا بە گەورەیی خۆی رەحم بکا!**

**ژاوەژاوی دەرەوە هەتا دەهات پەرەی دەسەند. باوکی سەحەر باوێشکێکی دا و، چوو بۆ توالێت. دایکی سەحەر لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی نزم بۆڵاندی:**

**ـ خوا بتانگرێ بۆ ئەقڵتان! کوڕ و کچی خەڵکی خەریکە ئەکوژرێن و، ئەمانیش لە بیری چییان!**

سەحەر کە ئێستاکە فکری روون ببووەوە و، دڵنیابوو ئەوەی لە دوواوە بینیبووی 'پەیمان'ی برایەتی، هەڵیدایە:

ـ دایکە ئەتوانم بچمە دەرەوە؟ مەبەستم ئەوەیە لە پشت درگای دەرەوە بە حاڵ ئەیکەمەوەو سەیر ئەکەم، دڵنیابە ئاگام لە خۆم ئەبێ!

دایکی لێی دەڕوانێ:

ـ نا پێویست ناکا، هێشتا مناڵی رۆڵە!

سەحەر راوەستا. مابووەوە کە داخۆ بە دایکی بڵێ براکەی لەوێ لە دەرەوە لە سەر شەقام خەریکی خۆپیشاندانە، یان نا. دەیزانی گەر باوکی بزانێ شێت و هار دەبێ.

باوەگەورە بە قنەوە پرخەی دێت. سەحەر هەلەکە دەقۆزێتەوە، پەردەکە لادەداتەوە و لە دەرەوە دەڕوانێتەوە. هەر چی چاودەگێڕێ، رواڵەتە ئاشناکە نابینێتەوە. زیاتر دەڕوانێ و لە حەشیمەتەکە وردەبێتەوە. پۆلیسەکان لەو سەری جادەن، هوروژم دەبەن. گەنجەکانیش لەم سەرەوە رێک لە بەر دەم ماڵی ئەمانەوە دروشم دەدەن و بەرد لە پۆلیسەکان دەگرن. کتوپڕ دەنگی تەقە دێت. سەحەر دەترسێ و پەردەکە دادەداتەوە. دایکی هاواری لێدەکا بێتە دوواوە. باوەگەورە کە داچڵەکاوە، بە دەنگێک کە لە نێوان قیڕە و بۆڵاندندایە دێتە دەنگ کە "عەمرت نەمێنێ رۆڵە! مەگەر نەموت پەردەکە دایەوە!"

دایکی سەحەر مۆڕەیەکی لێدەکا. ئەو مۆڕەیەی چاوە کزەکانی پشت چاویلکە ئەستوورەکە ناتوانێ بیانبینێ. لێرەدا باوکی سەحەر بە پەلە لە ئاودەست دێتەدەرەوە. هاواردەکا "ئەوە چی بوو؟"

دایکی سەحەر بە پەنجەکانی کوڵمی خۆی دەگرێ و، دەنگ هەڵدێنێ:

- چی چی بوو... مەعلوومە،... خەریکی کووشتنی منالّی خەلّکین! حەک بە ئاگری جەحەننەم تەفروتونا بن زالّمینە!
باوکی سەحەر هەلّەشەیە،... چەند هەنگاو بەرەو پێش دەنێ و، ئەوسا رادەوەستێ:
- خۆ ئاگات لە کوڕەکە هەیە؟
- ئەی بۆ خۆت نەتناردووە بۆ مالّی خالّت لە دێ، حەتمەن هەر لەوێیە، ئەی لە کوێیە!؟
- زەنگت بۆ داوە... قسەت لەگەلّ کردووە؟
- دوێنێ بۆخۆی زەنگی دا، تازە ئەی بۆ خۆت زەنگی بۆ نادەی؟
- پێویست ناکا... بۆ خۆم بەسرپێرێ قسەم لەگەلّ کرد.
دەنگی تەقە کتوپڕ وەها زۆر دەبێ کە دارو بەرد دێنێتە لەرزین. سەحەر دەقیژێنێ و، خۆی دەهاوێتە باوەشی دایکی. دایکی و هەموو خێزان، جگە لە باوەگەورە کە بەردەوام دانیشتووە، بە پەلە دادەنیشنە سەر عەرز و سەریان کزدەگرن. دایکی سەحەر سەری کچەکەی بە خۆیەوە دەگووشێ. لە دەرەوە دەنگی دروشمدان و قیژەقیژ و تەقە وەها تێکەلّدەبن کە لێکناکرێنەوە. کتوپڕ بێدەنگییەکی سەیر زالّدەبێ. دایکی سەحەر بە کاوەخۆ لە پەنجەرەکە نزیک دەکەوێتەوە. باوکی سەحەر هاواردەکا:
- هیوادارم بێگوێیمان نەکا و هەر لەوێ بێ، هاوڕێکانی کە هەر هەموویان لێرە لە سەر جادەن.
دایکی سەحەر بە ئاستەم پەردەکە لادەدا. جگە لە چەند کەسێک کە لەسەر جادەکە بە شێوەیەکی سەیر پالّکەتوون، شەقام چۆلّە! بەلایەوە

سەیردەبێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ "باشە ئەم حەشاماتە چییان لێهات بۆ کوێ چوون!" نیگای دەچێتەوە سەر کەسە راکشاوەکان، ئەوسا دەبینێ یەکیان تل دەدا و لە تەنیشت کەلەکەیەوە سەر عەرزەکە تەڕە. خوێن! دایکی سەحەر دەقیژێنێ "ئەی هاوار خوایە گیان ئەی هاوار!" هەر لەم ساتەدا وەک بڵێی لە عەرزەوە هەڵقولێن، کتوپڕ خیابان پڕدەبێتەوە لە خەڵک! دایکی سەحەر کە نازانێ ئەم خەڵکە دیسان لە کوێوە هەڵقوڵاونەوە، ئاگای لە هیچ نامێنێ. باوکی سەحەر خۆی دەگەیەنێ. لە کۆڵانەکانەوە بەردەوام خەڵک هوروژم دێننەوە. چەکدارەکان دەکشێنەوە و هاوکات بەردەوام تەقە لە ئاسمان و لە رووبەڕووی خۆیان دەکەنەوە. دیسان خەڵک دەکشێنەوە. باوکی سەحەر هاواردەکا:

ـ نەموت لێی نازانن!... ئاخر بە دەستی بەتاڵ چۆن ئەبێ بە گژ دوژمن چەک بەدەستا بچیتەوە...!

لەو هەراهەرا و هاتوهاوارەدا دەڵێی کەسێک لە دەرگا دەدا. گوێ شلدەکەن. نا، دەنگ نایەت... بەڵام دایکی سەحەر هەڵدێتەوە خوارەوە. مێردەکەی هاواردەکا "نەیکەیتەوە!" خەزووری سەر وەردەگێڕێ و دەڵێ "درگا لەو سەر رووتانە نەکەنەوە!" سەحەر بە شوێن دایکیا رادەکاتە خوارەوە.

دەرگای دەرەوە کە نیوەی زیاتری لە شووشەی لێڵە و تەلبەندی پێوەیە، لەو دیویەوە دەڵێی سێبەرێک خەریکە پیایا هەڵدەزنێ. چەند پەڵەیەک لێرە و لەوێ شووشەکەیان چڵکن کردووە. دایکی سەحەر سەرەتا دڕدۆنگە، بەڵام زۆر خێرا بەسەر خۆیدا زاڵدەبێ و بەپەلە درگاکە دەکاتەوە. لەو دیو لەسەر شۆستەی بەر ماڵەکەیان جەستەیەکی

گرمۆڵە کەوتووە و، لە خوێنی خۆی گەوزاوە. دایکی سەحەر سەرەتا نایناسێتەوە، بەڵام قیژەیەکی سامناک لە گەروویەوە وەها گەڕەک دەهاژێنێ کە باوەگەورەی کە لەسەرەوە خەریکی خاوێنکردنەوەی عەینەکەکەیەتی، چاویلکەکەی لەدەست بەردەبێتەوە.

'پەیمان' کە دەمەوڕوو کەوتووە، چەند چرکەساتێکە نیگاکانی لەسەر قەراغی بنجۆکەی قەراخ شەقامەکە بە بێ جووڵە قەتیس ماون.

دەنگی تەقە ئیتر وەک تاوێ لەوە پیش نیە کە دەڵێی لە دەروونی تۆوە دەست بە پەلەپیتکەکەیدا دەنرا و فیشەکەکانی دەردەچوون،... نا، ئیستا وەک دەنگێکی دوورە کە دڵ زۆر ناهەژێنێ. پۆلیس و حەشیمەتەکە بەرەو کۆڵانەکانی پشتەوە کشاون. سەحەر کە لە پشت دایکییەوە راوەستاوە، تەنیا لە دیمەنەکەی بەردەمی دەڕوانێ و بەس. لە قاتی خوارەوە دونیا چەند سەیرتر دەنوێنێ!

**اوکراین مرد**

**"آنچه مورد علاقه من است کشفیات پوچی نیست، بلکه نتایج آنهاست."**
**آلبرت کامو**

**امروز اوکراین مرد. یا شاید دیروز، نمی دانم. تلگرامی بود که از خانه سالمندان به دستم رسید. در آن نوشته شدەبود: "اوکراین مرد. مراسم خاکسپاری فردا. با احترام" هیچ تاریخی روی آن نوشته دیدەنمی شود. شاید دیروز بود.**

**از اینجا تا کیف چهار ساعت راه است. برای رئیسم ماجرا را تعریف می کنم. رئیس اگرچه می داند موضوع مهمی است و من باید در مراسم تشیع جنازه حضور داشته‌باشم، اما سرانجام با چهره‌ای اخمو و ناراضی می پذیرد به من تنها یک روز مرخصی بدهد. و من روز بعد باید هشت ساعت در اتوبوس باشم. بی تردید نصف شب فردا به خانه بازخواهم گشت، و فردای بعد از آن هنوز با تنی خسته و سری گیج باید به سر کارم بروم. اما مهم نیست.**

**به کیف می رسم. شهر حال و هوای عجیبی دارد. انگار سالهاست خلوت شده‌است. جوانان نیستند. تنها اینجا و آنجا سالمندانی را می بینم که با عصا از خیابان می گذرند. و نگاهشان می گوید که انگار قرار است لحظاتی دیگر بمیرند. سوار اتوبوسی می شوم و به خانه سالمندان می روم. راننده می گوید این آخرین سرویسی است که او می راند، و من بدون اینکه چیزی بگویم تنها به آپارتمانهای بزرگی نگاه می کنم که انگار در آتش سوخته‌اند. نمی دانم.**

**و به خانه سالمندان که می رسم، مرد ریشوئی با تی شرت سبزی به پیشوازم می آید. مردی چهل و چند ساله با چشمانی انگار نگران و یا شاید سرد. نمی دانم. می گوید اوکراین دیروز مرد، و حالا در تابوت چوبی خود دراز کشیده‌است. می پرسد اگرچه در تابوت را با میخ محکم بسته‌اند اما اگر من بخواهم او می تواند آن را باز کرده و بعنوان آخرین دیدار نعش را ببینم. جواب من منفیست. و چهار زن و مرد پیر را می بینم که در گوشه‌ای از سالن سفید رنگ که در مهی ناگهانی فرورفته‌است، نشسته‌اند. و مرد ریشو می گوید که آن یکی که طرف**

راست نشسته با اوکراین در رابطه عاشقانه بوده. می گوید فکر می کند به احتمال زیاد همدیگر را دوست داشته‌اند! و من به مرد خیره می شوم. او لباسی بر تن دارد با خطوط موازی قرمز و سفید، و بیشمار ستارگان که عمدتا پائین تنه‌اش را پوشانیده‌اند. و مرد هم به من خیره می شود. شاید پیش خود می گوید که اگر اوکراین زنده‌بود من می توانستم روزی به او و معشوقش سری بزنم. و او با من دست بدهد و با غروری خاص بگوید که پدر ناتنی من است. اما مرد نمی جنبد. او همانجا به زمین و به من خیره می شود. شاید به چیزی هم خیره نمی شود. نمی دانم.

و اوکراین را خاک می کنیم. من همانطور به گور خیره می شوم. با خاک سیاهی که انگار فلسفه نهائی وجود است. مرد ریشو چیزی می خواند. کشیش کهنسالی هم جملاتی می گوید. و پدر ناتنی من انگار گریه می کند. نمی دانم.

و همان شب به خانه بر می گردم. فردا سر کار، همانطور که پیش بینی کرده‌بودم سرم گیج می رود. شاید هم نه،... نمی دانم.

و عصر کسی تلفن می زند. صدای زنانه آشنائی می گوید همان کافه قدیمی، می آیی؟ و من با اینکه نمی دانم کدامیک است که زنگ می زند، به همان کافه می روم. و او هی می گوید و می نوشد و می خندد. و من به چاک سینه هوس انگیزش که پیداست نگاه می کنم. و او هی می خندد. و شب شاید با او به رختخواب رفته‌بودم. نمی دانم.

و فردای همان شب که روز تعطیلی است، دو نفر در خیابان دعوا می کنند. یکی از آنها دیگری را آنقدر می زند که من دلم می سوزد. شاید هم نسوخته‌بود. نمی دانم. و می گویند که من بعنوان تنها کس میان

جمعیتی که بدور آنها جمع شده‌بودند، در دعوا دخالت کرده‌بودم. می گویند و بسیار بی رحمانه با چاقوئی آن مرد خشن را زده‌بودم. با ضربات متعدد. نمی دانم.
در محکمه‌ای که برپا می شود، از سالمندانی که در خیابانهای کیف راه می رفتند گرفته، تا راننده اتوبوس، مرد ریشو، پدر ناتنی و زنی که احتمالا با او همبستر شده‌بودم، از سردی و بی توجهی من گفتند. از اینکه من نه مرگ اوکراین برایم مهم بوده، نه سخنان راننده، نه ناز و عشوه هوس آلود زنی که با او به رختخواب رفته‌بودم و نه غم سنگین مردی با خطوط موازی سفید و قرمز و ستارگانی بی شمار در پائین تنه. نمی دانم.
و شبی که فردایش ساعت چهار قرار بود اعدام شوم، کشیشی می آید و از رستگاری می گوید. از اینکه هنوز فرصتی هست تا قبل از مرگ گناهان را شست. و من آن نصف شب سیاه، در سکوت سنگین سلول به کشیش خیره می شوم. و می گویم "گناه،... گناهان!؟"
و او ندا بر می آورد که "ابلیس،... وای ابلیس!". و شاید هم هیچی نگفت.
و طناب دار، سرد و زمخت و سخت است. و آن بالا هنگامیکه آخرین نفسها راه خود را لجوجانه می جویند، فکر می کنم شاید اوکراین نمرده‌است و آن تلگرام دروغ بوده‌است.
نمی دانم.

**بر فراز هیمالایا**

**'دالایی لاما' در حال نوشیدن چایی بود که خبر حمله روسیه به اوکراین را شنید. با شنیدن خبر، لیوان نوشیدنی سحرآمیزش را که از گیاهان وحشی بلندی های تبت تهیه شدەبود با سرعت خاصی روی میز زد (گذاشت) و مثل یک بچه شروع به گریەکرد. پوتین که کنار پنجرەای بر بلندای کوههای هیمالایا، جائی که معابد بودائی قرار داشتند،**

نشستەبود و به دوردستها نگاه می کرد، دوردستهائی که در آنها ابرها بتدریج متراکم می شدند، با تبسمی برگشت و گفت "آروم باش رفیق! روحیه قوی مهمترین خصلت زندگیست." و جو بایدن هم که با ورقەهای روی یک میز کنار دیوار که در قسمت نسبتا تاریک اتاق قرارداشتند، ور می رفت، بدون هیچ حرکت خاص فیزیکی و البته با اضطراب ویژەای گفت "چیزی نمیشه عزیز! باید آینده رو دید... حالا اثبات می کنم."

و دالای لاما هی گریه کرد. ناگهان پرندگان بسیاری از آسمان و از کوهپایەهای اطراف به پرواز درآمدند، به دور خانه جمع شدند و شروع به چرخیدن کردند. پوتین که پرواز پرندگان مانع دیدش شدەبود، غرزد که این چه وضعیه! بایدن که بواسطه پرواز، گوشه اتاق تاریکتر شدەبود و برای همین وررفتن با کاغذها برایش مشکل تر، نالید که نه اینجوری نمیشه! دالای لاما هم که حضور پرندگان را از طریق حس ششم (یعنی گوشه چشمانش) دریافتەبود، ناگهان از گریه دست کشید، سرش را بلندکرد و تبسمی تلخ بر لبانش ظاهر شد،... با خود گفت "شاید صلح دوباره بازگردد!"

و پرندگان هی چرخ زدند و هی چرخ زدند. باد بالهایشان، ابرهای دوردست را از افقها روبید، و جائی در کوههای سر به فلک کشیده، شرق آسمان رنگین شد. پوتین با عصبیت از روی صندلی اش بلند شد،

و گفت "جهان جای آدمهای بزرگ و رویاهای بزرگه!" بایدن که او هم عصبی شدەبود، در حالیکه لحن صدایش مرتعش بود و می لرزید، گفت "نه، اینگونه نیست،... سند رو که پیدا کردم حتما نشونت خواهم داد که اینگونه نیست،... دنیا جای شرکتهای بزرگ و معاملات بزرگه، البته با کمکی حقوق بشر هم... تو باید یک بار برای همیشه اینو درک کنی!" پوتین سرش را به نشانه تمسخر چرخاند و گفت "مدعی رو ببین!"

نگاه دالائی لاما که از پنجره به پرواز بیشمار پرندگان بود، از روی پوتین به سمت بایدن چرخید و گفت "لطفا برای یک بار هم که شده بیرونو نگاه کنید، پرندگانو می گم..."

پوتین با نگاه تمسخرآمیزی جواب داد که "من که داشتم نگاه می کردم،... آره نگاه می کردم... به افقهای دوردست و به ابرهائی که می تونن جهان رو با بارش خود دگرگون کنن... و به وجد بیارن..." بایدن که ناگهان با دیدن یک کاغذ به شور آمدەبود، و اما ناگهان به علتی شورش دوباره فرونشستەبود، گفت "از بکاربردن استعارات و جملات قدیمی و احمقانه دست بردارید. جهان حالا براحتی روی یک میز قرار می گیره،... اما من به تو نشون خواهم داد که جهان جای ارقام بزرگ پولیست،... آره سودهای سرشار. و تو احمق به جنگی که به راه

انداختەای این منطقو به هم زدەای،... آیا هیچ می فهمی که روزانه کشورها چه ضررهائی باید متحمل شن،... ها میدونی مردیکه نکبت!؟"

پوتین که حالا در کنار دالائی لاما قرار گرفتەبود، و دست بر سر و شانەهایش می کشید، نالید که "عالیجناب سرخپوش ما! خواهشا به صفوف ما بپیوند! از لجبازی با چین، کشور بزرگ همسایه و دوست ما دست بردار،... این دشمنی هیچ نفعی به حال تو و ملتت نخواهدداشت،... آره به ما بپیوند، آینده در دستان ماست. به حرفهای اون پیر خرفت هم گوش نده،... ما جهان را دوباره خواهیم ساخت، آری خواهیم ساخت،... ما دوباره جهان را از روی میز برداشته و به جایگاه واقعی خودش که همان بیرون است بر خواهیم گرداند... به من اعتماد کن دوست عبا بلند کلەطاس ما!" و خندید.

و بایدن از اینکه می بایست یک بار دیگر همه اعداد و ارقامی را که قبلا جمع کردەبود، و حالا گمش کردەبود دوباره جمع بزند، غرید که خوشبختانه با کامپیوتر و یا موبیلی که حالا بعلت پیشرفتهای تکنولوژیک جهان غرب در دسترس است، جمع کردن دوباره اعداد و ارقام کار سادەای است و طولی نمی کشد که با دادن فاکت غیرقابل رد، سخنان متوهمانه پوتین را رد خواهدکرد.

ناگهان در اتاق سکوت ناخواستەای برقرار شد. و این فرصتی داد تا گذشته برگردد. پرواز پرندگان در بیرون دالایی لاما را به یاد دوران بچگی خودش انداخت که چوپان برەها بود و در کوهها و درەها، به کام، روزگار می گذرانید. و فکر اینکه انفجار یک بمب اتم، نه فقط همه این کوهها و پرندگان و افق دوردست را، بلکه کل خاطرات او را هم با خود ببرد چنان مو بر اندامش سیخ کرد که دوباره زیر گریه زد.

پوتین که این بار خیلی عصبانی شدەبود، گفت "نه، مثل اینکه این احمق نمی خاد بفهمه که با درونگرائی اونم از نوع مذهبیش نمی توان به پیشواز جهان رفت و اونو ساخت، یعنی دوباره ساخت،... این احمق راست راستکی گمان کرده که بهترین شیوه زندگی بشر اونیه که خودش می بینه." بعد در حالیکه کتش را می پوشید و کیف شیک سیاهش را بر می داشت، رو به بایدن ندا سرداد که "هی با توام! جلسه ما بدون هیچ نتیجەای تموم شد، متاسفم که به جائی نرسیدیم،... پیشنهاد می کنم موقعیکه رفتی خونه بری توی زیرزمین،... البته با کفن... هه هه هه هه..."

**بایدن که انگاری چرت می زد، با شنیدن کلمه کفن از جایش پرید و گفت "به همین خیال باش، اگه گوری هم باشه با همدیگه توش خواهیم رفت، اینو مطمئن باش! اما... اما صبرکن می خوام نشونت بدهم که اشتباه می کنی."**
**بعد پاشد، و رو به دالائی لاما گفت "مرد نازنین! لطف کن به چینیها بگو که زیاد دوروبر روسها نپلکن، من این سند رو حتما نشون اونا هم خواهم داد. اونا که دیگه کاسبند و خوب می فهمن من چی می گم. آره خوب می فهمن."**

**دالایی لاما پیش خودش زمزمەکرد "با زمین مهربان باش!" بایدن که نفهمیدەبود دالایی چه می گوید، با صدای نسبتا مهربانی گفت "چی؟" اما لامای نازنین سرش را دوباره روی میز گذاشتەبود و انگار باز گریه می کرد. بایدن به سر میز بازگشت و دوباره در میان ورقەها به جستجو پرداخت. پوتین از در گذشتەبود و معلوم نبود به کدام جهنم درەای رفتەبود. شاید هنوز با پرندەها کلنجار می رفت که راه را برایش بازکنند تا بتواند به پیش فرماندەهانش بازگردد.**

**و در اینجا ناگهان دالایی لاما به یاد یکی از جملەهای معروف دیگر خودش افتادەبود که حالا ورد زبان بسیاری، از جمله مریدانش بود: "سالی یکبار به جایی برو که پیش تر هرگز در آن جا نبوده ای."**

**و با همان سرعتی که گفته خودش به یادش آمده‌بود، بلند شد و با نگاهی نافذ به بیرون و به اطرافش نگاه‌کرد. پیش خودش اندیشید که راستی پوتین بنا به نصیحت او عمل نکرده‌بود؟!**

**دالایی لاما در حالیکه با دستانش سر طاس و بی موی خود را متفکرانه مالش می داد، با صدای بلند گفت "حداقل باید می گفتم چگونه و... کجا!... آره باید می گفتم... نکنه این جانی بیرحم که دیگه اینجا نمونده تنها همین گفته منو یاد گرفته‌باشه!"**

**بایدن که صدای بلند، محکم و پر از ندامت دالایی عزیز توجه‌اش را جلب کرده‌بود، بی توجه به حال و هوای او گفت "بیا کمکم کن... بیا! اگه آن ورقه لعنتی را پیداش کنیم، هم تو زیاد بیراه نگفته‌ای و هم اون احمق هم به راحتی سر عقل میاد. بیا عزیز! جهان را رویاها و نصایح نمی سازند..."**